# هەموومان مەفتوونی جوانیین

محەمەد کوردۆ

## ڕوونکردنەوە

خوێنەری خۆشەویست ئەوەی لەم کتێبەدا دەیخوێنیتەوە، بەشێکە لەو وتارە کورتانەی گۆشەی ڕاز و نیاز کە گۆشەیەکی هەفتانەیە و لە کوردستانی نوێ-دا بڵاو دەبێتەوە. من هەر لە سەرەتای ئەو گۆشەیەوە بیرم لەوە کردەوە زۆرترین وتارەکان بە هەناسەی کتێب بنووسم، مەبەستم ئەوەیە کەمتر قسە و باسی ڕۆژ بن، کەمتر وتاری ڕۆژنامەوانی بن کە تەمەنیان کورتە و زۆر جار لەگەڵ خوێندنەوەیاندا دەمرن. بێگومان لەو گۆشەیەدا وتاری لەو جۆرەش هەبوون و دەشبن، وەلێ من ئەو وتارانەم نەخستۆتە نێو ئەم کتێبەوە. هیوادارم توانیبێتم ئەوەی بیرم لێکردۆتەوە بە ئەنجامی بگەیەنم.

کوردۆ

## دەسپێک

گۆشەنووسین لە ڕۆژنامەنووسییدا دیاردەیەکی زۆر کۆن نییە، بەڵام زۆر تازەیش نییە، وەک (باقر داود) لە نامەی ماستەرەکەیدا: (العمود الصحفی فی الصحافه الکردیه) ڕوونی کردۆتەوە، مێژووی سەرهەڵدانی ئەم هونەرە ڕۆژنامەنووسییە، لەسەر ئاستی جیهان، مێژوویەکی ڕوون نییە، زۆر بیروڕای جیاوازی لەسەر هەیە، بەڵام تا ڕادەیەک بیروڕای زاڵ ئەوەیە کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و لە ئامێزی ڕۆژنامەنووسیی ئەمریکاییدا سەری هەڵداوە. لە ڕۆژنامەنووسیی عەرەبییشدا بۆ یەکەمین جار لە میسر و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ئەم هونەرە پەیدا بووە، لە عێراقیشدا هەن بۆ بیستەکانی سەدەی بیستەم و هەیشن بۆ چلەکانی هەمان سەدەی دەگەڕێننەوە. لە ڕۆژنامەنووسیی کوردییشدا، (پیرەمێرد) لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا گۆشەیەکی بە ناونیشانی (لەم لاو لەو لاوە) هەبووە، بەڵام بە بڕوای (مستەفا ساڵح کەریم)، ئەو گۆشەیە هەموو مەرجەکانی گۆشەی تێدا نەبووە. بەلای (مستەفا ساڵح کەریم)ەوە یەکەمین گۆشە لە ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، کە لە ساڵی 1957 و لە ڕۆژنامەی (ژین)دا گۆشەیەکی هەبووە بە ناونیشانی (لەو هەفتەوە بۆ ئەو هەفتە). من وەکو خۆم، دوای زیاتر لە چارەکە سەدەیەک لەنووسین و خوێندنەوە، ئەمە یەکەمین جارە بڕیار دەدەم گۆشەیەکی هەفتانەم هەبێت. بە بڕوای من گۆشەی ڕۆژنامەنووسیی، وەک هەر کارێکی دی، هەم لایەنی باش و هەم لایەنی خراپیشی هەیە. لە دیارترین لایەنە خراپەکانی ئەوەیە کە بەهۆی پابەندبوون بە نوسینی بەردەوامی گۆشەوە زۆرجار مرۆڤ ناچار دەبێت بۆ پڕکردنەوەی گۆشەکەی، بەنووسینی لاواز و ناشایستە ڕازی بێت. لەدیارترین لایەنە باشەکانیشی ئەوەیە مرۆڤ ناچار دەبێت بۆ تەغزییەکردنی گۆشەکەی، زیاتر بخوێنێتەوە و باشتر بەدوای ڕووداو و هەواڵ و گۆڕانکاری و شتەکانی دەوروبەریدا بڕوات. من بە نیازم لەم گۆشەیەدا زۆر ڕاز و نیازی جیاجیا تۆمار بکەم، هیوادارم بتوانم ئەوەی بیری لێ دەکەمەوە بە ئەنجامی بگەیەنم.

## هەموومان مەفتوونی جوانیین

یەکێک لە دڵنشینترین ئەو وەسفانەی تا ئێستا من لەبارەی جوانییەوە بینیوومە، ئەو ڕستە کورت و دڵبزوێنەی (بیتشر)ە کە دەڵێت ((جوانی ئیمزای خودایە)). مرۆڤ هەمیشە مەفتوونی ئەو ئیمزایەی خودایە و بەردەوام خەونی پێوە دەبینێت و بەدوایدا دەگەڕێت. جار هەیە مرۆڤ هەزاران هەزار مەتر ڕێگا دەبڕێت بۆ ئەوەی دەستی بەجوانی، یان بەجوانییەک بگات. مەرجیش نییە جوانی تەنها لە شتە گەورەکاندا هەبێت. جار هەیە سەروایەک لە شیعرێکدا هەستی جوانی لە دڵی خوێنەرێکدا دەبزوێنێت. جاریش هەیە نیگا، یان تەنانەت (نیو) نیگای کەسێک سەر هەتا دامەنی کەسێکی دیکە شەلاڵی جوانی دەکات. ڕێگاکانی گەیاندنی مرۆڤ، یان ڕاستتر ڕێگاکانی نزیکخستنەوەی مرۆڤ بە بەختەوەری و دڵخۆشی، زۆر و جۆراوجۆرن، بەلاّم زۆرینەی هەرە زۆریان بەناو جوانییدا تێدەپەڕن. مرۆڤ بەسروشت، (لە هەندێ بارودۆخی زۆر تایبەتدا نەبێت)، لە هەموو شتێکدا بەدوای جوانییدا دەگەڕێت. دەکرێت لە خۆمان بپرسین: بۆچی لەناو هەزاران هەزار کەسدا دڵمان بەکەسێکەوە پەیوەست دەبێت؟ بۆچی بەدرێژایی ژیانمان شیعر و چیرۆک و ڕۆمان دەخوێنینەوە و گوێ لە گۆرانی و مۆسیقا دەگرین و تەماشای شانۆنامە و فیلم و تابلۆ و زۆر شتی دیکە دەکەین و دواجار چەند دانەیەک لەو شتانە لە یادەوەرییماندا دەمێننەوە؟ هەڵبەت دەشێ زیاتر لە هۆکارێک بۆ ئەمە هەبێت، بەلاّم بەدڵنیاییەوە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان هەبوونی جوانییە. زۆر جار کۆمەڵگا کۆنەپارێزەکان بەهەموو هێزی خۆیانەوە خەریکی دروستکردنی بەربەست دەبن لە بەردەم مرۆڤەکاندا، کەچی کاتێک دەزانن بەربەستەکانیان لە بەردەمی جوانییدا، یان ڕاستتر لە بەردەمی تینوێتی مرۆڤەکاندا بۆ

جوانی، خۆیان بۆ ڕانەگیراوە. ڕاستە جوانی چەمکێکی زۆر فراوان و فرە لق و پۆپ و فرە ڕەهەندە و دەتوانین لە چەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە قسەی لەسەر بکەین، ئەوەش ڕاستە کە دوو مرۆڤ نین لە دنیادا ڕێک وەکو یەک لە جوانی بڕوانن، بەڵام بە بڕوای من ئەو ڕاستییانە زۆر گرنگ نین، ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە هەموومان مەفتوونی جوانیین و لە بەردەمییدا هەست بە دڵخۆشی و کامەرانی دەکەین .

**لە نێوان جوانی و خۆشەویستییدا**

ڕۆژانە لە چەندین بۆنە و کات و شوێنی جیاجیادا گوێمان لێ دەبێت کە دەڵێن فلان کەس زۆر جوانە، یان فیسار کەس زۆر ناشیرینە. بە بڕوای من کەس زۆر جوان و کەسیش زۆر ناشیرین نییە، باسی حاڵەتی زۆر تایبەت ناکەم کە لە هەموو بنەمایەکدا هەیە، ئەگینا هەر مرۆڤێک بگریت، بێگومان بەڕێژەی جیاجیا، هەم جوانی تێدایە و هەم ناشیرینی، ئەوەی کەسێکمان زۆر لا جوان دەکات و وامان لێ دەکات لە ناو هەزاران هەزار کەسدا چاوی بۆ بگێڕین و دڵمان لای بێت و هەست بکەین بەبێ ئەو دنیا چۆڵەوانییە، کەمتر جوانی ئەو کەسە و زیاتر خۆشەویستی ئێمەیە بۆ ئەو کەسە. ئەگەر جوانی کەسێک یەک جار هۆکاری خۆشەویستی ئێمە بێت بۆی، ئەوا خۆشەویستییمان دەیان جار هۆکاری جوانبوونی ئەو کەسەیە لای ئێمە. ئەوە خۆشەویستییە وا دەکات کەسێک لای ئێمە ببێت بەشاکەس و ئێمە نەتوانین نەک هەر لە ناو واقیعدا، لە ناو خەیاڵەکانیشماندا هەست بە کەسێکی دیکە بکەین

کە بتوانێت دڵ و ڕوحی ئێمە ئاوەدان بکاتەوە، ئەوە خۆشەویستییە کە وا دەکات ئێمە تا ڕادەی شێتی سەرسام بین بە جوانییەکانی کەسێک، ئەگەر خۆشەویستیمان بۆ ئەو کەسە، یان ڕاستر بۆ ئەو شاکەسە نەما، ئەوە ئیدی هێدی هێدی ئەو کەسە بەلامانەوە دەبێت بە کەسێکی ئاسایی. هێدی هێدی جوانییەکانی لای ئێمە کاڵ دەبنەوە و ناشیرینییەکانی، کە پێشتر باش نەمان بینییوە، تۆخ دەبنەوە. خەڵکی ئێمە زۆرجار نازی جوانی دەدەن بەسەر خۆشەویستییدا، بەڵام مەرج نییە کاتێ جوانی هەبوو خۆشەویستییش هەبێت، کەچی مەرجە کاتێ خۆشەویستی هەبوو جوانییش هەبێت، لێرەدا لە هەبوونی جوانی مەبەستم ئەوەیە کە خۆشەویستی هەبوو، جوانی بۆ خۆی لە دایک دەبێت. دەمەوێت کورت و پوخت بڵێم: بۆ ئەوەی بە جوانی بمێنینەوە و بتوانین پارێزگاری لە جوانیمان بکەین، بە تایبەت لای ئەو کەسەی کە بووە بە شاکەس لە ژیانی ئێمەدا، پێویستە پاریزگاری لەو خۆشەویستییە بکەین کە هۆکاری جوانبوونمانە. چونکە بەبێ هیچ گومانێک لەگەڵ نەمانی ئەو خۆشەویستییەدا ئیدی ئێمە ئەو کەسە جوانەی پێشتر نابین.

**خۆشەویستی**

زۆرجار لەخۆمان دەپرسین خۆشەویستی چییە؟ ڕەنگە هەریەکەمان وەڵامی خۆمان هەبێت بۆ ئەم پرسیارە، لەوانەشە لەهەموو کاتێکدا یەک جۆر وەڵاممان نەبێت، من لەم چرکەساتەدا ئاوا وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەمەوە: خۆشەویستی

هانابردنی مرۆڤەکانە بۆ یەکدی بۆ ئەوەی دوو دوو پشت بدەن بەپشتی یەکدییەوەو توانای بەرگەگرتنی نەهامەتییەکانی ژیان لەخۆیاندا دروستبکەن. خۆشەویستی هانا بردنی مرۆڤەکانە بۆ یەکدی تاکو لەبری ئەوەی بەدوو چاو تەماشای جوانییەکان بکەن، کە بێگومان دوو چاو بەشی بینینی جوانییەکان ناکات، بەچوار چاو تەماشا بکەن. خۆشەویستی ترسی مرۆڤەکان لەئایندەو لەتەنیایی دەکوژێت، ئەو کەسەی کە خۆشەویستی دەکات لەهەر کوێیەکی دنیا بێت تەنیا نییە، هەمیشە کەسێکی دی لەتەنیشتییەوەیە دەست بەسەر خۆزگەکانیدا دەهێنێت، ئەو کەسەی خۆشەویستی دەکات لەهەر بارودۆخێکدا بێت ترسی لەئایندە نییە، بەردەوام کەسێک پێی دەڵێت چاوەڕێمبە، بەختەوەرییت بۆ دێنم. خۆشەویستی تاکە ڕێی قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو شتانەیە کە ڕۆژگار لەمرۆڤەکانی سەندووە. خۆشەویستی سادەترین و نازەنینترین بەهانەیە بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت درێژە بەژیان بدات، ئەگەر خۆشەویستی نەبێت بیانوویەکی بەهێز نامێنێت بۆئەوەی لێرە بین، مانایەکی دڵنشین نامێنێت بۆ مانەوە لەناو ژیاندا. خۆشەویستی ئەو جەوهەرە راستەقینەیەی ژیانە کە ناهێڵێت لەناو ڕۆتینەکانی ژیاندا ون و سەرگەردان و ماڵوێران بین. بەبڕوای من بەشێکی گەورە لەتووڕەیی و شەڕانگێزی و دڵڕەقی ئێمە، بۆ ژیانی بێ خۆشەویستییمان دەگەڕێتەوە. خۆشەویستی زۆر لەوەی کە هەین میهرەبانترو لێبووردووترمان دەکات... خۆشەویستی خەمەکانمان دەگۆڕێت بۆ خەون. لەم بڕوایانەوە بوو کە من وتم: دوو بەختەوەرترین مرۆڤ لەدنیادا ئەو دوو دڵدارەن کە دەتوانن لەخەم و خۆزگەو خەونەکانی یەکدی تێبگەن و دەزانن چۆن یەکدی دڵخۆشبکەن.

خۆشەویستی و وەهمی خۆشەویستی

بە بڕوای من خۆشەویستی وەک لافاو وایە، هەوڵدان بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوە و دۆزینەوەی راڤە بۆ هۆکارەکانی، لە پێش ڕوودانییدا، هەوڵدانێکی بێ ئاکامە. وەکچۆن لافاو تاکو ڕوو نەدات نازانرێت چی ڕادەدا و چی تێک دەدا و چی لە شوێنی خۆی هەڵ دەکەنێت، خۆشەویستیش تاکو ڕوو نەدات نە لێک دەدرێتەوە، نە ئەگەر لێکیش بدرێتەوە هیچ ئەنجامێکی دەبێت. بیرکردنەوە لە خۆشەویستی و ئاست و کاریگەری و شوێنەوارەکانی، لەو چرکەساتەوە قابیلی بیرلێکردنەوە و لێکدانەوەیە کە دەستی پێ کردووە. بە بڕوای من خۆشەویستییەک کە توانیمان بەر لە ڕوودانی، لێکدانەوەی بۆ بکەین و بیخەینە ناو چوارچێوەیەکی دیاریکراوی ڕاڤە و شیکردنەوەوە، خۆشەویستی نییە. تەنانەت زۆر جار دوای ڕوودانیشی لێکدانەوە هەڵ ناگرێت. خۆشەویستی ئەو هێزە ئەفسووناوی و روحراچڵەکێنەیە کە نازانین کەی و چۆن و بۆچی دێت و دەیەوێت چی بکات؟ نازانین بۆ هەزاران کەس دێن و دەڕۆن و شتێک لە ناو ئێمەدا جێناهێڵن بە ناوی خۆشەویستییەوە؟ ئەی بۆچی کەسێک، کە هەندێجار کەمترین زانیاریمان لەبارەیەوە هەیە، لە پڕێکدا وەک هەورە بروسکەیەکی بەهێز لێمان دەدات و لافاومان تێدا هەڵدەسێنێت؟ من هەست دەکەم زۆربەمان لەو خاڵەدا کۆک و تەباین کە خۆشەویستی خەسڵەتی لافاوی هەیە. ئەوە کە ئێمە دانیشین و بە عەقڵ و لۆژیک بڕیار لەسەر ئەوە بدەین لەگەڵ کێدا خۆشەویستی بکەین کاری نەکردەیە. بۆ هاوڕێتی و تەنانەت بۆ هاوسەرێتییش دەتوانین ئەو کارە بکەین، بەڵام بۆ خۆشەویستی ئەوە مەحاڵە. ناتوانین بڕیاری پێشوەختە لەسەر دەستپێکردن و کۆتاییهێنانی خۆشەویستی بدەین. ئەگەر توانیمان ئەو کارە بکەین، ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەوەی تیایدا دەژین جگە لە وەهمی خۆشەویستی شتێکی دیکە نییە. ئەوە هەستێکی فریودەر و خەڵەتێنەرە کە خۆیمان لە شێوەی خۆشەویستییدا بۆ دەردەخات. ئەگینا خۆشەویستی لەسەرووی عەقڵ و لۆژیکەوەیە. خۆشەویستی بە شێوەیەکی ئاسایی بەسەر مرۆڤدا تێ ناپەڕێت، یان بەختەوەری دەکات یان بەدبەخت، یان هەردووکیان، ئەگەر هیچ کام لەو کارانەی نەکرد، ئەوە دیسان وەهمی خۆشەویستییە، خودی خۆشەویستی نییە. مرۆڤ دوای ئەوەی دەکەوێتە ناو خۆشەویستیەکی ڕاستەقینەوە ئیدی هەرگیز ئەو مرۆڤەی پێش خۆشەویستییەکە نییە، بە دڵنیاییەوە زۆر شتی تێدا گۆڕاوە.

چیرۆکی خۆشەویستی

لە ژیانی هەر کەسێک لە ئێمەدا بەلای کەمەوە چیرۆکێکی خۆشەویستی هەیە. تەنانەت، وەک لە ئایینە ئاسمانییەکانیشدا ئاماژەی بۆ کراوە، یەکەمین چیرۆکی مرۆڤ، دوای چیرۆکی درووستبوون، کە چیرۆکی ئادەم و حەوایە چیرۆکی خۆشەویستییە. دەشێت ئەو چیرۆکی خۆشەویستییانەی کە لە ژیانی مرۆڤدا هەن چیرۆکی سەرکەوتن، یان شکست، یان هەردووکیان بن پێکەوە. هەروەک دەشێت هەندێجار خەیاڵ بن و لە ڕاستییەوە نزیک بن. یان بە پێچەوانەوە ڕاستی بن و لە خەیاڵەوە نزیک بن. مێژووی مرۆڤایەتی لێوانلێوە لە چیرۆکی جۆراوجۆر، زۆرێک لەو چیرۆکانە چ بەشێوەی زارەکی و چ لە ڕێی نووسین و چ لەڕێی فیلم و تەنانەت هەندێجار لە ڕێی نیگارکێشانیشەوە، تۆمار دەکرێن و دەخرێنە بەرچاو و گوێی خەڵک. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە بەشێوەیەکی نیمچە هەمیشەیی، چیرۆکی خۆشەویستی زۆرترین خەڵک لەخۆی کۆدەکاتەوە. لەناو هەموو جۆرە چیرۆکەکاندا، ئەوەی هەمیشە و زیاتر لە چیرۆکەکانی دیکە ئەفسوونی خۆی دەپارێزێت چیرۆکی خۆشەویستییە. نهێنی ئەمە لە کوێدایە؟ بە تێگەیشتنی من: هۆکاری ئەوەی کە لە ناو دڵ و خەیاڵی زۆرێک لە خوێنەرەکاندا حەزێکی قووڵ بۆ بینین و خوێندنەوەی چیرۆکی خۆشەویستی هەیە، ئەوەیە هەوڵ دەدەن لەو ڕێیەوە چیرۆکە تەواونەکراوەکانی خۆیان تەواو بکەن. ئەو بەشانەی چیرۆکەکانی خۆیان ببینن کە نەیان بینییوە. نوسینیش لەیەکێک لە ڕەهەندە قووڵەکانییدا هەوڵدانە بۆ تەواوکردنی چیرۆکە تەواو نەکراوەکان. ئاخۆ ئەدەبیاتی ئێمە بۆچی لەبەرهەمهێنانی چیرۆکی خۆشەویستییدا ئەدەبیاتێکی لاوازە؟ بۆچی شاکارەکانمان لەم بوارەدا کەم و دەگمەنن؟ ئاخۆ وڵاتی ئێمە سەرزەمینێکی باش نییە بۆ خۆشەویستی گەورە؟ یان ئەدیب و نوسەرانی ئێمە لەگواستنەوەی چیرۆکەکانی خۆشەویستییدا کەمدەست و ناتوانان؟ یان هەردوو حاڵەتەکە لای ئێمە بوونیان هەیە؟ بە تێگەیشتنی من هەردوو حاڵەتەکە لای ئێمە بوونیان هەیە، نە وڵاتی ئێمە سەرزەمینێکی زۆر باش و لە بارە بۆ خۆشەویستی گەورە، نە ئەدیب و نووسەرانیشمان، زۆر باش توانیویانە وەک ئەدیب و نوسەرانی خەڵک لەوەی کە لەو بوارەدا ڕووی داوە، شاکاری مەزن بەرهەم بێنن. بێگومان من ناڵێم شاکارمان نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوەی هەمانە کەمە، زۆر

نییه. خۆزگە ئەم وڵاتەی ئێمەیش دەبوو بە سەرزەمینی سەرهەڵدانی خۆشەویستییە مەزنەکان و چیرۆکی ئەو خۆشەویستییانەش بوێرانەتر و دەستڕەنگینانەتر تۆمار دەکران و شاکاری گەورەتریان لێ بەرهەم دەهات .

## ڕۆژی خۆشەویستی

لە گۆشەکانی پێشوومدا ناوبەناو باسی خۆشەویستیم کردووە، دەمەوێت بەبۆنەی ڕۆژی خۆشەویستییەوە، لەم گۆشەیەشدا قسە لەسەر خۆشەویستی بکەم. لێرەدا خۆشەویستی بە نەمریی و تاقیکردنەوەوە دەبەستمەوە. لە کۆنەوە یەکێک لە خەونە گەورەکانی مرۆڤ نەمریی بووە، لە هەموو سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا مرۆڤ بە دوای نەمرییدا گەڕاوە، کاتێ زانیویەتی دەستی بە نەمریی ناگات، بیری لەوە کردۆتەوە هیچ نەبێت زیاتر بژی، زیاتر تاقی بکاتەوە. خۆشەویستی یەکێک لەو ڕێگایانە بووە کە مرۆڤ ویستویەتی هەم پیایدا بەرەو نەمری بڕوات و هەم بەرەو ژیان و تاقیکردنەوەی زیاتر. ئەم ڕێگایە، مەبەستم خۆشەویستییە، بە مانایەک لە ماناکان مرۆڤی بە نەمریی گەیاندووە و بە زۆر مانایش ژیانی زیاتر و تاقیکردنەوەی زیاتری بە مرۆڤ بەخشیووە. سەبارەت بە نەمریی، ئەوەتا مەجنونی لەیلا نەمر دەکات و بە ناو سەردەم و کیشوەرە جیاوازەکاندا دەیپەڕێنێتەوە. دەگاتە ئەوروپا و وا لە ئەراگۆن دەکات خەون بەوەوە ببینێت خۆی ببێت بە مەجنون و ئیلزاش ببێت بە لەیلا. تەنانەت هەندێجار لە خۆشەویستیدا، جگە لە کەسەکان، شوێنی ڕوودانی خۆشەویستییەکەش جۆرێک لە نەمریی وەردەگرێت، بۆ نمونە شاخی بێستوون کە دەبێتە شوێنی ڕووداوە گەورەکانی خۆشەویستی فەرهاد، بەقەد فەرهاد نەمر دەبێت.ئەوەی کە وا دەکات مرۆڤەکان دوای سەدان ساڵ منداڵەکانیان بە ناوی ئەو شاخەوە ناو بنێن، ئەفسوونی خودی شاخەکە نییە، ئەفسوونی خۆشەویستییەکەی فەرهادە. سەبارەت بە تەمەنی زیاتر و تاقیکردنەوەی زیاتریش، هێنانەوەی ئەو وتەیە بەسە کە دەڵێت: ((خۆشەویستی تەمەنێکی دیکەیە لەناو تەمەنی مرۆڤدا))، تەنانەت دەتوانم بڵێم ئەم تەمەنەیان تەمەنی ڕاستەقینەی مرۆڤە، بەلای منەوە تەمەنی یەکەم، تەمەنی ڕۆتین و

**تەمەنی دووەم، کە تەمەنی خۆشەویستییە، تەمەنی جەوهەریی مرۆڤە. لە ناو تەمەنی دووەمدا مرۆڤ بە تەواوی بوونی خۆیەوە دەژی و شتەکان تاقی دەکاتەوە و دەچێتە ناو وردەکارییەکانیانەوە. زۆرینەی شاکار و داهێنانە ئەدەبی و هونەرییەکانی مرۆڤ بەرهەمی تەمەنی دووەمن. ئەگەر خۆشەویستی و هەستی گەرمی خۆشەویستی نەبوونایە ئاسان نەبوو مرۆڤ بتوانێت شاکار بەرهەم بێنێت و داهێنان بکات. ئەوەی بە پلەی یەکەم تواناکانی مرۆڤ دەتەقێنێتەوە خۆشەویستییە. خۆشەویستی ئیشتیهای مرۆڤ بۆ بەرهەمهێنانی جوانی زۆرتر دەکات. کەواتە سڵاو لە خۆشەویستی، سڵاو لە ڕۆژی خۆشەویستی، ئەم جەژنە لە هەمووان پیرۆز بێت.**

**)ئا) و (نا) لە خۆشەویستیدا**

**دەڵێن: ((خۆشەویستی وەکو مانگ وایە، یان زیاد دەکات یان کەم)). ئەوەی لەو وتەیەدا زۆر جوانە، ئەوەیە کە خۆشەویستی حاڵەتی وەستانی نییە، بۆ ئەوەی کەم نەکات دەبێت بەردەوام لە زیادکردندا بێت. ئەوانەی لە خۆشەویستییدا سەرکەوتوو دەبن، یان ڕەنگە وا گونجاوتر بێت بڵێن ئەوانەی دەگەن بە دوا ترۆپکی خۆشەویستی، ئەوانەن کە لە زیادکردنی خۆشەویستییەکەیان ناترسن، بە هەموو هێزی خۆیانەوە کار بۆ درێژەدان بە زیادکردنی خۆشەویستییەکەیان دەکەن و هەرگیز ڕێگە نادەن ئەو پرۆسەیە پێچەوانە بێتەوە. ئەو کەسانە (ئا) یان زۆر و (نا) یان کەمە. بەردەوام ئامادەیی وەڵامدانەوەی پۆزەتیفیان هەیە. ئەوانەش کە سەرکەوتوو نابن، یان ڕاستتر ئەوانەی ناگەن بە دوا ترۆپکی خۆشەویستی، ئەوانەن کە لە زیادکردنی خۆشەویستییەکەیان دەترسن، هەندێجار بە مەبەست و بە بەرنامە زیادکردنەکان ڕادەگرن و وەک منداڵ چۆن هێواش هێواش لە شیر دەبڕدرێتەوە خۆشەویستەکەیان لە شیر دەبڕنەوە، ڕۆژ دوای ڕۆژ (ئا) یەکانیان کەمتر دەکەنەوە و (نا) یەکانیان زۆرتر دەکەن.**

**هەندێجاریش بە هۆی جۆرێک لە بێدەربەستییەوە هێدی هێدی دۆخی زیادکردنی خۆشەویستی دەوەستێت و دۆخی کەمکردن دەست پێدەکات. لە جۆرێک لە بێدەربەستی مەبەستم ئەوەیە دوای ئەوەی قۆناغی وەڵامدانەوەی خێرا و پۆزەتیف تێدەپەڕێت، قۆناغی وەڵامنەدانەوە دەست پێدەکات. هێدی هێدی (ئا) یەکان دەبن بە (نا)، زیادکردنەکان دەبن بە کەمکردن و دڵخۆشکردنەکان دەبن بە دڵشکان. بە بڕوای من هەر (نا) یەک کە بتوانێت ببێت بە (ئا) و نەبێت بە (ئا)، وەک تیر لە دڵی ئەو خۆشەویستییە دەچەقێت و مردنی خێراتر دەکات. ئەو (نا) یانەی هیچ بیانوویەک نییە بۆ ئەوەی (نا) بن، هەر یەکەیان دەبن بە بزمارێک و لە تەختەکانی ئەو تابووتە دەدرێن کە بۆ ئەو خۆشەویستییە ئامادە دەکرێت. زۆرێک لەو (نا) یانە کە مرۆڤ بێدەربەستانە دەیانخاتە شوێنی (ئا) یەکان، لەو بەردانەی ئیریش فرید دەچن کە بە گاڵتەوە دەگیرێنە بۆقەکان و بە ڕاستی بۆقەکان دەکوژن. دەمەوێت بڵێم بۆ ئەوەی خۆشەویستییەکانمان نەکوژین دەبێت هەم ئازایەتی ئەوەمان تێدا بێت لە گەورەبوون و زیادکردنی خۆشەویستیمان نەترسین و هەم وریای ئەوەش بین بێدەربەستی گوڵی (ئا) یەکانمان نە گۆڕێت بە گوللەی (نا) یەکان .**

**ئێمە دارین و دڵدارەکانمان باڵندە**

هاوڕێیەکم، کە ئاگام لێیە چەند سالٌێکە بە دڵ کەسێکی خۆش دەوێت، لەو ڕۆژانەدا هات بۆ لام. زۆر غەمگینانە وتی دەزانی جێیان هێشتم؟ وتم بۆ؟ وتی نازانم. وتم ئاخر هەر دەبێ شتێکی لێ بزانی. وتی بە خوا ئەوەندە دەزانم ماوەیەکە جۆرێک لە بێتاقەتی تێدایە، دوێنێ پێی وتم: ((مێشکم زۆر هیلاکە، ئیتر ناتوانم بەرگەی ئەم خۆشەویستییە بگرم، تۆ لەمڕۆوە ئازادیت، خوات لەگەڵ)). لێی پرسیم: چی بکەم باشە؟ وتم: بە بڕوای من هیچ نەکەیت باشە. تەنها خۆشەویستی و هەستە گەرمەکانی خۆتی بۆ دووپات بکەرەوە و پێی بڵێ ئەمە بۆ من کارەساتێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من ڕێزی بڕیارەکەی تۆ دەگرم. ئەمەی پێ بڵێ و چاوەڕوان بە، بزانە ئەوە بڕیاری دڵێتی، یان لە ژێر فشارێکی کاتییدا ئەو بڕیارەی داوە. وتم: من ئێستا دڵدارەکەی تۆ بە باڵندەیەک دەزانم و تۆیش بە دارێک، ئەگەر تۆ بە ڕاستی نیشتمانی ئەو بوویت، ناتوانێت بڕوات، خۆی دێتەوە. ئەگەر نا، چ پێویست دەکات شتێک بکەیت؟ بۆ نمونە: ئەگەر دارێکی دیکە دڵی ئەوی بردبێت، تۆ ئەگەر خۆیشی بهێنیتەوە، ناتوانی دڵی بهێنیتەوە. تەنها شتێکیش لە دڵداریدا لە سەرووی هەموو شتەکانی دیکەوە بێت، دڵە. جەستەی بێ دڵ هەر چەند جوانیش بێت لە بووکەشووشەیەکی دروستکراو زیاتر نییە. ئەوەی لە ناو ملیاران کەسدا دوو کەس وا لێ دەکات نەتوانن بەبێ یەک بژین، دڵیانە. هەر بەو بۆنەیەوە من وشەی دڵداریم زۆر پێ جوانە، چونکە ئەوەی لەو بوارەدا ڕوو دەدات دڵدارییە، لەشداری نییە. بە هاوڕێکەمم وت: ژیان فێرمان دەکات هەر کاتێک باڵندەیەک ویستی بڕوات، لێی بگەڕێین بڕوات. پێویستە باڵندەکان ئازاد بن، پێویستە ئازادیی باڵندەکان بە هیچ بیانوویەک نەخرێتە مەترسییەوە، چونکە جگە لەوەی ستەمێک بەرامبەر بەوان دەنوێنین، بۆ ئەوەیش کە ناچاریان بکەین لای ئێمە بمێننەوە هیچ ئاکامێکی نابێت. من دەزانم ئەم قسانەم بۆ کەسێک کردووە کە ئەژنۆی شکاوە و کەس وەک خۆی لە ئازارەکەی تێ ناگات، بەڵام من ویستم ڕاستگۆ و واقیعیی بم لەگەڵیدا، مەرجیش نییە ئەوەی دەیڵێین ڕاست بێت، بەڵام مەرجە لەگەڵ یەکدا ڕاستگۆ بین. هیوادارم ئەو کێشەیەش چارەسەر ببێت .

## یاریکردن بە دڵ

قەدەری مرۆڤ وایە بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئارامی بژی و تامی بەختەوەری بکات پێویستی بە مرۆڤێکی دیکە دەبێت. لە ئەفسانە یۆنانییەکاندا باسی ئەوە کراوە کە لە کاتی خۆیدا مرۆڤ یەک مرۆڤ بووە، هەم نێر بووە و هەم مێ، توانیویەتی سێکس لەگەڵ خۆی بکات، یەکێک لە خواکان کە بە پێی ئەفسانەکانی ئەوان چەندین خوا بوونیان هەبووە، ئێرەیی بەو مرۆڤە بردووە، بە تەورێک لێی داوە و کردوویەتی بە دوو کەرتەوە. بەپێی ئەو ئەفسانەیە ژن و پیاو لەو کاتەوە دروست بوون. هەر بەپێی ئەو ئەفسانەیە مرۆڤەکان بەم شێوەیەی ئێستایان مرۆڤگەلێکی ناتەواون، نیو مرۆڤن، بۆ ئەوەی تەواو بن، بەردەوام بە شوێن نیوەکەی دیکەیاندا دەگەڕێن. بە پێی ئەو ئەفسانەیە هەموو گەڕانێک بە دوای ڕەگەزی بەرامبەردا گەڕانە بە دوای ئەو خەونەدا کە تیایدا مرۆڤ دەبێتەوە بە مرۆڤە تەواوەکەی بەر لە لێدانی تەورەکە. بێگومان ئەوە ئەفسانەیە و دروستکراوی خەیاڵی مرۆڤ خۆیەتی، بەڵام دەلالاتی قوڵ و گرنگ و پڕ بایەخی هەیە. ئەو ئەفسانەیە پێمان دەڵێت مرۆڤەکان بەبێ یەک ناتوانن بەختەوەر بن. پێمان دەڵێت بەختەوەری ڕاستەقینەی ژن و پیاوەکان گرێدراوی یەکدین. لێرەوەیە کە دەبێت مرۆڤەکان لەوەی کە هەیە زیاتر لەگەڵ یەکدی میهرەبان بن. زۆر جار ڕوو دەدات بە پێوەرە باوەکانی عەقڵ و لۆژیک دوو مرۆڤ لە زۆر ڕووەوە لەیەک دووربن،، بەڵام بە پێپوەرەکانی دڵ و ڕۆح زۆر لەیەک نزیک بن. دڵ سوڵتانێکە جگە لە خۆی فەرمان لە هیچ سوڵتانێکی دیکەوە وەرناگرێت. ئەو (مەبەستم دڵە) خۆی ڕەوایەتی بە شتەکان دەدات. لەو کاتانەدا کە خۆمان دەدەینە دەستی دڵمان و ئەویش دەمان داتە دەستی کەسێک، هیچ شتێک لەوە ترسناکتر نییە ئەو کەسە یاری بە دڵمان بکات. بە بڕوای من دەکرێت لە نێوانی دڵدار و عاشق و خۆشەویستەکاندا ئێرەیی و بەدحاڵیبوون و شەڕ و تورەبوون و تەنانەت دڵشکانیش ڕوو بدات، بەڵام شتێک کە ناکرێت و نابێت ڕوو بدات مەسەلەی یاریکردنە بە دڵ. پێویستە مرۆڤ لە هیچ بارودۆخێکدا و بە هیچ بیانوویەک مافی ئەوە بە خۆی نەدات یاری بە دڵی خۆشەویستەکەی بکات، چونکە دڵ دڵە، تۆپ نییە.

## کۆتایی دنیا کوێیە؟

ڕۆژێکیان نامەیەکم لە خوێنەرێکی ئازیزەوە بۆ هات، لێی پرسی بووم: بەبڕوای تۆ کۆتایی دنیا کوێیە؟ من ئەگەرچی زۆر دڵنیا نەبووم ئەو خوێنەرە ئازیزە لەچ ڕوانگەیەکەوە ئەم پرسیارە دەکات و بەدوای چ جۆرە وەڵامێکدا وێڵە و بۆچی حەز دەکات بڕوای من لەو بارەیەوە بزانێت؟ بەڵام لەوەڵامدانەوەی دوودڵییم نەکرد. بۆم نووسی: بە بڕوای من کۆتایی دنیا ڕێک لەو شوێنەدا دەست پێدەکات کە خەونەکانی مرۆڤ کۆتاییان پێ دێت. لێرەوە دەمەوێت باسی خەون بکەم. هەموو کارە گەورە و مەزنەکانی مرۆڤ سەرەتا بەخەون دەست پێدەکەن. دەشێت دوایی بەشێک لە خەونەکان ببن بە واقیع، بەڵام چۆن واقیعێک؟ واقیعێکی خەوناوی و بارگاوی بە خەون. زۆر جار مرۆڤ بۆ ڕاکردن لە واقیع پەنا بۆ خەون دەبات. ڕاستە خەونەکان جارێکی دی دەیخەنەوە باوەشی واقیع، وەلێ چۆن دەیخەنەوە باوەشی واقیع؟ هەڵبەت بەجۆرێک کە پێشتر واقیعەکەی بەو جۆرە نەبینیووە. خەونەکان واقیع بە خۆیان بارگاوی دەکەن. کارێک دەکەن مرۆڤ توانای بەرگەگرتنی واقیعی زۆرتر بێت. بە بڕوای من ئەو بۆچوونەی پێی وایە مرۆڤی خەونبین، یان مرۆڤی خەوناوی، لەواقیع دابڕاوە، ڕاست نییە. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو مرۆڤە بەهێزێکی گەورەترەوە دەچێتە ناو واقیعەوە. دەتوانین بە واتایەکی دی بڵێین: ئەوەی سیما و ڕوخسار بە ژیانی مرۆڤ دەبەخشێت، لە پێش هەموو شتێکدا خەونەکانێتی. ئەوەی مرۆڤە مەزنەکان لەمرۆڤەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، بەر لە هەر شتێک جۆر و قەبارەی خەونەکانیانە. مرۆڤ ئەگەر خەونی مەزنی نەبێت چۆن دەتوانێت مرۆڤێکی مەزن بێت؟ ئەو کەسانەی خەونی مەزنیان نییە بەکام ڕێدا بەرەو مەزنی دەڕۆن؟ چۆن دەتوانن پێی بگەن؟ هەموو ساڵێک زۆربەمان بەبۆنەی ساڵی نوێوە دەیان نامە و کارتی پیرۆزباییمان بۆ دێت. من هەمیشە یەکێک لە دەستەواژە سادە و جوانەکانی ئەو کارت و نامانە بەلامەوە ئەوە بووە کە بۆیان نووسیووم: (بە هیوای بەدیهاتنی خەونەکانت).

**هەڵبەت ئەوەی زۆر گرنگە ئەوە نییە خەونەکان بەدی دێن یان نا؟ بەڵکو ئەوەیە مرۆڤ هەمیشە خەونی هەبێت. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پێم جوانە خۆزگەی بەدیهاتنی خەونەکان بۆ یەکدی بخوازین.**

**خۆشی و ناخۆشی، خەیاڵ و واقیع**

**ژیانی هیچ مرۆڤێک یەک هێڵی ڕاستی نییە و بەیەک ئاراستە ناڕوات. هەموو مرۆڤێک لە ژیانی خۆیدا بەرز و نزم و سارد و گەرم دەبینێت، بێگومان بە ڕێژە و ئاستی جیاجیا. پێویستە مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا چاوەڕوانی هەموو شتێک بکات و ئامادەیی بۆ هەموو شتێک هەبێت. وەکچۆن نابێت پێمان وابێت هەرگیز ژیان بە خۆشی و شادییەکانییەوە ئێمە بەسەر ناکاتەوە، هەر ئاوها ناشبێت وا بزانین هەمیشە و بەردەوام ژیان بە دڵی ئێمە دەگەڕێت، چونکە وەکچۆن ژیان لە هەر کاتێکدا بۆی هەیە دەرگای نوێ بە ڕووی مرۆڤ و خەونەکانییدا بکاتەوە، هەر ئاوها لە هەر کاتێکیشدا بۆی هەیە دەرگای لەسەر دابخات. ئەگەر بتوانین و بۆمان بکرێت باشتر وایە خۆمان لەسەر ئەوە ڕابهێنین هیچ ڕووداوێک تووشی شۆکمان نەکات، ئەگەر کردیشی کار بۆ ئەوە بکەین بە زووترین کات و لە نزیکترین دەرفەتدا تێی بپەڕێنین. چونکە کارەسات ئەوە نییە مرۆڤ بکەوێتە ناو دۆخێکی نەخوازراوەوە، کە بێگومان هەموو مرۆڤێک تێی دەکەوێت، بەڵکو کارەسات ئەوەیە مرۆڤ نەتوانێت لەو دۆخە نەخوازراوە ڕزگار بێت.**

**مانەوە لە ناو دۆخە نەخوازراوەکان کارەساتی تۆقێنەر و ڕاستەقینەیە. من بۆ خۆم لەو کەسانەم کە بڕوای قووڵم بە خەیاڵ هەیە و پێم وایە بایەخی خەیاڵیش لە ژیانی مرۆڤدا هاوشانی بایەخی واقیعە. مرۆڤ دەتوانێت لە ناو واقیعە تاڵ و ناخۆشەکاندا خەیاڵی خۆش و شیرینی هەبێت و چێژیش لە خەیاڵە خۆش و شیرینەکانی خۆی وەربگرێت، ڕەنگە هەموو مرۆڤێکیش ئەم کارە بکات. بەڵام نابێت خەیاڵ بە یەکجاری لە واقیعمان داببڕێت. ئەگەر ئەو کارە بکەین، بەرگەی گورزەکانی واقیعمان بۆ ناگیرێت. بە تێگەیشتنی من، پێویستە مرۆڤ لەگەڵ باوەشکردنەوەی بەردەوامیدا بۆ خەیاڵ، هەمیشەیش ئەوەی لە بیر بێت کە دوور نییە لە هەر کاتێکدا واقیع شتی پێچەوانەی خەیاڵە خۆش و شیرینەکانی ئەوی پێببێت. دەمەوێت کورت و پوخت بڵێم: چەند گرنگە مرۆڤ خاوەنی خەیاڵی گەورە بێت، دوو ئەوەندە گرنگە ئەو مرۆڤە خۆیشی گەورە بێت، بتوانێت دوای هەر کەوتنێک ئیرادەی هەستانەوە و بەردەوامی و درێژەدان بە ژیان و بە خەیاڵە خۆش و شیرینەکان لە دەست نەدات.**

## خۆدڵخۆشکردن

**خۆدڵخۆشکردن هونەرێکی زۆر ئاسان و لە هەمانکاتیشدا زۆر گرانە. بۆ ئەو کەسانەی دەتوانن بڕوای پێبهێنن و کاری بۆ بکەن زۆر ئاسانە، بۆ ئەو کەسانەیش کە ناتوانن بڕوای پێبهێنن و کاری بۆ ناکەن زۆر گرانە. یەکێک لە بنەما جەوهەرییەکانی ئەم هونەرە ئەوەیە لە بیرمان نەچێت یەکەمین کەس کە دەبێت لە خەمی دڵخۆشیماندا بێت**

خۆمانین. خۆشی ڕاستەقینەش ئەوەیە کە لە ناوماندایە. ئەم هونەرە کەمجار پەنا بۆ عەقڵ و لۆژیک و زۆرجار پەنا بۆ دڵ و خەیاڵ دەبات. هەندێجار هێزی گەورەی ئەم هونەرە لە خۆخەڵەتاندایە. زۆر جار دەبێت وەک منداڵ کە دایک و باوکی خۆی بە دوو جوانترین دایک و باوکی دنیا دەزانێت، دایک و باوکی خۆمانمان پێ جوان بێت، (هەڵبەت لە دایک و باوک مەبەستم هەر شتێکە کە دڵمان پێی خۆش بێت). ئەگەر ئەوە کە خۆمان دەخەڵەتێنین یەک جار مەترسیدار بێت و ئەوەیش کە دایک و باوکی خۆمان پێ جوان بێت یەک جار ترسناک بێت، ئەوەی دایک و باوکی خەڵکمان لە دایک و باوکی خۆمان پێ جوانتر بێت و ژیانی خەڵکمان لە ژیانی خۆمان لا خۆشتر بێت، دەیان جار مەترسیدار و ترسناکە. ئەوە زۆر گرنگ نییە بە ڕاستی دایک و باوکی ئێمە چەند جوانن، ئەوە زۆر گرنگە ئێمە لە ناو خۆماندا، لە ناو دڵ و ویژدانماندا چەند بڕوامان بەوە هێناوە کە دایک و باوکی ئێمە لە جوانترین دایک و باوکەکانی دنیان. دنیا بۆ خۆی سارده یان گەرم، بەشێکی مەسەلەکەیە. بەشەکەی دیکەی ئێمەین هەست بە گەرما دەکەین یان سەرما؟ ئەگەر دنیا ساردیش نەبێت کە ئێمە هەست دەکەین سەرمامانە، دنیا ساردە. دەمەوێت بڵێم: دنیا چەند ئەوەیە کە ئێمە لە نێویدا دەژین دوو ئەوەندە ئەوەیە کە ئەو لە نێو ئێمەدا دەژی. ئەگەر دنیای دەرەوەمان ناشیرین و دزێویش بێت، دنیای ناوەوەمان جوان و دڵنشین بێت، ئێمە بەختەوەرین. پێچەوانەکەیشی ڕاستە.کورت و چوخت: بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان دڵخۆش بکەین، دەبێت بەردەوام چاوەڕوانی بەدیهاتنی خەونە خۆشەکان بین و هەرگیز لە بەدیهاتنیان بێهیوا نەبین.

خوێندنەوەی کتێب و خوێندنەوەی دنیا

لە گۆشەی پێشوومانندا باسی کتێب و خوێندنەوەمان کرد، لەم گۆشەیەدا باسی جۆرێکی دیکە لە کتێب و خوێندنەوە دەکەین، لەم جۆرەی کتێب و خوێندنەوە مەبەستمان دنیا و گەشتکردنە بە ناو دنیادا، ئەگەر خوێندنەوە لە ناو کتێبدا بەرکەوتنی مرۆڤ بێت لەگەڵ وێنەی شتەکاندا، خوێندنەوە لەناو دنیادا بەرکەوتنی مرۆڤە لەگەڵ خودی شتەکاندا. ئەگەر خوێندنەوە لەناو کتێبدا هەوڵدان بێت بۆ تێگەیشتن لە دنیا لە ڕێی یەکێک لە هەستەکانمانەوە، کە هەستی بینینە، خوێندنەوە لە ناو دنیادا هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە دنیا لە ڕێی هەموو هەستەکانمانەوە. خوێندنەوەی دنیا، بەبەراورد لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبدا، زۆرتر و قووڵتر و زیندووتر لەناو روح و یادەوەریی و لەسەر جەستەی مرۆڤ دەمێنێتەوە. تا ئێرە ئەوەی وتمان، هیچ نەبێت، بەلای ئێمەوە راستە، بەڵام ئاخۆ مرۆڤ بەو ئاسانییەی دەتوانێت کتێب بخوێنێتەوە دەشتوانێت دنیا بخوێنێتەوە؟ بەو ئاسانییەی دەستی بە کتێب دەگات، دەستی بە دنیایش دەگات؟ بێگومان نەخێر. مرۆڤ لە هەندێ بارودۆخی نائاسایی و زۆر تایبەتدا نەبێت، هەمیشە دەتوانێت دەستی بە کتێب بگات، کەچی بە پێچەوانەوە، بۆ زۆرینەی مرۆڤەکانی دنیا، دەستگەیشتن بە دنیا کارێکی سەخت و پڕ ئەرک و پڕ پێویستییە. خۆی لە ڕاستییشدا یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی داهێنانی کتێب، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو دەستنەگەیشتنەی مرۆڤە بە دنیا. کتێب بەرهەمهێنانەوەی دنیا و پێشکەشکردنییەتی بە مرۆڤ. من لەم بەراوردکردنەی دنیا و کتێب مەبەستم نییە فەزڵی هیچ کامیان بدەم بەسەر ئەوی دیکەیاندا، بەقەد ئەوەی مەبەستمە لەڕێی ئەم چەند ڕستە کورتەوە بچمە سەر ئەوەی بڵێم خوێندنەوەی دنیا و خوێندنەوەی کتێب هەردووکیان گرنگن، بەڵام لە هەردووکیان گرنگتر چۆنیەتی خوێندنەوەیان و ئەو بەرهەمەیە کە لە خوێندنەوەیان بەدەست دەهێنرێت، ئاخۆ ئێمە خەڵکێکی زۆرمان نییە کە کتێب دەخوێننەوە بەڵام هیچ شتێکیان تێدا ناگۆڕێت و هیچیش بەرهەم ناهێنن؟ ئەی خەڵکێکی زۆرمان نییە کە دنیا دەخوێننەوە (بە زۆر وڵاتدا دەگەڕێن)، کەچی بەدەستی خاڵی دەگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان؟

**مرۆڤ حوکمی دنیا دەکات یان کتێب؟**

23ی ئەم مانگە ڕۆژی جیهانیی کتێب و مافی دانەر بوو، یەکەمین شتێک کە لەو ڕۆژەدا بیری منی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد، ئەو وتەیەی (ئوغست کونت 1798-1857) بوو، کە دەڵێت: ((مردووەکان حوکمی زیندووەکان دەکەن))، بەدڵنیاییەوە ئەم وتەیە ڕاستییەکی زۆری تێدایە، بەڵام ئاخۆ مردووەکان لە چ ڕێگایەک و لە کام کەناڵەوە حوکمی زیندووەکان دەکەن؟ بێگومان لە ڕێی بەرهەمەکانیانەوە و بە تایبەت لە ڕێی کتێبەکانیانەوە. من بۆ خۆم زۆر جار کە بیرم لە کتێب کردووەتەوە، لەناو خەیاڵی خۆمدا دنیام وەکو کەشتییەک هاتۆتە بەرچاو کە کاپتنەکەی کتێب بووە، نەک مرۆڤ. ئەگەر کاریگەری مرۆڤەکان لە ژیاندا، لە چوارچێوەی کات و شوێنێکی سنووردار و دیاریکراودا بێت، کاریگەری بەرهەمەکانیان، بەتایبەت کتێبەکانیان، ئەو چوارچێوە و سنوورە دیاریکراوە تێدەپەڕێنێت. لە مێژووی مرۆڤایەتییدا زۆر نوسەر و بیریار و فەیلەسوف بوونیان هەبووە، کە لە ژیانی خۆیاندا ناوی زۆر شوێن و ناوچە و وڵاتی دنیایان هەر نەبیستووە، کەچی ڕۆژێک هاتووە کتێبەکانیان زۆرترین کاریگەرییان لەسەر ژیانی ئەو شوێن و ناوچە و وڵاتانە جێ هێشتووە. کتێب هەیە لەو پەڕی دنیا نوسراوە، کەچی لەم پەڕی دنیا کاریگەری بەسەر ژیانی خەڵکەوە هەبووە. ئێستا کە ڕۆژی جیهانی کتێب لە زۆر وڵاتی جیاجیای دنیا، بووە بە جەژنێکی بەهادار و لای خۆیشمان چەند ساڵێکە، بە چالاکی جۆراوجۆر ئەو ڕۆژە پیرۆز دەکرێت، ئاخۆ زۆرینەی خەڵکی ئێمە کتێبیان کردووەتە بەشێک لە ژیانیان؟ ئاخۆ کتێب کڕین و کتێب خوێندنەوە توانیوویانە ببن بە کلتوور؟ بێگومان نەخێر. بەداخەوە لای ئێمە نەک وەک (بۆرخیس) بەهەشت لە شێوەی کتێبخانەیەکی گەورەدا وێنا ناکرێت، بگرە بە هەزاران کەسمان هەن ئامادەن پارەی یەک کتێبخانەی گەورە بدەن بە ژمارە مۆبایلێک، یان ژمارەی ئۆتۆمبیلێک، تەنها بەو مەرجەی وەک خۆیان دەڵێن (شاز) بێت، کەچی ئامادە نین پارەی کارتێکی پێنج هەزاری، یان تەنانەت پارەی یەک لیتر بەنزین بدەن بە کتێبێک.

## کتێب و یادەوەری

بێگومان کتێب یەکێک لە گەورەترین و کاریگەرترین داهێنراوەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە. من لە یەکێک لە گۆشەکانی پێشوودا باسی کتێبم کرد. لێرەدا دەمەوێت بۆچوونی خۆم سەبارەت بەو پرسیارە بخەمە ڕوو کە دەڵێت: ئایا کتێبی کاغەزین، دەتوانێت لەسەردەمی ئینتەرنێتدا بەها و بایەخی خۆی بپارێزێت و درێژە بە ژیانی خۆی بدات؟ من وەکو خۆم، ڕەنگە لە سەروەختێکدا بڕوام بەوە هێنابێت کە ئیدی وردە وردە کتێبی کاغەزین ماڵئاوایی دەکات و کتێبی ئەلەکترۆنی جێی دەگرێتەوە. بەڵام چەند زیاتر نوسراوی ئەلەکترۆنی دەخوێنمەوە، زیاتر لەو بڕوایەم پەشیمان دەبمەوە. هەست دەکەم ئەو ئاشنایەتیەی لەگەڵ کتێبی کاغەزیندا هەمە، هەرگیز لەگەڵ کتێبی ئەلەکترۆنیدا نیمە. لەگەڵ کتێبی ئەلەکترۆنیدا هەست بە غەریبییەک دەکەم، کە هەرگیز لەگەڵ کتێبی کاغەزیندا ئەو هەستەم نییە. بۆیە ئێستا پێم وایە  نەخێر کتێبی ئەلەکترۆنی ناتوانێت جێی کتێبی کاغەزین بگرێتەوە. ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری جۆراوجۆری هەیە، کە من لێرەدا نامەوێت ئەو هۆکارانە ڕیز بکەم. ئەوەی مەبەستمە قسەکردنە لەسەر یەک هۆکار، کە پێم وایە لە گرنگترین هۆکارەکانی مانەوەی کتێبە. من دەمەوێت باسی ڕۆڵی یادەوریی بکەم. سەدان ساڵە مرۆڤ لەگەڵ کتێبدا دەژی، کتێب بەشێکی گەورەی لە یادەوریی مرۆڤایەتی داگیر کردووە. تەنانەت بە پێی ئایینە ئاسمانییەکان، کتێب بەشێکی سەرەکی و کاریگەر لە پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤەکان پێک دەهێنێت. ئەوە کتێبە، کە خودا لە ڕێیەوە پەیامەکانی خۆی بە خەڵک دەگەیەنێت. پەیامبەرەکان دەمرن، بەڵام کتێبەکان دەمێننەوە. کەم مرۆڤی خوێندەوار هەیە کەم و زۆر بیرەوەری خۆش و ناخۆشی لەگەڵ کتێبدا نەبێت و کتێب نەبووبێتە بەشێک لە یادەوەریی ئەو. لەبەر ئەوەی مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی لە یادەوریی خۆی هەڵبێت، ناشتوانێت بە ئاسانی دەستبەرداری کتێب بێت، کە بە درێژایی سەدان ساڵ لە ناو یادەوریی

مرۆڤایەتییدا، وەکو کاراکتەرێکی سەرەکی ڕۆڵی بینیوە. ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێین: کاتێ کتێبێکی کاغەزین دەخوێنینەوە، وەکو ئەوە وایە جگەرگۆشەیەکی خۆمان لە باوەش گرتبێت، بەڵام کاتێ کتێبێکی ئەلەکترۆنی دەخوێنینەوە، وەکو ئەوە وایە منداڵی کەسێکی دیکەمان لە باوەش گرتبێت، کە هەر چەند خۆشیشمان بوێت، بەڵام بەشێک نییە لە ئێمە.

## یەکەمین بیرەوەری من لەگەڵ کتێبدا

لە گۆشەی هەفتەی پێشوودا باسی کتێب و یادەوریم کرد، دەمەوێت لەم گۆشەیەدا باسی یەکەمین بیرەوەری خۆم لەگەڵ کتێبدا بکەم. یەکەمین بیرەوەری من لەگەڵ کتێبدا، یەکەمین بیرەوەریشمە لەگەڵ خۆشەویستییدا. بە دیاریکراوی باسی ساڵی 1984 دەکەم، ئەو کاتە من لە قۆناغی هەرزەکارییدا بووم. یەک لایەنە و بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکم پێ گەیشتبێت، کچێکم خۆش ویست. بەڵام لەبەر ئەوەی هەم باری دارایی ماڵی ئەو کچە لە باری دارایی ماڵی ئێمە باشتر بوو، هەم بۆ خۆم بڕوام وا بوو کچەکە لە من جوانترە، هەستم بە جۆرێک لە خۆبەکەمزانین دەکرد. تاکە ڕێگایش لەو کاتەدا کە بۆ ڕزگاربوون لەو هەستە، بە خەیاڵ و بیری مندا هات، ڕێگایەک بوو بە ناو کتێبدا دەڕۆیشت و لە ئامێزی نووسیندا دەگیرسایەوە. بەبێ ئەوەی ئەو کچە ئاگای لە هیچ شتێک بێت، من لای خۆمەوە، هەم شۆڕشی خۆشەویستی و هەم جەنگم لەگەڵ ئەو بەرپا کرد بوو. ئامانجی شۆڕشی

خۆشەویستییەکەم ئەوە بوو ئەو کچە بکەم بە هاوبەشی ژیانم. ئامانجی جەنگەکەیشم ئەوە بوو، لە بەرامبەر دوو سەرمایەکەی ئەودا، کە من نەمبوون، بگەم بە سەرمایەیەک کە ئەو نەیبێت. نەک هەر ئەو کاتە، ئێستایشی لەگەڵ بێت، من جگە لەو سەرمایە ڕوحییەی کتێب و نووسین پێیان بەخشیم، هیچ سەرمایەیەکی دیکەم بۆ کۆ نەکرایەوە. تا ئێستا و پێم وایە تا هەتایشە، هیچ شتێک لە ماڵی مندا نابینرێت لە کتێب بایەخدارتر. بەبێ ئەوەی بۆ یەکجاریش، تەنها یەک قسەی دڵم بۆ ئەو کچە بکەم، ئەو ڕۆیشت و بۆ هەتا هەتایی لە ژیانی من چووە دەرەوە، بەڵام کتێب مایەوە. کتێب بوو بەو هاوڕێ ئازیز و دڵنشینەی کە نەیهێشت دوای ڕۆیشتنی ئەو کچە هەست بە تەنیایی بکەم. نەک هەر ئەوە، کتێب نەیهێشت ئیدی هەرگیز لەبەردەم هیچ کەسێکدا هەست بە کەمی بکەم. ئەوەش سەرمایەیەکی ڕوحیی ئەوەندە گەورەیە کە هەرگیز هیچ سەرمایەیەک هاوشانی نابێت. ئەگەر کتێب هیچ شتێکی دیکەی پێ نەبەخشیبم و پێشم نەبەخشێت، من تا ماوم خۆم بە قەرزاربارى کتێب دەزانم، چونکە توانی لە گرێی خۆبەکەمزانین ڕزگارم بکات و هاوسەنگیم بۆ بگێڕێتەوە.

دیسانەوە کتێب

لە گۆشەکانی پێشوودا چەند جارێک لە بارەی کتێبەوە نوسیم. دەمەوێت بە هۆی ڕۆژی جیهانیی کتێبەوە، لەم گۆشەیەدا بە گێڕانەوەی دوو حیکایەت شتێکی دی بخەمە سەر ئەوانی پێشوو. جارێکیان بەڕێوەبەری فەرمانگەیەک

**کارێکی ئاسایی و یاسایی بۆ کردم، بەڵام ئەوەندە میهرەبانانە کارەکەی کرد، نەمتوانی تەنها بە سوپاسکردن دڵی خۆم ڕازی بکەم. ڕۆژێک دوای ئەنجامدانی کارەکە، چووم بۆ لای ئەو بەڕێوەبەرە ئازیزە و پێموت: دیاریم بۆ هێناوی. کەمێک بە تووڕەییەوە وتی: بەڵام ببورە من دیاری وەرناگرم. پێموت: بەڵام من دیارییەکم بۆ هێناوی وەری دەگریت. وتی: من تەنها کتێب وەردەگرم. وتم: منیش تەنها کتێبم بۆ هێناوی. بەر لە نەورۆزی ئەمساڵیش خانووەکەمان ڕوخا و ماڵمان لێ شێوا و چەند ڕۆژێک ئاوارە و دەربەدەر بووین، لەو کاتانەدا کە بە دوای خانوودا دەگەڕاین، لە نوسینگەیەکی فرۆشتنی زەویوزار، لێیان پرسیم: چەند منداڵت هەیە؟ وتم: سێ هەزار منداڵم هەیە. پێکەنین. نەیانزانی مەبەستم چییە، بێگومان من مەبەستم کتێبەکانم بوو. هەر بە ڕاستیش گەورەترین کێشەم لە گەڕان بە دوای خانوودا کتێبەکانم بوو. دەبوو خانوویەک بدۆزمەوە بتوانم ژوورێکی بۆ کتێبەکانم تەرخان بکەم. کتێبەکانم هەموو شتێکی ماڵەکەی من بوون، جگە لە ڕەهەندی مەعریفی و ئەو جوانی و زیندوێتییەی بە ماڵ و بە خۆمانیان دەبەخشی، من دەیان و سەدان بیرەوەری خۆش و شیرینیشم لەگەڵ ئەو کتێبانەدا هەبوو. کتێبەکانم ئەو هاوڕێ و هاوژیان و هاودەمانەی من بوون کە جگە لەوەی چاوی دیکەیان پێ دەبەخشیم بۆ ڕوانین، جگە لەوەی زۆرترین چێژیان دەدامێ، نەشیاندەهێشت هەست بە تەنیایی بکەم، نەشیاندەهێشت کات قورس و سەخت بەسەرمدا تێبپەڕێت. لە نەوەدەکاندا، بە تایبەت کاتی گرانی و قاتوقڕییەکە، وەختی وا بووە بە مانگ لە ماڵ نەچوومەتە دەرەوە، کەچی نەک هەستم بە بێزاری نەکردووە، زۆر جار لە دڵخۆشیی گەورەیشدا ژیاوم، چونکە کتێبەکان بانگیان کردووم و دەستیان گرتووم و پێیان وتووم: تۆ گیرفانت خاڵییە، بەڵام ماڵت ئاوەدانە، تۆ سبەینێت سبەینێیەکی جوانە. بە بڕوای من مرۆڤایەتی ئەوەندەی قەرزاربارى کتێبە، قەرزاربارى هیچ شتێکی دیکە نییە. ئەگەر کتێب نەبوایە مرۆڤایەتی لە زۆر گەوهەری دانسقە بێبەش دەبوو.**

هەفتەی پێشوو لە رۆژنامەی (الاتحاد) دا، نوسینێکی کورتم لەسەر کتێبێکی جۆرج دیهامیل خوێندەوە کە نوسەرێکی فەرەنسییە و لە نێوان ساڵانی 1884- 1966 ژیاوە، کتێبەکەی دیهامیل بە ناوی (بەرگریکردن لە ئەدەب) ەوەیە. لەو کتێبەدا کە ساڵی 1936 نوسراوە، لە بارەی بایەخی کتێب و ئەدەب و لایەنە روحییەکانی مرۆڤ و شارستانیەت و لە بارەی سیاسەتەوە دواوە. دیهامیل پێی وایە شوێنێکی دڵنشین لە دنیادا بەبێ کتێب، بوونی نییە، ئەو دەڵێت: ئەگەر دەتانەوێ خۆتان رۆشنبیر بکەن با ڕووتان لە کتێب و پشتتان لە رادیۆ بێت. بێگومان ئەو کاتەی دیهامیل کتێبەکەی نوسیووە ئەم ئامرازە پێشکەوتووانەی ئێستا نەبوون، بۆیە باسی ڕادیۆی کردووە، بەڵام بۆچوونەکەی بۆ ئێستا و بۆ ئامرازە پێشکەوتووەکانی ئێستاش هەر ڕاستە. دیهامیل کە لە بنەڕەتدا پزیشک بووە و بە درێژایی ساڵانی یەکەمین جەنگی جیهانی لە چەند نەخۆشخانەیەکی مەیدانی کاری کردووە، بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر لە بارەی بایەخ و کاریگەری کتێبەوە، بەسەرهاتی پزیشکێک دەگێڕێتەوە کە لە کاتی جەنگدا بینیوویەتی، دیهامیل دەڵێت: ئەو پزیشکە زۆر دڵڕەق بوو، دیمەنەکانی بێهیوایی و ئازار و برین کاریان تێنەدەکرد، بە ساردییەکی ئەرستۆکراتییانەوە درێژەی بە کارە ترسناکەکەی خۆی دەدا کە کاری پزیشکی بوو، تا رۆژێک دیهامیل دەبینێت ئەو پزیشکە بە دەم خوێندنەوەی کتێبێکەوە دەربارەی جەنگ، دەگری و فرمێسک دەموچاوی داپۆشیووە. لە کاتێکدا کتێبەکە هەمان ئەو شتانەی بۆ دەگێڕێتەوە کە ئەو رۆژانە بینیوونی. ئەوەش واتە هەندێجار کتێب لای مرۆڤ، لە خودی واقیع کاریگەرترە. تەنانەت دیهامیل چارەنووسی شارستانیەت بە چارەنووسی کتێبەوە گرێ دەدات. لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێت: (( پیرۆزکردنی لایەنە ڕوحییەکان، مەرجی سەرەکی هەموو ژیانێکی سەربەرزانە و پڕ بەرهەمە و کتێبیش رەمزی ئەو پیرۆزکردنەیە)). لە درێژەی بیر و بۆچوونەکانیدا لە بارەی کتێبەوە، دیهامیل باسی ئەوە دەکات کە فەرەنسا بەشێک لە نفوزی مەعنەوی خۆی لە بەرهەمە عەقڵییەکانەوە کە بریتین لە هونەر و کتێب، بەدەست دەهێنێت. دواجار دیهامیل دەڵێت: هەر کاتێ کتێبخانەیەک دەبینم ئیفلاس دەکات، یان هۆڵێکی خوێندنەوە کە دادەخرێت، دەڵێم ئەمە شکستخواردنی رۆحە. لە کۆتاییدا دەڵێم خۆزگە ئەو کتێبەی دیهامیل دەکرا بە کوردی و کتێبخانەی کوردییش پێی شاد دەبوو.

**سیاسەت لە ڕوانگەی دیهامیل-ەوە**

لە گۆشەی پێشوودا بە خێرایی تیشکمان خستە سەر ڕوانینەکانی دیهامیل لە بارەی کتێبەوە، لێرەدا هەندێک لە سەرنجەکانی ئەو لە بارەی سیاسەتەوە دەخەینە ڕوو. دیهامیل ئەو شەهوەتەی هەندێ خەڵکی ئاسایی بۆ سیاسەت هەیانە بە تێکچوونێکی قووڵ لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا دەبینێت. بە لای دیهامیلەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە سیاسەت بە چێژێکی خۆڕایی بۆ هەژاران تەماشا دەکرێت، کەچی پێی وایە هەندێک خەڵک هەن بە هۆی چەشەی تایبەتی خۆیانەوە پێویستیان بەوەیە لە سیاسەت دوور بن. دیهامیل پێشنیاز دەکات سیاسەت وەک پیشەیەک تەماشا بکرێت کە دەبێت تایبەت بکرێت بە شارەزایانی ئەو بوارە. تەنانەت دیهامیل پێی وایە: ناکرێت مرۆڤی ئاسایی کاتێکی زۆر لە ژیانی خۆی بۆ سیاسەت تەرخان بکات، پێویستە ئەو کاتەی کەسێکی ئاسایی بۆ سیاسەتی تەرخان دەکات لەو کاتە زیاتر نەبێت کە بەیانیان تیایدا جل و بەرگەکانی دەگۆڕێت. دیهامیل تەرخانکردنی باشترین کاتەکانی مرۆڤی ئاسایی بۆ سیاسەت و تێکەڵبوونی تەواوی خەڵک بە کاروباری سیاسی بە نەخۆشییەکی ترسناک وەسف دەکات. دیهامیل بەر لە 77 ساڵ ئەم بۆچوونانەی هەبووە کە بۆ ئێستای ئێمە، زۆرێک لە ڕاستی تێدایە. ئەوەی ئێستا بە تایبەت لەم بەشەی کوردستان دەبینرێت کارێکی زۆر ناسروشتییە. خەڵکی وا دەخالەت لە کاروباری سیاسیدا دەکەن کە بە هیچ پێوەرێک ناتوانرێت بە سیاسی دابنرێن. خەڵک هەیە لە ساڵێکدا چوار کتێب لە بارەی سیاسەت و مێژووی وڵاتەکەی خۆی و مێژووی دنیاوە ناخوێنێتەوە، لە هیچ خوێندنگا و پەیمانگا و زانکۆیەک زانستی سیاسەتی نەخوێندووە و هیچ پێشینەیەکی سیاسی نییە، کەچی لە پڕ پەیدا دەبێت و لێکدانەوەی سیاسی دەکات و لە میداکانیشدا وەک چاودێری سیاسی ناو دەبرێت. جا ئەوەی زۆر سەیرە دوو شتە، یەکەم: میدیاکان لە خۆیان ناپرسن ئەم برادەرانە چۆن و لە کوێوە بوون بە چاودێری سیاسی؟ نەک هەر ئەوە خێرا خێرا بانگهێشتی بەرنامە سیاسییەکانیشیان دەکەن. دووەم: هەندێک لەو برادەرانە، نەک هەست بە نائاساییبوونی ئەو کارەی خۆیان ناکەن، بگرە جاروبار توانج لە خەڵکانی وەک ئێمەش دەدەن کە بۆچی لە بارەی ڕووداوە سیاسییەکانەوە قسە ناکەین. ئەوان بڕوایان بەوە نییە هەر کەس خەریکی کاری خۆی بێت.

**هەستی هاوبەش**

**مستەفا مەلەکیان باسی هاوبەشی دەکات لە نێوانی مرۆڤەکاندا و دەڵێت هەبوونی هاوبەشی وا دەکات مرۆڤەکان یەکیان خوش بوێت. من دەمەوێت بۆچونەکەی ئەو بۆ قسەکردن لە (هەستی هاوبەش لە خۆشەویستیدا) بەکار بهێنم و بڵێم: خۆشەویستی هەر بە تەنها هەستی هاوبەش نییە لە نێوان دوو مرۆڤدا، بەڵکو گەیشتنی ئەو هەستە هاوبەشەیشە بە دوا لوتکە. تەنانەت لە خۆشەویستیدا هەستەکان تەنها هاوبەش نین، دەشبن بەیەک. هەر ئەو یەکبوونەشە وا دەکات زۆر جار دوو کەس لە یەک کاتدا، بەبێ ئەوەی بە جەستە لەیەک نزیک بن، هەمان تاسە و تینوێتییان بۆ یەک ببێت. بەیەکەوە حەز لە خواردنەوەی چایەک بکەن بە دارچینییەوە، لە خواردنی قاپێک شێلمی گەرم لەبەر بایەکی سارد و ڕچیودا، حەز لە پیاسەیەک بکەن لە شارێکی دوور و لە کاتی بەفربارینێدا، لە دەستگوشینێک، لە ماچێکی گەرم. زۆر جار ڕوو دەدات یەکێک لەو دوو کەسە مۆبایلەکەی هەڵدەگرێت نامە بۆ ئەوی دیکە بنوسێت، بۆی دەنێرێت و پێش ئەوەی نامەکەی ئەم بەو بگات، نامەیەکی ئەو دێت و بەم دەگات، نامەکان بەر لەوەی بە کەسەکان بگەن لە ناو هێڵی تەلەفۆنەکەدا بەیەک دەگەن. ئەو بەیەکگەیشتنی نامانە لە ناو هێڵی تەلەفۆندا هیچ نین جگە لە جۆرە دەرکەوتنێکی یەکبوونی هەستەکان لە ناو مرۆڤدا. ئەوە هەمان یەکبوونی هەستەکانە بەو جۆرە خۆی نمایش دەکات. ئەو هەموو دڵخۆشیەیش کە ئەو نامانە دروستی دەکەن دیسان پەیوەندی بە یەکبوونی هەستەکانەوە هەیە. ئەگینا هەندێجار ئەو نامانە جگە لە چەند وشەیەکی سادە هیچ شتێکی دیکە نین. بەڵام ئەوەی دڵخۆشییەکە دروست دەکات وشەکان نین، ئەو یەکبوونی هەستانەن کە لە پشتی وشەکانەوە کار دەکەن. ئەوە کە لە خۆشەویستییدا هەموو شتێک تامێکی تایبەتی هەیە، هەموو شتێک خۆشە، هەموو شتێک پڕ لە ژیان و پڕ لە زیندوێتییە، پەیوەندی بە خودی شتەکانەوە نییە، پەیوەندی بە هاوبەشی هەستەکانەوە هەیە، بە گەیشتنیان بە دوا لوتکە، ئەگینا هەزاران جار پیاسە دەکەین و چا دەخوینەوە و شێلم دەخۆین و زۆر شتی دیکەیش دەکەین، بەڵام تەنها ئەوانەیان لە ناوماندا بە زیندوویی دەمێننەوە کە لەگەڵ کەسێکدا کردوومانن هەستەکانمان لە لوتکەی هاوبەشیدا بوون لەگەڵیدا.**

## هەستە گەرمەکانمان

جاری وا هەیە نامەیەکی ئاسایی، یان تەنانەت ڕستەیەکی ئاسایی زۆرترین چێژ و بەختەوەری بە مرۆڤ دەبەخشێت و جاریش هەیە نامەیەکی پڕ لە دەربڕینی خۆشەویستی هیچ چێژ و بەختەوەرییەک بە مرۆڤ نابەخشێت، بەڵام بۆ؟ ئاخۆ ئەو حاڵەتە جیاوازانە پەیوەندییان بەچییەوە هەیە؟ بە بڕوای من پەیوەندی قووڵیان بە هەستی خودی مرۆڤەکەوە هەیە، ئەوەی نرخ بە نامە و ڕستە و وشەکان و تەنانەت بە ماچەکانیش دەبەخشێت خودی نامە و ڕستە و وشە و ماچەکان نین، هەستەکانی ئێمەن. کاتێ ئێمە هەستێکی گەرممان بۆ کەسێک هەیە، ئەگەر ئەو کەسە نەشتوانێت ئەوە بکات کە ئێمە بە گەرمی چاوەڕوانمان کردووە، ئەگەر دەرفەتی ئەوەشی نەبێت ڕوونکردنەوەمان بداتێ لەسەر ئەوەی بۆچی ئەو کارەی بۆ نەکراوە، ئێمە نە لێی زیز دەبین و نە هەستیش بە بێتاقەتی دەکەین، وەلێ کاتێ ئێمە هەستە گەرمەکانمان بەرامبەر بە کەسێک سارد دەبنەوە یان دەمرن، ئەگەر ئەو کەسە لەسەر شتێک کە نەیکردووە دەیان ڕوونکردنەوەشمان بداتێ هیچ لە دۆخی ئێمە ناگۆڕێت. تەنانەت ئەگەر ئەو کارەش بکات کە ئێمە چاوەڕوانمان کردووە ئێمە هەر چێژێکی گەورەی لێ نابینین. دەمەوێت بڵێم ئەوەی نرخ بە شتەکان دەدات و جادوویان لێ دەکات و دەتوانێت شتە بچوکەکان گەورە و شتە ناشیرینەکان جوان و شتە جوانەکانیش جوانتر بکات هەستە گەرمەکانی ئێمەن. ئەوەی وا دەکات کەسێک بە جوانترین کەسی دنیا بزانین، ئەوە نییە کە بە ڕاستی ئەو کەسە جوانترین کەسی دنیا بێت، ئەوەیە کە ئێمە هەستێکی گەرممان بۆ ئەو کەسە

هەیە. ئەو کەسە لە دەرەوەی روحی ئێمە خۆی چییە گرنگە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەو هەبوونەیەتی کە لە ناو روحی ئێمەدا هەیە. ئەگەر وا نییە گاری کۆپەر وتەنی: بۆچی چەند ملیۆن و تەنانەت چەند ملیار مرۆڤ بەبێ ئەو کەسەی ئێمە خۆشمان دەوێت دەژین و ئێمە ناتوانین بەبێ ئەو بژین؟ بێگومان ئەوە پەیوەندی بە هەستە گەرمەکانمانەوە هەیە بۆ ئەو کەسە. لەبەر ئەوە هەر کاتێ کەسێک یان پەیوەندییەکەمان مەبەست بوو، نەمانویست لە کیسمان بچێت، گرنگترین شتێک کە پێویست بێت ئاگاداری بکەین هەستەکانمانە، دەبێت دەست بۆ ئەو شتانە شل نەکەین کە دەبنە هۆی ساردبوونەوەی هەستەکانمان.

هەستە گەرمەکان

لە نێوانی وشە و دەنگدا

((ئیرینا پێی وتم/ محەمەد شتێک بڵێ/ وتم هیچم نییە بۆ وتن/ وتی من هیچم ناوێ/ دەمەوێ گوێم لە دەنگت بێت. )). زۆر جار لە زۆر دۆخی جیاجیادا هەستم کردووە زمان لەوە بچوکتر و بێدەسەڵاتترە بتوانێت هەستە گەرمەکانی مرۆڤ بە بەرامبەر بگەیەنێت. هەستم کردووە دواجار وشەکان بێهیوامان دەکەن. پێم وابووە لەگەڵ هەندێ لە هەستە گڕگرتووەکانماندا دەسووتێین و ئەو کەسەی مەبەستمانە نازانێت دەمانەوێت چی بڵێین. جار هەیە مرۆڤ کاتێ بیر لەو هەموو هەڵچوون و ختوکە و هەستە گڕگرتووانە دەکاتەوە کە کەسێک لە ناویدا دروستی

دەکات و پاشان هەوڵ دەدات لە ڕێی چەند وشەیەکەوە کە لە چەند پیتێکی بێگیان پێک دێن، ئەو هەستە بگوازێتەوە، دەحەپەسێت، ناتوانێت بڕوا بکات ئەو هەموو هەستە زیندووە چۆن دەکرێت لە ناو ئەو وشە و پیتە بێگیانانەدا جێیان بێتەوە؟ ئەمە یەکێک لە مەرگەساتەکانی مرۆڤی عاشقە. عاشق هەوڵ دەدات هەموو ژیانی لەگەڵ مەعشوقەکەیدا بەش بکات، کەچی ناتوانێت ئەو هەستەی پیشان بداتەوە کە مەعشوقەکەی لەودا دروستی دەکات، ناتوانێت ئەو بوومەلەرزە خۆش و شیرین و دڵنشینەی پیشان بدات کە خۆشەویستی ئەو لە ناویدا بەرپای دەکات. ئەو بوومەلەرزەیەی کە دوای ڕوودانی هیچ شتێک لە دۆخی پێشووتریدا نامێنێت. هەموو شتێک دەگۆڕێت و ئەوەی کە وەک خۆی دەمێنێتەوە بێهێزی و بێدەسەڵاتی وشەکانن لە گواستنەوەی ئەو بوومەلەرزە و گۆڕانکارییانەدا. بە داخەوە هەندێجار عاشقەکان دەمرن، یان بە هەر هۆیەک بێت لە یەک دادەبڕێن و ناگەن بەو ئاستە لە دەربڕین کە گەرمایی هەستە گڕگرتووەکانیان لە ڕێی وشەکانەوە بۆ یەکدی بگوازنەوە. ئەو پەرەگرافەی سەرەتای ئەم نوسینە کە لە دەقێکی (محمد المخزنجی) وەرگیراوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پێمان دەڵێت دواجار عاشقەکان کە دڵنیا دەبن ناتوانن ئەوەی هەستی پێدەکەن وەک خۆی بیخەنە ناو وشە و ڕستەکانەوە، هەڵوەدای دەنگی یەک دەبن. کە لە پیت و وشە و ڕستەکان بێهیوا دەبن لە ناو دەنگی یەکدیدا بۆ ئەو تاسە و سۆز و سوتان و تینوێتییە دەگەڕێن کە خەونیان پێوە بینیووە. هەر بە ڕاستییش هەندێجار ئەو گەرماییەی لە تۆنی دەنگی کەسێکدا هەستی پێدەکرێت لە وشەکانیدا هەستی پێناکرێت.

## کەمکردنەوەی هەستی نامۆیی

لەو ڕۆژانە لەگەڵ یەک دوو برادەری ئازیزدا چووین بۆ هەڵەبجە، دوای ئەوەی سەردانی مۆنۆمێنتی هەڵەبجەمان کرد و جارێکی دی کەوتینەوە ناو کارەساتەکانی کوردستانەوە کە بەشێکی گەورەیان لە مێژووی ئێمە داگیر کردووە. دوای ئەوەی چووینە بازاڕ و سەری کتێبخانەیەکی گەورەی ئەو شارەمان دا و بە شەقام و جادە و کۆڵانە تەنگەبەرەکانی شاردا کەمێک پیاسەمان کرد و تەماشای دوکان و بازارەکانمان کرد، لێیان پرسیم: حەزت لە کوێیە بچین؟ وتم عەبابەیلێ. وتیان بۆ؟ وتم: چونکە لە گۆرانییەکدا گوێم لێبووە دەڵێت یا عەبابەیلێ ماڵ بەبەرزەوە/ یارم نەکوژێ بە دەم لەرزەوە. چووین و چەند وێنەیەکمان گرت و هەستم بە دڵخۆشی کرد کە جێیەکم بینی بەر لەوەی ببینم لە ڕێی هونەرەوە شتێکی لە مندا جێهێشتبوو. هونەر و ئەدەبیات جگە لەوەی یارمەتی مرۆڤ دەدەن باشتر بیر بکاتەوە و وردتر دەرک بە شتەکان بکات، جگە لەوەی خەیاڵی فراوان دەکەن و هێزی خەیاڵکردنی تێدا دەتەقێننەوە، جگە لەوەی چێژ بە ڕوحی دەبەخشن و هەستی ئارامی و ئاسوودەیی تێدا دروست دەکەن، جگە لەوانە و لە زۆر کاری دیکەیش کە لەسەر دڵ و دەروون و هزر و بیرکردنەوەی مرۆڤدا بە ئەنجامی دەگەیەنن، هەستی نامۆییش لە مرۆڤدا کەم دەکەنەوە. گۆرانییەک، یان ڕەنگە تەنها بەیتێک لە گۆرانییەک بتوانێت، هەستی نامۆیی ئێمە بۆ کەسێک، بۆ ڕووداوێک، بۆ شوێنێک، کاڵ بکاتەوە و هەستی ئاشناییمان بەو کەس، یان ڕووداو، یان شوێنە پێببەخشێت. مرۆڤ کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە لە قوڵایی خۆیدا هەمیشە شەیدای دروستکردنی پەیوەندییە لەگەڵ کەس و ڕووداو و شوێن و شتەکاندا، هونەر و ئەدەبیات لەو هێزە گەورانەن کە دەتوانن لەو بوارەدا زۆرترین یارمەتی مرۆڤ بدەن. بە درێژایی مێژوو مرۆڤ بەرلەوەی بە پێ و بە ئاژەڵ و بە بەلەم و کەشتی و عەرەبانە و ماشێن و فڕۆکە سەفەر بکات و ڕووبەری ئاشنایی خۆی لەگەڵ شتەکاندا فراوان بکات، لە ڕێی هونەر و ئەدەبیاتەوە ئەو سەفەرانەی کردووە و پەیوەندی ڕوحیی لەگەڵ شتەکاندا دامەزراندووە و ئەگەر نەشیتوانی بێت هەستی نامۆیی لە ناو خۆیدا بکوژێت، لاوازی کردووە.

**مرۆڤی مەزن و شتی بچووک**

مرۆڤی مەزن، خەسڵەتی تایبەتی زۆرە، یەکێک لە خەسڵەتە تایبەتەکانی ئەو جۆرە لە مرۆڤ هەبوونی ڕێز و وەفایە بۆ ئەو شتانەی کە پێویستە ڕێزیان لێ بگیرێت. بە تایبەتیش ئەو شتانەی لە ڕووکاردا بچووک دەردەکەون، بەڵام لە ناواخندا گەورەن. بۆچی بە تایبەتی شتە بچووکەکان بە مرۆڤە مەزنەکانەوە گرێ دەدەم؟ چونکە مرۆڤی ئاسایی ئاسان بەسەر شتە بچووکەکاندا تێدەپەڕێت. بەڵام مرۆڤی مەزن لەسەر شتە بچووکەکان دەوەستێت و ڕێزیان لێ دەنێت و بێوەفاییان بەرامبەر نانوێنێت. من جارێکیان لە شاری سنە، لە ماڵی ژنێکی میهرەبان میوان بووم، کە زۆرترین هەستی دایکایەتی پێ دەبەخشیم. ژنێک هاوتەمەنی دایکم بوو. هەر پێشم دەوت دایە. تەمەنی حەفتا ساڵ دەبوو. ڕۆژێکیان ویستم خۆم بشۆم، پێی وتم: من سابوونێکم هەیە، 15 ساڵی ڕێکە هەڵم گرتووە، تا ئێستا هیچ کەسێک خۆی پێ نەشتووە، بەڵام دەیدەم بە تۆ خۆتی پێ بشۆ..! ئەو سابوونە زۆر خەیاڵی جوان و دڵنشینی لە مندا دروست کرد. خەیاڵی جۆراوجۆر. لە یەکێک لە خەیاڵەکانمدا پیاوێک، کە من نایناسم، ئەو سابوونەی بە دیاری بۆ ئەم ژنە هێناوە و ئێستا پیاوەکە نەماوە و ئەم ژنە تەمەن حەفتا ساڵەیە ئەو سابوونەی وەک یادگارێکی ئەو پیاوە و وەک ڕەمزی ڕۆژگارێک کە تیایدا دڵخۆش و دڵئاوەدان بووە، پاراستووە. خەیاڵەکانم لە بارەی ئەو سابوونەوە زۆر و جۆراوجۆر بوون. لەناو خەیاڵەکانمدا ئەو ژنەم دەبینی چەند بەو پیاوە دڵخۆش بووە..! چۆن دیارییە بچووکەکانی ئەوی بە سەرمایەیەکی گەورەی ڕوحیی زانیبێوە..! چۆن ئەو سابوونەی لە زێڕ و زیو و خشڵەکانی خۆی باشتر پاراستووە..! هەستم دەکرد دەیەوێت لە ڕێی ئەو سابوونەوە یەکێک لە خۆشترین چیرۆکەکانی ژیانی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە. من دەزانم مرۆڤ لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا ناتوانێت چیرۆکە خۆشەکانی خۆی بۆ هەموو کەسێک بگێڕێتەوە. هەستم دەکرد ئەو لە ڕێی ئەو سابوونەوە من بۆ گوێگرتن لە چیرۆکێکی شیرین بانگهێشت دەکات. لێرەدا هیچی دی لە بارەی ئەو چیرۆکەوە ناڵێم، تەنها ئەم ڕستەیە دەنووسم: سڵاو لەو ژنە مەزنە و لەو سابوونە بچووکە، کە فێریان کردم بۆ ئەوەی شتە گەورەکان پارێزراو بن، چۆن ڕێز لە شتە بچووکەکان بگرم!!..

## مرۆڤی میهرەبان و لێبووردوو

یەکێک لە دەستکەوتە گەورەکان لە ژیانی هەر یەکێک لە ئێمەدا ناسینی مرۆڤە باشەکانە. ئەمەش تەنها لەبەر ئەوە نا کە مرۆڤی باش جگە لەوەی هیچ مەترسییەکی بۆ سەرمان نابێت، چاکەیشمان دەرباره دەنوێنێت. بێگومان ئەو دوو خاڵە زۆر گرنگن، بەڵام لەوانەیش گرنگتر ئەوەیە مرۆڤی باش، خۆیشمان بەرەو باشی دەبات. من زۆرجار لە خەیاڵی خۆمدا پەیوەندییەکانی مرۆڤ وەک یاری دوو گۆڵی، یان هەر یارییەکی دی کە لەیەک کەس و لایەن زیاتر تیایدا بەشدار دەبن، دەبینم. مەبەستم ئەوەیە لە هیچ پەیوەندییەکدا مرۆڤ تەنیا نییە و بە تەنیا بڕیار نادات. وەک چۆن لە یاری دووگۆڵییدا ئەوەی یارییەکە دیاری دەکات هەردوو تیپەکەن، لە پەیوەندی مرۆڤەکانیشدا ئەوەی پەیوەندییەکە دیاری دەکات هەردوو لان. تیپێک هەرچەند بەهێز بێت کاتێک لەگەڵ تیپێکی بێهێزدا یاری دەکات، ناتوانێت باش یاری بکات، چونکە وەک وتمان ئەوەی یارییەکە دەکات هەر تیپە بەهێزەکە نییە، هەردوو تیپەکەن. مرۆڤیش ئەو کاتەی لەگەڵ خەڵکی باشدا پەیوەندی دروست دەکات، ڕۆیشتنی بەرەو باشی دەبێت.

مرۆڤەکان لەکاتی پەیوەندییدا کار لەیەک دەکەن. کاتێ کەسێکی توڕە و هەڵچوو دێتە ژیانمانەوە، بێئەوەی بەخۆمان بزانین بەرەو توڕەیی و هەڵچوونمان دەبات، کاتێک دەزانین ئێمە مرۆڤەکەی بەر لەو پەیوەندییە نین. بە پێچەوانەیشەوە کاتێ مرۆڤێکی میهرەبان و لێبووردوو دێتە ژیانمانەوە، ئەگەر پێشتریش وا نەبووبین، هێدی هێدی ئێمەیش بەرەو میهرەبانی و لێبووردوویی دەڕۆین. کاتێک دەزانین مرۆڤەکەی بەر لەو پەیوەندییە نین. کە واتە بۆ ئەوەی بتوانین ڕابردوویەکی جوان و ئێستا و ئایندەیەکی جوانترمان لەگەڵ کەسێکدا هەبێت، پێویستمان

بەوەیە لەگەڕان بەدوای مرۆڤە باشەکاندا ماندوو نەبین. هەمیشەیش مرۆڤی باش هەن و کەمیش نین، بەڵام هەندێجار ئێمە کەمحەوسەڵەین و زوو لە گەڕان بە دوویاندا ماندوو دەبین. بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایش بۆ ئەوەی کە هەمیشە مرۆڤی باش هەن ئەوەیە کە ژیان بەردەوامە. ئەگەر مرۆڤی باش و هێزی چاکە نەمێنن ژیانیش نامێنێت. سڵاو لەو مرۆڤە میهرەبان و لێبووردووانەی کە دێنە ژیانمانەوە و مانا بە ژیانمان دەبەخشن و یارمەتیمان دەدەن میهرەبان و لێبووردوو بین.

خەیاڵەکانی مرۆڤ

من وەکو خۆم، بڕوایەکی قووڵم بەوە هەیە، بۆ مرۆڤ، هەرگیز خەیاڵ لە واقیع کەمتر نییە. ئەوەی ڕەنگ بە ژیانی مرۆڤ دەبەخشێت، زیاتر خەیاڵەکانێتی. تەنانەت وەک (لاکان) ئاماژەی بۆ کردووە هۆکارێکی سەرەکی لەوەی کە مرۆڤ کەمتر دەتوانێت لە هاوسەرگیرییدا سەرکەوتوو بێت ئەوەیە کە لەو پرۆسەیەدا خەیاڵ دەمرێت. من ناڵێم ئەوەی لە ناو واقیع و لە دەوروبەرمان دەگوزەرێت گرنگ نییە، بەڵام بێگومان ئەوەش کە لە ناو خەیاڵەکانماندا دەگوزەرێت گرنگە. بەشی زۆری ئەو هێزەی بۆ درێژەدان بە ژیان پێویستمان پێی دەبێت، لە خەیاڵەکانمانەوە سەرچاوە دەگرن. ئەوە خەیاڵەکانمانن کە ژیانمان لە ناو خۆیاندا دەتوێننەوە. بۆ نمونە: کەسێک خەیاڵەکانی پڕ بن لە مردن، لە هەر کوێیەکی ژیان و جیهاندا بێت، ناتوانێت وەک پێویست هەست بە ژیان و

**جوانییەکانی بکات. ئەگەر ژیان وەکو دەریایەک و مرۆڤیش وەک کەشتییەک وێنا بکەین، دەکرێت خەیاڵ وەک کاپتنی ئەو کەشتییە تەماشا بکەین. خەیاڵ رۆڵێکی سەرکی لەوەدا هەیە ئەو کەشتییە بەرەو گەرداو، یان بەرەو کەناری ئارامی ببات. من بڕوای تەواوم بەوە هەیە کە ئەوەی مرۆڤ لە کوێ و لەگەڵ کێ دەژی گرنگە. بەڵام بڕوای تەواویشم بەوە هەیە ئەوەی لە ناو خەیاڵەکانی مرۆڤدا دەگوزەرێت، ئەگەر نەڵێم زیاتر، دەتوانم بڵێم بە هەمان ئەندازە گرنگە. کاتی خۆی، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، لە کتێبێکی (غەسان سەلامە)دا بوو، بەسەرهاتی کەسێکم خوێندەوە کە لە زینداندا و دوای ئەوەی بڕیاری لەسێدارەدانیشی بۆ دەردەکرێت، هەوڵ دەدات خۆی فێری زمانی ئینگلیزی بکات. دەیان و سەدان کەسیش بوونیان هەبووە کە لەو پەڕی خۆشگوزەرانییدا خۆیان کوشتووە. بۆچی کەسێک لە زیندان و لە چاوەڕوانی مەرگدا دەتوانێ خۆی فێری زمانێکی دیکە بکات و کەسێکی دی لەو پەڕی خۆشگوزەرانییدا ناتوانێت درێژە بە ژیان بدات؟ بێگومان ئەمە بە ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە خەیاڵەکانی مرۆڤەوە هەیە. ئەوەی کە لە زینداندا کۆڵ نادات، شتێک لە ناو خەیاڵەکانیدا دەچرپسکێتەوە کە هێزی ژیانی دەداتێ. ئەوەش کە لەو پەڕی خۆشگوزەرانیدا خۆی دەکوژێت، شتێک لە ناو خەیاڵەکانیدا دەژی کە هێزی ژیانی لێ دەسێنێتەوە. بۆئەوەی بتوانین درێژە بە ژیان بدەین و زۆرترین چێژ لە ژیان وەربگرین، پێویستە ئاگامان لە خەیاڵەکانمان بێت.**

## مرۆڤ ناتوانێت خۆی بێهیوا بکات

**جارێکیان کورتە فیلمێکی دۆکۆمێنتارییم بینی تیایدا پیرەژنێکی کورد کە دوو کوڕی لە پرۆسەکانی ئەنفالدا بێسەروشوێن کرا بوون، دەیووت: ((وتوویانە کوڕەکانت لە سعودیەن، لەو نزیکانەدا دەگەڕێنەوە، منیش هەر یەکە و**

دەستێک جلی کوردیم بۆ کڕیوون کە هاتنەوە دەیاندەمێ لەبەری بکەن)). ڕاستە مرۆڤ کە ئەو فیلمە دەبینێت خەیاڵی بۆ ئەوە دەچێت ئەو پیرەژنە لە حەیبەتی کوڕەکانیدا قسە ببزرکێنێت. بەڵام دەتوانین ڕاستییەکی دیکەیش لەو فیلمە و لە قسەکانی ئەو پیرەژنەدا ببینین، کە من لەم نووسینەدا پێویستم بەو ڕاستییەیان هەیە. دەتوانین ئەو قسانە وا ببینین، کە مرۆڤ سوک و ئاسان ناتوانێت دەستبەرداری ئەو شتانە بێت کە زۆری خۆش دەوێن. ئەو شتانەی لای مرۆڤ زۆر خۆشەویستن زۆر جار لە یەک ڕێگادا تیادەچن، بەڵام خاوەنەکانیان دەیان ڕێگای واقیعی و خەیاڵی لە دڵ و مێشکی خۆیاندا دەدۆزنەوە و درووست دەکەن بۆ ئەوەی بڕوا بەو تیاچوونە نەهێنن و خۆیان تەسلیمی بێهیوایی نەکەن. مرۆڤ دەتوانێت بەبێ ئەو شتانە بژی کە زۆری خۆش دەوێن، بەڵام ناتوانێت بەبێ هیوایەک بۆ گەڕانەوەی ئەو شتانە بژی. یان دەتوانم بە واتایەکی واقیعی تر بڵێم: مرۆڤ ئەگەر یەکجار بە تیاچوونی ئەو شتانە ماڵوێران بێت کە زۆر خۆشی دەوێن، بە بێهیوایی لە گەڕانەوەی ئەو شتانە دووجار، یان زیاتر لە دووجاریش ماڵوێران دەبێت. تەنانەت کاتێ مەسەلەکە دەشگات بە مردن، واتە کەسێک کە زۆر خۆشمان دەوێت و دەمرێت، هەر بەیەکجاری خۆمان نادەینە دەستی بێهیواییەوە. لەو حاڵەدا یەکێک لە دیارترین و کۆنترینی ئەو ڕێگایانەی هیوایەک بۆ مرۆڤ دەگێڕنەوە بڕواهێنانە بەوەی دنیایەکی دیکە هەیە و لەوێ مرۆڤ بەو کەسە شاد دەبێتەوە کە زۆر خۆشی ویستووە و لە دەستی چووە. ڕێگایەکی دیکە کە بە بڕوای من، بە تایبەت بۆ ئەوانەی بڕوایان بە دنیایەکی دی نییە، دوایین ڕێگایە، بینینی خەونە بەو کەسەوە کە زۆریان خۆشویستووە. زۆرێک لە خەونەکانمان هەوڵن بۆ وەڵامدانەوەی ئەو شتانەی پێویستمان پێیانە، بەڵام بە شێوازی خۆیان. دەمەوێ بڵێم: با هەرچی دەکەین ڕێ بە خۆمان نەدەین مرۆڤ بەرەو ئەوە پاڵ بنێین دەستبەرداری خەونەکانی بێت، با ئەگەر نەشمان توانی هیچ شتێکی بۆ بکەین، ڕێز لە خەونەکانی بگرین.

**ئەوەی زۆر گرنگە مرۆڤە**

**جارێکیان هاوڕێیەکم کە بانگهێشتی نانخواردنی کردبووم، پێی وتم فەرموو دانیشە هەر چەند شوێنەکەیش زۆر باش نییە. پێموت: بۆ من مرۆڤ گرنگە شوێن گرنگ نییە. ئەو هاوڕێیەم ئەو قسەیەی منی بە موجامەلەیک زانی بۆ خۆی، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە بۆ من مرۆڤ لە هەموو شتێک گرنگترە. ئەگەر شتێک لە شتێک و شوێنێک لە شوێنێک گرگنتریش بێت بەلامانەوە، ئەوا ئەو حاڵە دوو ڕاستی دیکەیشی لەگەڵە. ڕاستی یەکەم ئەوەیە کە ئەو شتە یان ئەو شوێنە لە شتێکی دی، یان لە شوێنێکی دی گرنگترە، لە مرۆڤ گرنگتر نییە. ڕاستی دووەمیش ئەوەیە زۆرینەی جارەکان ئەو شتە یان ئەو شوێنە لە خۆشی و بە خەیاڵی کەسێکەوە لە شتێکی دی، یان لە شوێنێکی دی گرنگترە. عەبدولڕەحمان مونیف- سەبارەت بە شار وتویەتی: ((شار بریتییە لە پەیوەندی کەسەکان))، ڕاستە دەتوانین شاری پاک و پڕ لە سەوزایی و پڕ لە باخ و کۆشک و تەلای بەرز و ڕازاوە و ڕێگاوبانی چاک و شاری پڕ لە چالاکی جۆراوجۆری ئابوری و سیاسی و کلتوری و زانستی و کۆمەڵایەتی و...هتد بە شارێکی گرنگ و زیندوو لە قەڵەم بدەین، بەڵام لەوە گرنگتر بۆ شار و بۆ ژیان پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە. بە بڕوای من و بۆ من مرۆڤێکی میهرەبان دەتوانێت قەرەبووی زۆرترین جوانییەکانی شارم بۆ بکاتەوە، دەتوانێت شارێکی ناخۆشم بۆ بکات بە شارێکی خۆش و دڵنشین. بەڵام جوانی و دڵگیریی هیچ شارێک ناتوانێت قەرەبووی مرۆڤێکی میهرەبانم بۆ بکاتەوە. بێگومان من مەبەستم کەمکردنەوە نییە لە نرخ و بەهای شوێن، چونکە هیچ شتێک لە ژیانی مرۆڤدا بێنرخ و بێبەها نییە، هەموو شتێک نرخ و بەهای خۆی هەیە، شوێنیش پەیوەندی گەورەی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە و کاریگەری گەورەشی لەسەر بەجێ دەهێڵێت. من مەبەستم ڕونکردنەوەی بەها و بایەخی مرۆڤە. دەمەوێ بڵێم: بەختەوەری و بەدبەختی ئێمە، زیاتر لە هەر شتێک پەیوەندی بە مرۆڤەکانی دەوروبەرمانەوە هەیە. بۆ من ژیان لەگەڵ مرۆڤێکی میهرەباندا لە کوخێکدا، لە ژیان لە کۆشکێکدا بەبێ مرۆڤێکی میهرەبان، جارێک نا، هەزاران هەزار جار خۆشتر و دڵنشینترە.**

## پەیوەستبوونی مرۆڤەکان بە یەکدییەوە

زۆر جار بیر لەوە دەکەمەوە بۆچی لە ناو ملیاران مرۆڤدا دڵی ئێمە بە کەسێکدا دەچێت و لای ئەو کەسە دەنیشێتەوە و مەفتوونی دەبێت؟ بۆچی هەندێجار ئەو کەسەی ئێمە شەیدای دەبین هیچ وەڵامدانەوەیەکی بۆ ئێمە نییە؟ بۆچی جار هەیە هەر ئەو کەسە لە کاتێکدا وەڵاممان ناداتەوە لە کاتێکی دیدا وەڵامی گەرمی بۆمان دەبێت؟ ئەمانە کۆمەڵێک پرسیاری سەیرن کە پێم وایە زۆربەمان لە خۆمانیان دەکەین. هەڵبەت یەکەمین مەرجی خۆشەویستی هەبوونی هەستی هاوبەش و لێکنزیکی و لێکگەیشتنی مرۆڤەکانە. کاتێ دوو مرۆڤ هەست دەکەن دەتوانن لە یەکدییەوە نزیک بن، ئەوە یەکەمین هەنگاویان بۆ رۆیشتن بەرەو خۆشەویستی ناوە. جار هەیە دوو کەس زۆریش لە یەک نزیکن کەچی ناگەن بە خۆشەویستی، هۆکاری ئەمەیان چییە؟ ئەمەیان بە بڕوای من زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەیە ئەو دوو کەسە، یان هیچ نەبێت یەکێکیان، کەسێکی دی لە ژیانیدا هەیە. دەمەوێت بڵێم بۆ دروستبوونی خۆشەویستی دوای ئەوەی هەبوونی نزیکایەتی مەیسەر بوو، بایەخی کاتی لە دەرگادان دەردەکەوێت، مەبەستم لە کاتی لە دەرگادان ئەوەیە لە کاتێکدا ئێمە لە دەرگا بدەین لە پشتی ئەو دەرگایەوە کەسێکی دی نەوەستا بێت. کاتێک لە دەرگا بدەین ئارەزووی دەرگاکردنەوە بە گەرمی لە کەسی بەرامبەرماندا بوونی هەبێت. دەمەوێ بڵێم: چارەنوسی ئێمە بە تەنها لەلایەن خۆمانەوە دیاری ناکرێت. وەکچۆن هەندێجار هەبوونی کەسێک لە ژیانی ئێمەدا ڕێگر دەبێت لە هاتنی کەسێکی دی، هەندێجاریش رۆیشتنی کەسێک لە ژیانی ئێمە، ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ هاتنی کەسێکی دی. واتە زۆرێک لە بڕیارە گرنگەکانی ژیانی ئێمە پەیوەندی بە خەڵکی دیکەوە هەیە. هەر یەکێک لە ئێمە بە توندی بە کەسێکی دیکەوە پەیوەستە. زۆر بە دەگمەن شتێک لە ژیانماندا ڕوو دەدات پەیوەندی بە هیچ کەسێکی دیکەوە نەبێت، بۆیە پێویستە زۆر لەوەی کە هەیە زیاتر ئاگامان لەیەک بێت. پێویستە بیرمان نەچێت ئەو بڕیارانەی دەیاندەین تەنها پەیوەندییان بە چارەنوسی خۆمانەوە نییە، هەندێجار بڕیارێکی ئێمە ژیانی کەسێکی دی قڵپ دەکاتەوە، لەبەر ئەوە نابێت هەرگیز ڕێ بە خۆمان بدەین لە بڕیارداندا بێدەربەست بین. پێویستە هەمیشە لەوەی کە هەیە میهرەبانتر بین لەگەڵ یەک .

**بەختەوەرەکان کێن؟**

زۆر جار لە خۆم دەپرسم: مرۆڤ بە دوای چیدا وێڵە؟ ئەو هەموو خۆماندووکردن و ڕاکەڕاک و هەڵپەیە بۆچی دەکات؟ ڕەنگە بتوانین بڵێین: مرۆڤ هەرچی دەکات بە مانایەک لە ماناکان، بۆ گەیشتن بە بەختەوەری دەیکات. ئیدی بەختەوەری من لە شتێکدایە، بەختەوەری تۆ لە شتێکی دیکەدایە، ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە. باشە بەختەوەر کێیە؟ ئەم پرسیارە زۆر جۆر وەڵام هەڵ دەگرێت، من ئێستا و بە دیاریکراوی لەم چرکەساتەدا، بەم جۆرە وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە: بە بڕوای من، بەختەوەر کەسێک نییە کە دەکەوێتە ناو خەونێکی خۆشەوە و ئیدی خەبەری نابێتەوە، چونکە هەموو خەونەکان کۆتاییان دێت و وەختێک هەیە خەونەکان تیایدا دەبن بە (بوخار!) و خەونبینەکان بە ئاگا دێنەوە و سەریان بەر بەردی ڕەق و ئازاراوی واقیع دەکەوێت. ئەوە سروشتی ژیانە، کە هەموو شتێک تیایدا کاتییە، شتێک نییە لە ژیاندا بۆ هەتا هەتایی بمێنێتەوە، مرۆڤ ناچارە خۆی لەگەڵ ئەم ڕاستییە تاڵەدا بگونجێنێت، ئەگەرنا بە تەنها خەونەکانی تیا ناچن، بەڵکو خۆیشی لەگەڵ تیاچوونی خەونەکانیدا تیا دەچێت. بە بڕوای من بەختەوەر کەسێکە کە دوای خەبەربوونەوەی لە خۆشترین خەونی ژیانی، خەونێک کە خۆی نەیویستووە هەرگیز لێی بەئاگا بێتەوە، تواناى خەونبینین لە دەست نادات. نەک هەر ئەوە دەتوانێت خەونی خۆشتر ببینێت. من ئێستا کە ئەم وشانە دەنووسم کۆتایی شیعرێکی خۆمم بیر دەکەوێتەوە، کە ساڵانێک پێش ئێستا نووسیوومە و بڵاوم کردۆتەوە، لەوێدا وتوومە: ((بیرتە وتت قسەکانت لە ماچەکانت خۆشترن/ من لە داخا تێر و پڕ ماچم کردی/ بیرتە هەرچییەکمان کۆکردەوە/ ڕەشەبای ڕۆژگار بردی؟)). بۆچی ئەو

شیعرەم بیر دەکەوێتەوە؟ چونکە خەونە خۆشەکانی ئەو کاتەم لەگەڵ ڕەشەبای ڕۆژگاردا ڕۆیشتن، بەڵام ژیان نەوەستا. من دوای ئەو خەونە خۆشانە خەونی خۆشترم بینی. بە بڕوای من جوانترین شت لە ژیاندا، یەکەم، ئەوەیە کە ناوەستێ، دووەم، ئەوەیە کە بەردەوام لە دووتوێی شەو و ڕۆژە نەهاتووەکانیدا، ڕووداو و بەسەرهاتی چاوەڕوان نەکراوی پێیە. خۆهەڵگرتن و خۆئامادەکردن بۆ ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە هیچیان لەبارەوە نازانین، چێژێکی گەورەی هەیە. بە بڕوای من، ئەو مرۆڤانەی دەتوانن و دەزانن چۆن ئەو چێژە لە ژیان بدزن، لە بەختەوەرترین مرۆڤەکانی دنیان.

سەروەتێک، کە قەرەبوو ناکرێتەوە

کازانزاکی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: ((کە دەمبینی ئاگرێک کراوەتەوە و کەس کەڵکی لێ وەرناگرێت، یان کە ئاوێکم دەبینی بە خۆڕایی دەڕوات، خەمبار دەبووم))، من کە ئەم وتەیەی کازانزاکیم بیر دەکەوێتەوە، خەیاڵم بۆ لای تەمەن دەچێت. ئێمە تەمەنمان وەک ئەو ئاگر و ئاوەی کازانزاکی باسی دەکات بە فیڕۆ دەڕوات. تەمەن تاکە سەروەتی مرۆڤە کە هێز نییە یەک چرکەساتی ڕۆیشتووی بگێڕێتەوە. زۆر شت هەن لە ژیانی مرۆڤدا ئەگەر لە دەستیش بچن دەتوانرێت قەرەبوو بکرێنەوە. قەرەبووکردنەوە دەتوانێت لە زۆر بواردا ئاهێک بە دڵی مرۆڤ ببەخشێت. بۆ نموونە: دەگونجێت کەسێک، لە قۆناغێکی ژیانیدا، بە هۆی کەمدەستی و خراپی باری ئابوورییەوە، نەتوانێت بە دڵی خۆی خزمەتی دایک، یان باوک، یان هەر خۆشەویستێکی بکات، بەڵام دەکرێت ڕۆژێک بێتە پێشەوە، ئەو کەسە، باری ئابوری بگۆڕێت و چەند بەرامبەر ئەو خزمەتە لە دەستچووە قەرەبوو بکاتەوە. دیسان بۆ

نمونە: ڕەنگە ڕوو بدات بە هۆی بارودۆخێکی تایبەتەوە، ڕۆژانێک نەتوانین بە دڵی خۆمان لەگەڵ خۆشەویستان و ئازیزانماندا بژین، بەڵام دەکرێت دوای تێپەڕبوونی ئەو بارودۆخە، قەرەبووی دابڕانمان بکەینەوە و کاتێکی زۆرتر بۆ خۆشەویستان و ئازیزانمان تەرخان بکەین. زۆر شتی دیکەیش هەن کە مرۆڤ دەتوانێت قەرەبوویان بکاتەوە. بەڵام تەمەن ئەو گەنجینە پڕ نرخ و پڕ بەهایەیە کە هەرگیز، قەرەبوو ناکرێتەوە. زۆر سەیرە مرۆڤ هەندێجار دەست بە پارە و سامانەکەیەوە دەگرێت و دوای لێکدانەوەیەکی زۆر، ئینجا بڕیار دەدات چۆن چۆنی لە پارە و سامانەکەی خەرج بکات. کەچی زۆر بێدەربەستانە کاتەکانی، کە تەمەنی پێک دەهێنن و گەورەترین سەروەت و سامانی ئەون، بە فیڕۆ دەدات. من لێرەدا لە بەفیڕۆدانی کات، دوو مەبەستم هەیە، یەکەمین مەبەستم ئەوەیە کە هەوڵ نادات بەرهەمێکی هەبێت. دێت و دەڕوات و هیچ شتێک لە دوای خۆی جێ ناهێڵێت. مەبەستی دووەمم ئەوەیە نازانێت چۆن چێژ لە کاتەکانی خۆی وەربگرێت. ئەگەر یەکەمیان کەمتەرخەمی بێت بەرامبەر بە مرۆڤایەتی، دووەمیان کەمتەرخەمییە بەرامبەر بە خودی خۆی. دەمەوێت بڵێم: بۆ ئەوەی نە لە بەرامبەری خۆمان و نە لە بەرامبەری مرۆڤایەتیدا، کەمتەرخەمی نەنوێنین، دەبێت زیاتر لە هەر شتێک کە هەمانە، ئاگامان لە کاتەکانمان بێت، بە فیڕۆ نەڕۆن.

ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار

ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار، ئیدیۆمێکە ئەگەر زۆرینەی هەرە زۆریشمان بە زارماندا نەهاتبێت، بە دڵنیاییەوە زۆرینەی هەرە زۆرمان بیستوومانە. بە بڕوای من خۆزگەخواستن بە پار، یان ڕاستتر بە ڕابردوو، مەرج نییە لەبەر ئەوە بێت ژیان هەمیشە بەرەو خراپوون بڕوات.بەڵکو ئەو خۆزگەخواستنە، پەیوەندی بە چەند هۆکارێکی جیاجیاوە هەیە. بە لای منەوە یەکێک لەو هۆکارانە ئەوەیە کە مرۆڤ لە نادیار دەترسێت و ئایندەش بۆ ئەو نادیارە، بۆیە کە بیری لێ دەکاتەوە جۆرێک لە ترس دایدەگرێت. ڕابردوو، یان پار، ئەگەر کارەسات و نەهامەتیشی تێدا بووبێت، مادام بۆ مرۆڤ شێوە و قەبارەی کارەسات و نەهامەتییەکە زانراوە و شوێنی خۆیشی لە ناو ئەو کارەسات و نەهامەتییەدا بینیوە، تا ڕادەیەک بۆی ئاسانترە. ئەگەر وای دابنێین مرۆڤ لە ڕابردوویدا کارەسات هەبووبێت و هەست بکات یان بترسێت لە ئایندەشیدا کارەسات ڕوو بدات، کارەساتەکەی ڕابردووی پێ ئاسانترە، چونکە دەزانێت چۆن لێی هاتۆتە دەرەوە، بەڵام بۆ کارەساتەکەی ئایندە نازانێت لێی دێتە دەرەوە یان نا؟ ئەگەر لێشی بێتە دەرەوە نازانێت چۆن لێی دێتە دەرەوە. بە بڕوای من ئەمە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی خۆزگەخواستنی مرۆڤە بە ڕابردوو. هۆکارێکی دیکە، (بێگومان بە لای منەوە) جادووی بیرەوەیی و یادگارییە خۆشەکانە، کە وا لە مرۆڤ دەکات خۆزگە بە ڕابردوو بخوازێت. چونکە دواجار ئەوەی بۆ مرۆڤ دەمێنێتەوە بیرەوەری و یادگارییەکانن. مرۆڤ لەو کاتەدا کە خۆزگە بە پار دەخوازێت بیرەوەری و یادگارییەکانی پاری خۆی بینیووە، بەڵام بیرەوەری و یادگارییەکانی ئایندەی خۆی نەبینیووە. نازانێت لە ئایندەدا بیرەوەری و یادگارییەکانی چۆن دەبن؟ هۆکارێکی دیکە جادووی گێڕانەوەیە کە وا لە مرۆڤ دەکات خۆزگە بە پار بخوازێت. هەر یەکێک لە ئێمە لە پاردا، واتە لە ڕابردوودا، چەندین چیرۆک و حیکایەتی هەبووە کە ئەگەر هیچ کەسێکیشی دەست نەکەوتبێت بۆ خۆی گێڕاوەتەوە، مەبەستم ئەوەیە بۆ خۆی لەگەڵیاندا ژیاوە و بەر لە خەڵک خۆی چێژی لێ بینیوون. بەڵام هیچ کامێک لە ئێمە هیچ جۆرە چیرۆک و حیکایەتێکی ئایندەی نەبینیووە تا بیگێڕێتەوە، یان لەگەڵییدا بژی و چێژی لێ ببینێت.

**له نێوان مردن و ژیاندا**

زۆر جار بیر لەو کاتانە دەکەمەوە کە مرۆڤ تەمەنی هەڵدەکشێت و هەست دەکات مردن لێی نزیک بۆتەوە، وا دیارە ئەو کاتانە زۆر ناخۆش و سەختن. من جارێ خۆم نەگەیشتووم بەوەی ئەو هەستە تاقی بکەمەوە، بەڵام بە شێوەیەکی تیۆریی و وەکو وێناکردنێکی زیهنی، پێموایە ئەو کاتانە بۆ هەموو کەسێک ناخۆشن، بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە پێشتر هەستیان کردووە مردن لێیانەوە دوورە، بەڵام نەیانزانیبووە چۆن باوەش بە ژیاندا بکەن. بە بڕوای من کێشەی گەورەی مرۆڤ مردن نییە، ژیانە. بێگومان سەبارەت بە مردن، مرۆڤ جگە لەوەی دواجار خۆی بە دەستەوە بدات هیچ ڕێیەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە. بەڵام بۆ ژیان، مەبەستم چۆنێتی ژیانە، هەزاران هەزار ڕێیمان لەبەردەم دایە. ئەوەی شوێنی تاقیکردنەوەی ئیرادەی مرۆڤە ژیانە، نەک مردن. ئێمە ناچارین مردن وەک خۆی قبوڵ بکەین، بەڵام ناچار نین ژیان وەک خۆی قبوڵ بکەین. مردن گەیشتنە بە خاڵێک کە ئیدی نەدەتوانین بۆ پێشەوە بڕۆین و نەدەشتوانین بە ڕێی خۆماندا بگەڕێینەوە. مردن نە گوێی هەیە نە زمان، دەرفەتی گفتوگۆ بە هیچ کەسێک نادات. بەڵام ژیان وا نییە، ژیان گەیشتنە بە خاڵێک کە لێیەوە چەندین ڕێی جیا جیا درێژ دەبنەوە، ئەو ڕێیانە بە چەندین ئاقاری جیاجیماندا دەبەن. ژیان جگە لەوەی دەتوانێت زۆرترین دەرفەت بە مرۆڤ ببەخشێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، خاوەنی گوێ و زمانیشە، هەر کاتێک ئێمە خۆمان ئیرادەی گفتوگۆمان هەبێت ئەو ئامادەیە بۆ گفتوگۆ. مردن شوێنی پێچانەوەی خەونەکانمان و ژیان شوێنی کرانەوەی خەونەکانمانە. لەگەڵ مردندا لێکحاڵیبوون نییە، بەڵام لەگەڵ ژیاندا ئەگەر بەدحاڵیبوونێکیش هەبێت لەوانەیە چارەسەر بکرێت. لەبەر ئەوە مرۆڤ ناچارە لە بری بیرکردنەوە لە مردن و خۆسەرقاڵکردن بە مردنەوە، بیر لە ژیان بکاتەوە و خۆی بە ژیانەوە سەرقاڵ بکات، پێویستە مرۆڤ ڕووی لە ژیان و پشتی لە مردن بێت. دەمەوێت کورت و پوخت بڵێم: بۆ ئەوەی لە کاتی مردندا کەمترین شتمان لەگەڵدا بمرێت، دەبێت گەرم، زۆر زۆر گەرم، باوەشمان بە ژیاندا کردبێت و زۆرترین شتمان لێ وەرگرتبێت و زۆرترین شتیشمان پێ بەخشیبێت .

**له ناو ماناکانی هەڵەبجەدا**

**کاتێک بەعس لە ساڵی 1988 دا هەڵەبجەی کیمیاباران کرد هەر هەڵەبجەی نەکوشت، هەر بە تەنها بیری لای سڕینەوەی هەڵەبجە نەبوو، ئەوەی بەعس دەیەویست بیکوژێت، ئەوەی ئەو دەیویست بیسڕێتەوە، کوشتنی هەستکردن بە دڵنیایی و بڕوابوون بە ئایندە بوو، ئەو دەیویست گورزێکی کەمەرشکێن لە کورد بدات، گورزێک شوێنەواری، چەند لەسەر جەستەی کورد دەردەکەوێت دوو ئەوەندە یان ڕەنگە زیاتریش، لەسەر ڕوحی کورد ڕەنگ بداتەوە. بەعس دەیویست هەستکردن بە دڵنیایی لە ڕوحی کورددا بکوژێت، دەیویست کارێک بکات کورد بڕوای بە ئایندە نەمێنێت، بە بڕوای ئەو کاتێ ئەو دوو ئەرکە ئەنجام دران، مەبەستم ئەوەیە کاتێ کورد هەستکردنی بە دڵنیایی تێدا مرد و بڕوای بە ئایندە نەما، ئیدی چۆڵکردنی گۆڕەپانی ململانێ و خۆبەدەستەوەدانی کورد، لە خەونەوە دەبێت بە کردەوە، ئیدی گەیشتن بە کۆتایی ئەو کێشە ماندووکەرەی ناوی کێشەی کوردە مسۆگەر دەبێت. بەعس بە دوای وێنەیەکدا دەگەڕا ئەو دوو ئەرکەی تێدا بەرجەستە بکات، هەڵەبجە ئەو وێنەیە بوو کە بەعس دەیویست لە ڕێیەوە ئەو دوو ئەرکە بە ئەنجام بگەیەنێت و بەو ئامانجە بگات کە ئاماژەمان بۆ کرد. بۆیە ئێستا یەکێک لە ئەرکە گەورەکانی کورد کارکردنە لەسەر گەڕاندنەوەی هەستی دڵنیایی و دروستکردنەوەی بڕوابوون بە ئایندە هەم لە هەڵەبجە و هەم لە ناو ڕوحی کوردەوارییدا. هەڵەبجە ئەو پنتە، یان ڕاستتر ئەو وێنەیەیە کە بەعس لە ڕێیەوە بە دوای ئەو خەونەدا دەگەڕا، بۆیە دەکرێت کوردیش لە ڕێی ئەو پنتەوە، یان ئەو وێنەیەوە کە ناوی هەڵەبجەیە هەوڵی خۆی بۆ سڕینەوەی ئەو خەونەی بەعس چڕ بکاتەوە و کاری گەورەی بۆ بکات. هەڵەبجە لە شارێک زیاترە و ناکرێت تەنها وەکو شارێک تەماشا بکرێت، ئەگەر جارێک کارکردن لە پێناوی هەڵەبجەدا وەکو شار پێویست بێت، دەیان جار کارکردن لە ناو ماناکانی هەڵەبجەدا پێویستە. هەڵەبجە مانای زۆر و مانای گەورەی هەیە، یەکێک لە دیارترین ماناکانیشی، لە ئیرادەی ئێمەدا بۆ ژیان و ئازادی چڕ دەبێتەوە. بۆیە دەکرێت**

**کاری گەورە لەسەر ئەو مانایە بکرێت. دەتوانرێت لە ناو ماناکانی هەڵەبجەوە گەڕان بۆ دروستکردنەوەی دڵنیایی و بڕوابوون بە ئاینده دەست پێبکرێت .**

**لە نەورۆزدا**

**هیوایەکی وەک بەهار تەڕ و سەوز**

**یەکێک لە بیرەوەرییە خۆشەکانی ژیانم لە جەژنی نەورۆزی 1988دا بوو. ئەو کاتە تەنها چوار ساڵ بوو دەستم بە نوسین و خوێندنەوە کردبوو، هیچ شیعر و نوسینێکیشم لە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا بڵاو نەکرابۆوە، بە دڵێکی زۆر گەرم و پڕ لە خەونەوە سەرم کردبووە خوێندەوە و نوسین، دنیام لە شێوەی کتێبدا دەبینی. لە بیرمە ئەو کاتانە ئەگەر هاوڕێکانم کراسێکی باشیان بە چوار دینار بکڕیایە من هەوڵم دەدا کراسێکی خراپ، بە دوو، یان بە سێ دینار بکڕم و ئەوەی کە بۆم دەمایەوە بیدەم بە کتێب. وەک کۆتر چۆن بۆ دروستکردنی هێلانە پوش دەکێشێ، بۆ دروستکردنی کتێبخانە، کە هێلانەی ڕاستەقینەی خەونە خۆشەکانم بوو، کتێبم بەکێش دەکرد. وەک منداڵ چۆن پەلەی گەورەبوونیەتی و بە بالاکردنی خۆی دڵخۆش دەبێت، پەلەی گەورەبوون و بالاکردنی کتێبەکانم بوو. هیچ شتێک لەوە زیاتر دڵخۆشی نەدەکردم کە دەمبینی وردە وردە کتێبەکانم زیاد دەکەن. لە نەورۆزی ئەو ساڵەدا**

(1988) بۆ یەکەمین جار لە کۆڕێکدا بەشداریم کرد و دوو شیعری تایبەت بە نەورۆزم خوێندەوە. کۆڕەکە لە لایەن تیپی شانۆی ئەزمونگەری چەمچەماڵەوە ڕێک خرابوو، کە دواتر بوو بە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان و وەک

ڕێکخراوێکی کارا و چالاک کاری کرد و بوو بە سەرمەشقی بزوتنەوەیەکی ڕوناکبیریی و چەندین چالاکی جۆراو جۆری ئەنجام دا و تا ئێستاش ماوە، بەڵام بە داخەوە ئێستا کارا و چالاک نییە. من دوای بەشداریکردنم لەو کۆڕەدا هەستێکی زۆر سەیرم هەبوو، وام دەزانی لەوێوە پێ دەنێمە نێو ژیانەوە. لەو کاتەوە نەورۆز بەدەر لە هەموو ڕەهەندە گەورە و بچوکەکانی خۆی، بۆ من ئەو ڕەهەندە ڕوحییەشی هەیە کە یەکێک لە بیرەوەرییە خۆشەکانی ژیانمی لە خۆی ئاڵاندووە. ئەگەر بۆ زۆرێک لە خەڵک نەورۆز جەژنێک بێت لە دەرەوەی ڕوح و گیانیان، بۆ من نەورۆز جەژنێکە لە ناو ڕوح و گیانمدا. لەم یادەدا، سڵاو لە نەورۆز و سوپاس بۆ هەموو ئەو هاوڕێ ئازیزانەی ئەو کۆڕەیان ساز کرد و هیوایەکی وەک بەهار تەڕ و سەوزیان بە من بەخشی و دڵخۆشیان کردم و هانیان دام بەردەوام بم .

ئەنفال

ئەنفال هەر کوشتنی کۆمەڵێک کەس نەبوو، وەکو زۆرێک لەو کۆمەڵکوژییانەی دیکە کە لە مێژووی جیهاندا ڕوویان داوە و ڕوو دەدەن، بەڵکو پرۆسەیەکی تاقانە بوو لە تایبەتمەندییە جەرگبڕ و کەمەرشکێنەکانیدا. لەو پرۆسەیەدا جگە لە کوشتنی نزیکەی 200 هەزار مرۆڤ، نزیکەی 5 هەزار گوند و شارۆچکەش لەگەڵ زەویدا تەخت کران. ئەنفال جگە لە کوشتنی مرۆڤگەلێک هەوڵدانیش بوو بۆ دابڕاندنی کەسوکاریان لە زێدی خۆیان، لە بیرەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانیان، لەو کێڵگە و باخ و ئاو و کانیاو و حەوزانەی کە ئەوانی بە زەوی و بە دنیاوە

گرێ دەدا. تەنانەت خاکی نیشتمان بە قوربانییەکانی ئەنفال ڕەوا نەبینرا، بەڵکو تەرمەکانیان لە ناوچە عەرەبنشینەکانی عێراقدا کرانە ژێر خۆڵەوە. ئەنفال هەوڵدان بوو بۆ وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری و بێبەرهەمکردن و شکاندنی شکۆی نەتەوەیەک. جگە لەوەی شەڕێکی نابەرامبەر بوو لەنێوان یەکێک لە بەهێزترین دەسەڵاتە مرۆڤکوژەکانی دنیا و یەکێک لە سڤیلترین خەڵکەکانی دنیادا، لە گەورەترین پرۆسەکانی کۆمەڵکوژییش بوو کە لە کاتی خۆیدا کەمترین تیشکی خرایە سەر، تەنانەت نەک لە کاتی خۆیدا، تا ئێستاش بەشێکی زۆری مرۆڤایەتی و جیهان، نازانن ئەنفال چییە؟ هەیانە حیکایەتە جەرگبڕەکانی ئەنفالیان نەبیستووە و هەشیانە لەبەردەم گەورەیی ئەو کارەساتەدا ناتوانن بە ئاسانی بڕوا  بە حیکایەتە جەرگبڕەکانی بکەن. من لەو پۆلێنکردنەی تایبەتمەندییەکانی ئەنفالدا، مەبەستمە سەرنجی هەمووان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە پێویستە حکومەت و حیزب و ڕێکخراوەکان و کەسایەتییەکان، پێکەوە و لەسەر هەموو ئەو ئاستانە کار بۆ ئەنفال بکەن. هەم ڕەهەندە مرۆییەکانی ببینن، هەم ڕەهەندی نیشتمانی و ئابوری و نەتەوەیی ئەو پرۆسەیە ببینن و کاری بۆ بکەن. پێشم وایە لە هەموو ئەو کارانەدا گرنگترین کارێک کە ئەرکەکەی دەکەوێتە سەر شانی هەمووان، ناساندنی زیاتری کارەساتەکەیە بە دنیا. پێویستە ئەو کارانەی لەو بوارەدا کراون بەرز بنرخێنرین و کاری زۆرتر و گەورەتریش ئەنجام بدرێن. ڕەنگە یەکێک لە ڕێگا باشەکانیش بۆ ئەو مەبەستە، چڕکردنەوەی هەوڵەکانی بە جینۆساید ناساندنی کارەساتەکە و بەرهەمهێنانی زیاتری فیلمی دیکۆمێنتاری و کردنەوەی پێشانگای جۆراوجۆر و بەستنی کۆڕ و سیمینار و نوسین و وەرگێڕانی کتێب و بابەت بێت لەسەر ئەنفال.

## جۆرجیا و مۆزەخانەکەی ستالین و ئێمە

نەورۆزی 2012 لەگەڵ دەزگای بەدرخاندا و وەکو یەکێک لەبەشدارانی ڤیستیفاڵی بەدرخان، چووم بۆ جۆرجیا و لە پایتەختی ئەو وڵاتە لە تەبلیسی 4 رۆژ مامەوە. جۆرجیا وڵاتێکی پێشکەوتوو نییە، بەڵام وڵاتێکی جوانە. بەتایبەت ئەو بەشە لە تەبلیسی کە ئێمەی لێ بووین، جوان و دڵگیر بوو. شارێکی پاک و ئارام و بێ دەنگ بوو. جۆرجییەکان لەڕووی ئابوورییەوە لە دۆخێکی باشدا نەبوون. وەک ئەو وەرگێڕەی لەگەڵ ئێمەدا بوو پێی وتین، بەرزترین موچەی ئەوان، موچەی مامۆستای زانکۆ بوو، کە لە 400 بۆ 500 دۆلار تێپەڕی نەدەکرد. کەچی لەڕووی ئاسایش و ئارامییەوە بەئاشکرا هەست بەوە دەکرا کە ئەوان زۆر ئارام دەژین. ئەوەی من لەو 4 رۆژە لە خەڵکی جۆرجیا تێگەیشتم، بەلای ئەوانەوە، ستالین کە لە ئەسڵدا خەڵکی جۆرجیایە، کەسێکی خۆشەویست نییە، کەچی هەوڵیش نادەن بیسڕنەوە. بە پێچەوانەوە، مۆزەخانەیەکی گەورەیان بۆ درووست کردووە، کە لەزۆر شوێنی جیاجیای دنیاوە خەڵک دەچنە ئەو مۆزەخانەیە و بە پارە تەماشای ئەو خانووە بچووکە دەکەن کە ستالین لەسەردەمی لاوی و لەگەڵ دایکییدا تیای ژیاون. تەماشای وێنە و جلوبەرگ و کەرەستەکانی ژیانی ڕۆژانە و دەستنووس و کتێب و ئەو دیارییانە دەکەن کە لەزۆر کەسایەتی دیاری دنیاوە بۆ ستالین نێردراون. وەڵامی جۆرجییەکان بۆ ئەوەی کە ستالینیان خۆش ناوێت ئەم مۆزەخانەیە چییە بۆیان درووست کردووە؟ ئەوەیە کە ستالین بەشێکە لە مێژووی ئەوان..! من هەستم نەکرد ئەوان هەوڵ بدەن سیمای ناشرینی ستالین جوان بکەن. هەستم کرد هەوڵیان داوە تەنانەت بەشە ناشیرینەکەی مێژووی خۆیشیان بەجۆرێکی دی بەکار بهێننەوە و بیخەنە خزمەتی وڵاتەکەیانەوە. هەر لەناو مۆزەخانەکەدا بووم، بۆچوونێکی دکتۆر کەمال مەزهەرم بیرکەوتەوە کە پێم وابێت چەند ساڵێک پێش ئێستا لەوتارێکیدا سەبارەت بە شێخ مەحمودی نەمر بینیبووم، دکتۆر کەمال لەو وتارەدا باسی ئەوەی کردبوو کە زۆرجار لەوڵاتان کەسایەتییەکیان نییە بووبێت بە ڕەمز، خۆیان دروستی دەکەن، بەڵام لای ئێمە ڕەمزەکان خۆیان هەن، کەچی لەبری ئەوەی خزمەتیان بکەین، دەیانشکێنین!!..

**بینینی دنیا و خۆناسین**

بینینی دنیا، بینینی مرۆڤ و جوگرافیا و مێژووی جیاواز، بەرکەوتنی کەلتورێک کە لەزۆر رووەوە بۆ ئێمە تازەیە، جگە لەوەی چێژێکی روحیی گەورەمان پێدەبەخشێت، دەشتوانێت لە ناخەوە رامان بچڵەکێنێت، دەتوانێت پێمان بڵێت کە ئێمە لە کوێی دنیادایین. ئەوە کە زۆر جار و لە زۆر بارودۆخی جیاوازدا خۆناسین لە رێی ناسین و بەرکەوتنی ئەوی دیکەوە روو دەدات، راستییەکی زانراوە، بەڵام ئەگەر ئەو راستییە لە نێو کتێب و رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەشەرمەوە خۆی پیشانی مرۆڤ بدات، ئەوا لە سەفەر و گەڕاندا ئازایانەتر خۆی بۆ مرۆڤ نمایش دەکات. مرۆڤ کە بەر دنیا و کەلتورێکی جیاواز دەکەوێت، هەست دەکات خۆبەخۆ کۆمەڵێک شت لە ناویدا دەشکێن و دەڕووخێن و شێوەی دیکە وەردەگرن. ئەوەی لەسەفەردا ئازاربەخشە، بەتایبەت بۆ خەڵکانی وەکو ئێمە، ئەوەیە کە دەمانخاتە ناو بەراوردکردنێکی نابەرامبەرەوە، بەراوردکردنێک کە زۆر سەختە و ناشتوانین خۆمانی لێ ببوێرین. لەو رۆژانەدا سەفەرێکی کورت، بەڵام پڕ لە دیمەنی جیاجیام بەسێ وڵاتی ئەوروپاییدا کرد، ئەڵمانیا و فنلەندا و سوید. جگە لە بینینی چەند هاوڕێ و کەسوکارێکی ئازیز، کە هەر یەکەیان بەشێوازی خۆیان، جۆرێک لەگەرماییان بەڕۆحم بەخشی، جگە لەوانە دەیان و سەدان جوانی و گەورەیی و بلیمەتیی مرۆڤم بینی. بینیم چۆن رێز لە مرۆڤ و لە گیاندارن و لە سروشت و لە ژیان دەگیرێت. چۆن هەموو شتێک دەخرێتە سەر سیستم و چۆن یاسا سەروەر دەبێت. بینیم چۆن شکۆی مرۆڤ لە بڵندییدا رادەگیرێت. زۆر بەقوڵی و بەچاوی خۆم بینیم ئەو مرۆڤەی لە زۆر شوێنی ئەم گۆی زەمینەدا بە سەدان هۆکاری جیاجیا بچوک دەکرێتەوە، لەبناغەدا چەند مەزنە. دەمەوێت کورت و پوخت بڵێم ئەو ئەوروپایەی کە من زۆر درەنگ بینیم سەرچاوەی جوانی و داهێنانە، بەڵام جوانی و داهێنانێک کە هی من نییە، جوانی و داهێنانێک کە بۆ من وەکو ئەوە وایە سەیری فیلمێک بکەم، دەمەوێت بڵێم بە بڕوای من رێگای راست ئەوەیە لە بینیی دنیاوە فێربین چۆن ژیانی خۆمان و وڵاتەکەمان جوان بکەین.

**ئاخۆ مرۆڤەکان بە راستی مەترسین بۆ سەر یەک؟**

زۆر جار بیر لەوە دەکەمەوە مرۆڤەکان بۆچی یەکدی قبووڵ ناکەن؟ ئاخۆ بەڕاستی مرۆڤەکان بەو ڕادەیەی کە خۆیان بیری لێ دەکەنەوە مەترسین بۆ سەر یەک؟ من هەست دەکەم هیچ کار و کایە و بوارێک ئەوەندە بچووک و بەرتەسک نییە کە مرۆڤەکان، یان راستتر، هەندێ لە مرۆڤەکان بیری لێ دەکەنەوە. تاکە شوێنێک کە زۆر تەنگ و بچووکە، ئاسۆی بیرکردنەوەی ئەو جۆرە مرۆڤانەیە. کێشەی ترسان لەیەک و هەوڵدان بۆ سڕینەوە و ناشرینکردنی یەک، کێشەیەکی کۆن و فرە ئاست و فرە رەنگە، لەوانەیە لە بواری سیاسییدا ئەم کێشەیە لە هەموو بوارەکانی دی زەقتر خۆی نمایش کردبێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە تەنها لە سیاسەتدا قەتیس بکرێت. ئەم کێشەیە لە بواری ئەدەب و داهێنانیشدا بەزەقی دەبینرێت، زۆرجار شاعیر و نوسەرەکان زۆر خراپ لەدژی یەک قسەیان کردووە. زۆر سەیرە هەندێجار بەئاشکرا هەست بەوە دەکەیت شاعیرێک، چیرۆکنووسێک، ڕەخنەگرێک، ئەوەندەی بە ڕوخاندنی ماڵی هاوڕێکانییەوە سەرقاڵە، نیو ئەوەندە بە درووستکردنی ماڵێکەوە بۆ خۆی، خەریک نییە. هەندێک لە شاعیر و چیرۆکنووس و ڕەخنەگرەکانی ئێمە، لەبەردەم گەورەیی هاوڕێکانیاندا هەست بەبچووکی دەکەن. لەبەر ئەوە هەموو هێزی خۆیان بۆ بچووککردنەوەی هاوڕێکانیان تەرخان دەکەن. من بڕوام بەو فەلسەفە سادە و زۆر سەرەتاییەی یۆنانییەکان هەیە، کە دەڵێت بەراوردکردن باشترین ڕێگای تێگەیشتنە لە شتەکان، ئەوان بڕوایان بەوە هەبووە هەر شتێک تا پێچەوانەکەی نەناسی خۆیشی ناناسی، ئەگەر نەزانی شەو چییە، چۆن دەتوانی لە ڕۆژ تێ بگەیت؟ بەڵام بەبڕوای من ئەمە بۆ ئەدیبەکان ڕاست نییە، ئەوان نابێت خۆیان بە هیچ کەسێک

بەراوورد بکەن، چونکە ئەدەب شوێنی دەرکەوتنی جیاوازییەکانە نەک لێکچوونەکان. لەئەدەبدا گرنگترین کارێک مرۆڤ ئەنجامی بدات پێشکەشکردنی جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی خۆیەتی، لە ئەدەبدا هەر کەسە بە جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی خۆی دەناسرێتەوە، کەس ڕاستەوخۆ پەیوەست نییە بەکەسێکی دیکەوە، کەس مەترسی نییە بۆ سەر کەسێکی دی، تەنها شتێک کە مەترسی بێت بۆ سەر ئەدیبێک ئاسۆتەنگی بیرکردنەوەیەتی.

**نیشتمان لەسەرووی شتەکانی دیکەوە**

پاولۆ کۆیلۆ لە ڕۆمانی یانزە خولەکدا دەڵێت: ((هیچ شتێک هی هیچ کەسێک نییە))، ئەم وتەیە ڕاستییەکی زۆری تێدایە، بەڵام سەد لەسەد ڕاست نییە. من لەو سەفەرەدا کە بۆ جۆرجیا کردمان کاتێ لە جوانییەکانی ئەو وڵاتە ورد دەبوومەوە بەدوو دیوودا ئەو وتەیەی پاولۆ کۆیلۆم بیر دەکەوتەوە. دیوێکیان ئەوە بوو کە بیرم دەکردەوە ئێمە چەند ڕۆژێکی دی ئەم جوانییانە جێ دەهێڵین و ڕەنگە ئیدی بۆ هەتاهەتایی چاوما پێیان نەکەوێتەوە، دەمووت پاولۆ کۆیلۆ ڕاست دەکات هیچ شتێک هی ئێمە نییە. دیووەکەی دیکەیان ئەوە بوو کە بیرم دەکردەوە چەند ڕۆژێکی دی دەگەڕێینەوە نیشتمانی خۆمان و چاومان بە ئازیزان و خۆشەویستانمان ڕوون دەبێتەوە و دەچینەوە لای بیرەوەرییەکانمان و دڵ و ڕوحمان پێیان فێنک دەبنەوە، دەمووت نەخێر شتێک هەیە هی ئێمەیە. شتێک هەیە لەهەر جێیەکی ئەم سەر گۆی زەوییە بین دواجار دەچینەوە لای ئەو. کەواتە هەم ئەو شتە هی ئێمەیە و هەم ئێمە هی ئەو شتەین. بێگومان لەو شتە مەبەستم نیشتمانە. من بە پێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی خۆمانەوە کە دەچنە دەرەوەی وڵات و شار و شارۆچکە و گوندی جوان دەبینن، نیشتمانی خۆیان لا سووک دەبێت، لەجۆرجیا کە

دەچوومە بەردەمی جوانییەکانی ئەو وڵاتە، نیشتمانی خۆمم لا خۆشەویستتر دەبوو. هەستم دەکرد پەندێک کە پێویست بێت ئێمە لە جوانییەکانی هەر وڵاتێکی دنیای وەربگرین ئەوەیە هەوڵ بدەین وڵاتەکەی خۆمان زیاتر خۆش بووێت و زیاتر لەپێناوی جوانکردنییدا تێبکۆشین. خەڵکی ئێمە زۆرجار خراپ شتەکان تێکەڵ دەکەن. خەڵکمان هەیە نیشتمان بۆ حکومەت و حیزب بچووک دەکاتەوە. گلەییەکانی لە حکومەت، یان لە حیزب، لەگەڵ گلەییەکانی لە نیشتمان تێکەڵ دەکات. ئەمە زوڵمێکی گەورەیە لەنیشتمان دەکرێت، پێویستە بەبێ هیچ هەڵاوێردێک نیشتمان لەسەرووی هەموو ئەو شتانەوە دابنرێت. چونکە حکومەت و حیزب ئەگەر بشبن بە ماڵی زۆرینەمان، نابن بەماڵی هەموومان، بەڵام نیشتمان ماڵی هەموومانە. بێگومان من لەگەڵ ئەوە نیم مرۆڤ دەمارگیرانە نیشتمانی خۆی خۆش بووێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیش نیم هیچ بیانووویەک بۆ پشتکردن لە خۆشەویستی نیشتمان بدۆزرێتەوە.

## خۆشەویستی نیشتمان

رۆژێکیان پیاوێکی پیر کە دەیەوێت لە شەقامێک بپەڕێتەوە، ماشێنێک لێیدەدات، بەپەلە دەیبەنە نەخۆشخانە، لەوێ دوای تاوێک کە بڕێک باشتر دەبێت، دەڵێت: من دەڕۆم، پێیدەڵێن: تۆ حاڵت باش نییە، دەبێت لەژێر چاودێریدا بیت. دەڵێت: ئاخر کەسێک چاوەڕوانی من دەکات. دەڵێن: ئەو کەسە کێیە؟ دەڵێت: خۆشەویستەکەمە، کە لە خانەی بەساڵاچوواندا دەژی، من رۆژانە سەردانی دەکەمو شتێکی لەگەڵا خۆم بۆ دەبەم. دەڵێن: باشە تەلەفۆنی بۆ بکە و پێی بڵێ من ئەمرۆ لە نەخۆشخانەم و ناتوانم بێم بۆ لات. دەڵێت: ناکرێت. دەڵێن: باشە

بەنیازی چی بۆ ببەیت خۆمان بەکەسێکدا بۆی دەنێرین و پێی دەڵێین ئەمە فڵان کەس بۆی ناردوویت. دەڵێت: ئاخر کێشەکە ئەوەیە ئەو دووچاری لەبیرچوونەوە بووە، کەس ناناسێت، تەنانەت خۆشم ناناسێتەوە! دەڵێن: جا کە ئەو نەتناسێتەوە چوونی تۆ چ سوودێکی هەیە؟ دەڵێت: با ئەویش من نەناسێتەوە، خۆ من ئەو دەناسمەوە، خۆ من دەزانم چی لەنێوانی من و ئەودا روویداوە!

* * * *

کاتێک بەسەرهاتی ئەو پیاوەم خوێندەوە لەبری ئەوەی خەیاڵم بۆ لای خۆشەویستی ژنێک بچێت، خەیاڵم بۆلای خۆشەویستی نیشتمان چوو. رەنگە لەبەر ئەوە بێت کە ئێمەی کورد جاران بەهەمان هەست و تێگەیشتنی ئەو پیاوەوە دڵداریمان لەگەڵا نیشتماندا دەکرد و خۆشماندەویست و قوربانیمان لەپێناویدا دەدا و هەموو شتێکمان بۆ دەکرد و چاوەڕوانی هیچ شتێکمان لەو نەدەکرد، ئەوەی جاران ئێمە لەپێناوی نیشتماندا دەمانکرد چەند بۆ رازیکردنی نیشتمان بوو، دوو ئەوەندە بۆ رازیکردنی خۆمان بوو، هەستمان دەکرد ئەرکێکی پیرۆز بەجێ دەگەیەنین، لەبەر ئەوە هەرچیمان بکردایە نە منەتمان بەسەر نیشتمان و نەمنەتمان بەسەر کەسدا نەدەکرد.

بەبڕوای من ئێستا ئێمە زیاتر لەهەر شتێک پێویستمان بەوەیە ئەو خۆشەویستییەی جاران بۆ نیشتمان هەمان بوو لەخۆماندا زیندووی بکەینەوە و بیخەینە سەرووی هەموو خۆشەویستییەکانی دیکەوە و ئەوەی لەبیری نەکەین نیشتمان بێت. بەبڕوای من نەک هەر ئاساییە تێگەیشتنمان بۆ شێواز و چۆنێتی خزمەتکردنی نیشتمان جیاواز بێت، بەڵکو زۆریش پێویستە تێگەیشتنی جیاوازمان بۆ هەموو پرسێکی گرنگ، لەوانە بۆ نیشتمان هەبێت، چونکە کۆمەڵگەی زیندوو دەرفەت بەدەرکەوتن و گەشەکردنی جیاوازییەکان دەدات. بەڕاستی ئەو دەرفەتەش کە ئێستا لە کوردستان بۆ دەرکەوتن و گەشەکردنی جیاوازییەکان هاتۆتە ئارا، دەرفەتێکی خراپ نییە، دەتوانین بەهەموومان ئەو دەرفەتە گەورەتر و جوانتر و رازاوەتر بکەین .

**کێشەی ژن هەمیشە کێشەی پیاویشە**

ئەگەر نەخوێندنەوەی ژن لەلایەن پیاوەوە ئەو هەموو نەهامەتیو ماڵوێرانییەی لێبکەوێتەوە کە ڕۆژانە بەچەندین شێوازی جیاجیا ڕووبەڕوومان دەبنەوە، ئەوا نەخوێندنەوەی پیاویش لەلایەن ژنەوە هەمان نەهامەتیو ماڵوێرانی دووبارە دەکاتەوە. ناشێ پشتکردنی پیاو لەژن دۆزەخی لێبکەوێتەوەو پشتکردنی ژن لە پیاو بەهەشتی لێبکەوێتەوە. ئەگەر توندوتیژی پیاو بەرامبەر بەژنو ئەو پەیوەندییە نائاسییەی نێوانیان لەکۆمەڵگەی پیاوسالاریدا، پیاوێکی جەلادو ژنێکی قوربانی لێکەوتبێتەوەو پایەکانی ئەو کۆمەڵگە دواکەوتووەی زیاتر چەسپاندبێت، ئەوا توندوتیژی ژنیش بەرامبەر بە پیاو جارێکی دی هەمان ئەو تراژیدیایە دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بەگۆڕینی ڕۆڵی پاڵەوانەکانەوە: ژنێکی جەلادو پیاوێکی قوربانی. کە لەڕاستیدا هەموو ئەو کاتانەی ژن و پیاو یەکێکیان دەبن بە قوربانی ئەوی دیکەشیان بەجۆرێکی دی بووە بەقوربانی، واتە ئەوەی ئێمە بەجەلادی دەزانین لە هەمانکاتدا قوربانییشە، قوربانی کەلتورێکە کە دەیخاتە نێو ئەو تراژیدیایەوە. لە کۆمەڵگە نەخۆشەکاندا ژن و پیاو پێکەوە قوربانی دەستی کەلتوورێکی نەخۆشن، جەلادی ڕاستەقینەش ئەو کلتوورەیە کە ئەو عەقڵیەتە بەرهەم دێنێ، نەک ئەو قوربانییەی کە بەرگی جەلادی لەبەرکراو. دەبێت شەڕی ژن و پیاو پێکەوە لەگەڵ ئەو کەلتوورە بێت نەک لەگەڵ یەکدی. کاتێک پیاو ژنی چەوساندۆتەوە لەڕاستیدا خۆی چەوساندۆتەوە، چونکە وەک چۆن دارێکی لار ناتوانێت سێبەرێکی راستی هەبێت، ژنێکی شکاویش ناتوانێت پەیوەندییەکی نەشکاوی هەبێت، بەتایبەت لەگەڵ پیاوێکدا کە هۆکاری شکاندنەوەی ئەوە. پیاو کاتێک ژن دەشکێنێت لەڕاستیدا پەیوەندیی خۆی بەو ژنەوە شکاندووە، ئەمەش وادەکات ئەو خەونەی پیاو کە تیایدا ژنی وەک سەرچاوەی ئاسوودەیی خۆی بینیوە، هەرگیز نەیەتەدی. ئەو هەڵەیە بەدووبارەکردنەوە نەک هەر چارەسەرنابێت، بەڵکو باشتر دەچەسپێت، چارەسەر لە ڕێگەگرتندایە، لەبەردەوامبوونی ئەو هەڵەیە. بە بڕوای من ئێستا ئیدی کاتی ئەوەیە چ ژن چ پیاو ئاسوودەییو ڕزگاربوونی خۆمان لەئاسوودەییو ڕزگاربوونی بەرامبەرەکەماندا ببینینەوە، ئەگینا لە ئەنجامدا مێژوویەکمان بۆ جێدەمێنێ نیوەی پیاو سێرەی لەژن گرتووەو نیوەکەی دی ژن سێرەی لە پیاو گرتووە، مێژوویەک تیایدا هەموو کاتی خۆمان بە بڕینەوەی دارێکەوە بەسەر بردووە کە خۆمان بەسەریەوە بووین، دارێک کە هەمیشە لەگەڵ کەوتنە خوارەوەیدا خۆشمان کەوتوینەتە خوارەوە. کێشەی ژن هەمیشە کێشەی پیاویشە، لەبەرئەوە بیرکردنەوەی ڕاست ئەوەیە ژنیشو پیاویش هەوڵبدەن خوێندنەوەی هاوبەشیان بۆی هەبێت.

**ژن وەک سەربازێکی ون**

**لە بیرمە لە دیدارێکدا کە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لەگەڵا هونەرمەند (مەزهەری خالقی) سازی دابوو، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا: (دەڵێن هەموو گۆرانییەکانی مامۆستا خالقی حیکایەتی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئاخۆ حیکایەتی گۆرانی ئای شل، کە یەکەمین گۆرانی بەرێزتانە بەزمانی کوردی، چییە؟ خالقی لە وەڵامدا وتی: لەڕاستیدا ناوی ئەو گۆرانییە (کوبرای ماڵا کاول)ە، بەڵام بە ئای شل بەناوبانگە، ئەوە کچێک هەبوو بە ناوی (کوبرا) ئەوەندە جوان بوو ماڵی پیاوی کاول دەکرد، ئەم کچە تووشی نەخۆشییەک هاتبوو کەمێک رەنگی زەرد کردبوو، ئێواران جلوبەرگێکی زەردی لەبەر دەکرد و باڵکۆنێکیان هەبوو تیایدا دادەنیشت، هەرچی کوڕی ئەو ناوە هەبوو دەچوونە تەماشای، گۆرانی کوبرای ماڵا کاول یان ئای شل، بۆ ئەو کچە وتراوە. پێم وابێت ئەو دیدارە لە ساڵی 2002 دا بوو، من دوای ئەو هەموو ساڵە یادی ئەو پرسیار و وەڵامەم بۆ ئەوە کردەوە، بڵێم: ژن ونترین سەربازە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، لەپشتی زۆرینەی داهێنانەکانەوەیە و زۆر کەمیش باسی لێوە دەکرێ. راستە زۆرترین داهێنانە مەزنەکانی مرۆڤایەتی (بە تایبەت لەدەورانی پێشوودا) بەرهەمی پیاو بوون، بەڵام لەپشتی زۆرینەی هەرە زۆریانەوە، ژن بوونێکی کاریگەری هەبووە. ئەگەر جوانی و مەزنی ژن نەبوایە، زۆرێک لە داهێنانە گەورەکانی مرۆڤایەتی نەدەبوون. پێم وایە ئەم قسانە بۆ هەموو نەتەوەیەک و لە هەموو بوارێکدا بڕێک لە ڕاستییان تێدایە. وەلێ ئەوەی مەبەستی منە لەم وتارە کورتەدا ئاماژەی بۆ بکەم، رۆڵی ژنە لە ئیلهامبەخشیندا بە شاعیران و هونەرمەندان، بێگومان لە پشتی زۆرێک لە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانەوە، ژن وەک سەربازێکی ون، ئامادەیی هەبووە. حەبیبە مۆمەکانی داگیرساندووە و نالی رووناک کردۆتەوە و ئێمە نالیمان بینیووە. کە ناومان نەزانیون، ئەوان (جوانی بێ ناو)یان پێبەخشیووین و ئێمە سوپاسی (گۆران)مان کردووە. کە ناومان زانیوون (ست فاتیمە)یان داوینەتێ و دەستخۆشیمان لە (هەردی) کردووە. کە سووریان پۆشیووە (خانمی سوورپۆش) لەدایک بووە و پیرۆزباییمان لە (حەمە عومەر عوسمان) کردووە. کە زەردیان پۆشیووە (کوبرای ماڵا کاول، یان ئای شل)یان ڕژاندۆتە نێو ماڵا و دڵا و دەروونمانەوە و ئافەرینمان بۆ (خالقی) ناردووە. سڵاو لە هەموو ئەو سەربازە ونانەی پێیان دەڵێن: ژن. سڵاو لە هەموو کوبرا ماڵا کاولەکان .**

## ژن لە خەیاڵی پیاودا

لە خەیاڵی هەر پیاوێکدا ژنێک هەیە، کە وەک رۆژ دەچریسکێتەوە و ئەگەر یەک لایەنەش بێت، مانا بە ژیانی دەبەخشێت. گەر وانییە ئەو هەموو بەیت و بالۆرە و بەستە و شیعر و گۆرانی و مۆسیقا و تابلۆ و پەیکەر و بەرهەمە جیاوازانە چین کە پیاوان دایان هێناون و ژنان پاڵەوانیانن؟ زۆرینەی پیاوەکان لە هەر کوێی دنیا بن و لە هەر ئاستێکی مەعریفی و کۆمەڵایەتیدا بن، یەکێک لەو شتانەی کە دەتوانێت بە گەرمی سەرقاڵیان بکات، گەڕانە بە دوای ژنێکدا کە لە ناو خەیاڵەکانیاندا بوونی هەیە. ڕەنگە خۆشترین و شیرینترین چرکەساتیش لە ژیانی هەر پیاوێکدا ئەو چرکەساتە بێت کە ئەو ژنە دەدۆزێتەوە. هەندێک لە پیاوەکان ئەو چرکەساتە دەبینن و هەندێکیان بە ئاواتی ئەو چرکەساتەوە سەر دەنێنەوە. بە بڕوای من زۆرینەی پیاوەکان بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، زۆرترین کار و هەوڵدانیان لە پێناوی دۆزینەوەی ئەو ژنەی ناو خەیاڵیاندا بووە. هەندێجار پڕ بە گەروویان هاواریان کردووە و بە ئاشکرا باسی ژنی ناو خەیاڵەکانی خۆیانیان کردووە. هەندێجاریش هەوڵیان داوە ئەوەی لە پێناوی ژنی ناو خەیاڵەکانیاندا دەیکەن، بە ناوی دی و بە ڕەنگی دی بشارنەوە. ئێستا کە ئەم وتانە تۆمار دەکەم ڕاستەوخۆ خەیاڵم بۆ شیعرە بەناوبانگەکەی بێخود چووە: ((لەو رۆژەوە رۆیشتووە تۆراوە دڵی من/ هەرچەند دەگەڕێم بێسەروشوێن ماوە دڵی من))، ناتوانم بڕوا بکەم کاتێ بێخود ئەو شیعرەی نوسیووە کە یەکێک لە شیعرە جوانەکانی ئەدەبیاتی کلاسیکی ئێمەیە، ژنێک لە ناو خەیاڵیدا نەبووبێت. ڕاستە بێخود خۆی وتویەتی ئەو شیعرەی بۆ سوپاسالاری مەدینە وتووە، بەڵام شیعرەکە پێمان دەڵێت: ئەوەی ئەو هەموو خەیاڵە شیرینە

دەتەقێنێتەوە ئەو ژنەیە کە بێخود بۆی دەگەڕێ و نایدۆزێتەوە. بێگومان لە ناو خەیاڵی ژنانیشدا پیاوان بوونیان هەیە و وزەیان پێدەبەخشن. بەڵام من لەبەر ئەوەی خۆم پیاوم و ئەو هەستە پیاوانەیەم هەیە باسی پیاوان دەکەم. بێگومان هۆکاری ئەوەش کە هەندێجار کەسێک دەناسین زۆر خێرا هەستی دۆستایەتی و ئاشنایەتیمان پێدەبەخشێت، هەر پەیوەندی بەو حاڵەتەوە هەیە. ئێمە پێشتر لە ناو خەیاڵەکانماندا لەگەڵ ئەو کەسە ژیاوین، بۆیە زۆر خێرا لە قۆناغی هەستکردن بە غەریبی دەپەڕینەوە.

ئاخۆ باز لەسەر شانی خەڵک دەنیشێتەوە؟

زۆر جار لە چیرۆک و ئەفسانە و حیکایەتەکاندا شتگەلێک هەن، کە مرۆڤ لە قۆناغێکی ژیانییدا وا دەزانێت ئەو شتانە جگە لە خەیاڵ و بەسەرهاتی ناواقیعی هیچی دیکە نین. لەو قۆناغەدا مرۆڤ ناتوانێت لەوە تێ بگات ئەو چیرۆک و ئەفسانە و حیکایەتانە هەر لەخۆوە و بەبێ مەبەست و هەڕەمەکی نەچنراون. ئەو چیرۆک و ئەفسانە و حیکایەتانە بە شێوەیەکی رەمزی، هەندێ ڕاستییمان بۆ دەگێڕنەوە کە لە ناو واقیعدا ڕوویان داوە. یەکێک لەو بەسەرهاتانە کە لە قۆناغی هەرزەکاریمدا خەیاڵی دەبزواندم و دوای قۆناغی هەرزەکاری تا چەند ساڵێکیش وام دەزانی تەنها ڕووداوێکی دروستکراوی خەیاڵە و ئەگەری ڕوودانی لە ناو واقیعدا، ئەگەر مەحاڵ نەبێت، بێگومان ئەگەرێکی زۆر زۆر لاوازە، حیکایەتەکانی ئەو بازانە بوو کە گوایە هەڵ دەدران و لەسەر شانی هەر کەسێک

بنیشتنایەتەوە دەبوو بە پاشا. ئاسان نییە مرۆڤ بڕوا بەوە بهێنێت، کەسێک کە لە ژیانییدا هیچ بەرپرسیاریەتییەکی نەبوو بێت و ڕادەی ئەزموونی سەرکردایەتی سفر بێت و توانای بیرکردنەوەی تا ڕادەیەکی زۆر سنووردار بێت و ئازایەتی بڕیاردانی تێدا نەبێت، هەر بەوە کە بازێک لەسەر شانی دەنیشێتەوە ببێت بە پاشا. هەر بۆیە من نەم دەتوانی بڕوا بە راستێتی ئەو چیرۆکانە بێنم. پێم وا بوو ئەو چیرۆکانە جگە لە سەرمەستکردنی گوێگر و تێپەڕاندنی کاتەکانی دەستبەتاڵی، نە هیچ حیکمەتێکیان تێدایە و نە لە هیچ بارودۆخێکدا، ئەگەری ڕوودانیشیان هەیە. بەڵام ئێستا زۆر باش دەزانم ئەو کەسە گومناوانەی ئەو چیرۆک و حیکایەتانەیان چنیووە، ویستوویانە بەو شێوازە ڕەمزییە رەخنە لە واقیعێک بگرن، کە تیایدا خەڵکانێک کراون بە پاشا، کەمترین پێداویستییەکانی پاشایەتییان تێدا نەبووە. ئێستا دەزانم ئەو چیرۆک و حیکایەتانە نەک هەر لە کاتی خۆیاندا شتگەلێک نەبوون لە دەرەوەی واقیع، ئێستاش لە ناو واقیعدا بوونیان هەیە و بە شێوازی دیکە چەندبارە دەبنەوە. وردبوونەوە لە ئەدا و کار و کردەوە و قسەکردن و ئەتەکێتی هەندێک سەرکردە و وەزیر و پەرلەمانتاری ئەم سەردەمە، بە ڕوونی پێمان دەڵێت: بەڵێ ئێستاش خەڵک هەن باز لە سەر شانیان دەنیشێتەوە و دەیان کات بە سەرکردە و وەزیر و پەرلەمانتار!

شکست

ئێمە بەهۆی بارودۆخی نائاسایی وڵاتەکەمانەوە کە بەدەیان و سەدان شەڕ وماڵوێرانیی بەخۆیەوە بینیووە، هەندێ خووی سەیرمان تێدا دروست بووە. یەکێک لە خووە سەیرەکانمان ئەوەیە نامانەوێ بڕوا بەوە بێنین کە دەکرێت مرۆڤ شکست بێنێت. ئێمە خۆمان لەو ڕاستییە سادەیە دەدزینەوە کە شکستیش بەشێکە لە مێژووی مرۆڤایەتی و مرۆڤ ناتوانێت شکست لە مێژووی خۆی دەربکات. ڕاستە پێویست دەکات مرۆڤ هەمیشە و بەردەوام چاوی لەسەرکەوتن بێت و بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە لە پێناویدا ڕەنج بکێشێت. بێگومان هەموو مرۆڤێکیش کاتێ ئامانجێک بۆ خۆی دیاری دەکات، خەون بەوەوە دەبینێت لەگەیشتن بە ئامانجەکەی سەرکەوتوو بێت. بەڵام پێویستە مرۆڤ هەمیشە ئەوەشی لەبیر بێت کە دەشێت لەبری سەرکەوتن شکست بخوات. پێویستە ئامادەیی بەرگەگرتنی ئەو شکستەی هەبێت و بتوانێت ئەو شکستە وەک خاڵی دەستپێکردنەوەیەکی نوێ بەکار بێنێت. ئەگەر ڕوونتر بدوێم، دەڵێم: بێگومان نابێت هیچ کاتێک مرۆڤ بەدوای شکستدا بگەڕێت، بەڵام بێگومان ناشبێت لە شکست بترسێت. ناشبێت لە داننان بە شکستدا دوودڵیی بکات. پێم وابێت ئەنیشتاینە کە وتوویەتی: ((ئەو کەسەی شکست نابینێت، هیچ ڕێیەک بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن تاقی ناکاتەوە)). بەم مانایە شکست تاقیکردنەوەی ڕێگاکانە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن. ئەوەی زۆر گرنگ بێت بۆ مرۆڤ ئەوەیە نە لە شکست بترسێت و نە دەستبەرداری خەونەکانی بێت. هیچ مرۆڤێکی گەورە و سەرکەوتوو لە مێژووی مرۆڤایەتییدا نییە، لە ئەزموونی ژیانی خۆیدا شکستی نەبینیبێت. جیاوازی مرۆڤی گەورە لە گەڵ خەڵکانی دیکەدا ئەوە نییە کە شکست نابینێت، ئەوەیە کە ئەو توانای ئەوەی هەیە لە دوای شکستەکان سارد نەبێتەوە و ئیرادەی نەمرێت و دەستبەرداری خەونەکانی نەبێت. خۆی هەر لە بناغەشدا یەکێک لە جوانییەکانی ژیان ئەوەیە کە لەگەڵ هەموو کێشە و گیروگرفتەکانیشدا بەردەوامە و (مردن نەبێت) هەرگیز لە هیچ خاڵێکدا ناوەستێت. بەردەوامی ژیان فێرمان دەکات کە ئێمەیش بەردەوام بین. فێرمان دەکات هەرگیز لە هیچ خاڵێکدا نەوەستین. فێرمان دەکات شکست وەک خاڵی کۆتایی تەماشا نەکەین، بەڵکو وەکو خاڵێک تەماشای بکەین کە لە پشتییەوە دەستپێکردنەوەیەکی نوێ هەیە.

دوای شکست دەستپێکردنەوە

شەمسی لەنگرودی لەکتێبی پەنجاوسێ سترانی عاشقانەدا کە مەریوان هەڵەبجەیی کردوویەتی بەکوردی، دەڵێت: (من منداڵیی خۆمم ونکردووە، یاریم کەم کردووە، لەو رۆژانەدا کە لەجێگادا کەوتبووم، مۆڵەتی ئەوەم نەبوو بڕۆم بەڕێگادا، بەڵام دەمتوانی بڕۆمو ڕێگا ببڕم، رۆژێک لەدوورەوە گوێم لەدەنگی منداڵان بوو، یاخی بوومو لەسەر قەرەوێڵکەم راپەڕیمو رۆیشتم، لەنیوەی رێگەدا کەوتم، ئیتر تێگەیشتم ژیان کەوتنی زۆری تیایە). ژیان بۆ هیچ کەسو گروپو لایەنێک رێگایەکی یەک ئاستو یەک ئاراستەو تەختو گوڵڕێژکراو نییە، ژیان پڕە لەبەرزو نزمی، پڕە لەکەوتنو هەستانەوە، گرنگ ئەوە نییە مرۆڤ شکست بخوات یان نا؟ بکەوێت یان نا؟ گرنگ ئەوەیە هاوسەنگی تێک نەچێتو بێهیوا نەبێتو دەستبەرداری خەونەکانی نەبێت. رەنگە ئەم قسانە بۆ هەر بوارێک لەبوارەکانی ژیان رێژەیەک لەڕاستییان تێدا بێت، بۆ ئەوەیان دەڵێم رەنگە، بەڵام بەنسبەت دۆزێکی گرنگی وەک دۆزی دیموکراسیو هەڵبژاردنەوە دەڵێم بەدڵنیاییەوە ئەو قسانە زۆرترین راستییان تێدایە، چونکە شتێکی ئاشکرایە هەڵبژاردن چەند بۆ چەسپاندنی دیموکراسی گرنگە، قبوڵکردنی ئەنجامی هەڵبژاردن دوو ئەوەندەو رەنگە زیاتریش بۆ چەسپاندنی دیموکراسی گرنگ بێت. ئەگەر شکستو دۆڕان نەبێت دیموکراسی یانی چی؟ ئەگەر هەمووان بیبەنەوە هەڵبژاردن چ مانایەکی دەمێنێت؟ بەبێ دۆڕاندنی لایەنێک، یان زیاتر، شتێک نییە بەناوی دیموکراسییەتی هەڵبژاردنەوە. دیموکراسی کە جۆرێکە لەتاقیکردنەوەی رێگاکان ئەوەی دەچێتە ناویەوەو دەدۆڕێت، کۆتایی پێنایەت، بەڵکو رێیەک تاقیدەکاتەوە کە بەمەنزڵی ناگەیەنێت، بەڵام بێگومان ئەو نەگەیشتنە رێگاکانی دیکەی لێ داناخات. ئەوەی نیازی گەیشتن بەمەنزڵی هەبێت، پێویستی بەوە دەبێت زۆرترین رێگا تاقی بکاتەوە. چونکە وەک وتمان کە رێگایەک نەیگەیاند بەمەنزڵ مانای ئەوە نییە رێگاکانی دیکەش نایگەیەنن، ئەوەش زۆر گرنگ نییە لەم رێگایەوە دەگات بەمەنزڵ یان لەڕێگایەکی دیکەوە، ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە ئیرادەی تاقیکردنەوەی رێگاکان لەدەست نەدات. نەک هەر ئەوە پێویستە بۆ ئەوەی ژیانو خەونەکان بەردەوام بن، دوای شکستو کەوتن، دەستپێکردنەوە بەگوڕوتینێکی زیاترەوە ئەنجام بدرێت.

**سەبارەت بە پیری**

کە لە دایک دەبین و هێدی هێدی گەورە دەبین، دەبینین کۆمەڵێک مرۆڤی بەتەمەن لە دەورمانن. لە سەرەتادا وا دەزانین ئەو مرۆڤانە هەر ئاوا بوون، وا دەزانین لە ئەزەلەوە سەر و پرچ و ڕیشیان سپی بووە، سەرەتا نازانین ئەوانیش ڕۆژانێک منداڵ و لاو بوون و پڕ بوون لە ژیان و لە زیندوێتی و چالاکی و لە خەونی جۆراوجۆراو. جارێکیان لە سەردانێکمدا بۆ لای ناسیاوێک کە ژنێکی تەمەن حەفتا ساڵەی خاوەن کوڕ و کچ و نەوە بوو، کۆمەڵێک سیدیم بە دیاری بۆ بردبوون، بۆ یەکێک لە منداڵەکانی ئەو ژنە، سیدییەکی عەتا قەرەداغیم بردبوو کە دەمزانی زۆر حەز لە دەنگی دەکات. بۆ ژنەکەش یەک دوو سیدی عەلی مەردانم بردبوو کە بە دوورم نەدەزانی لەگەڵ ئەو گۆرانییانەدا بیرەوەری هەبێت. کەچی بە کەمێک توڕەبوونەوە گوتی: بۆچی سیدی یەکێک لەو هەموو گۆرانیبێژە تازەیەت بۆ نەهێنام؟ من چی لە گۆرانی ئەو پیرەمێردە بکەم؟ بە کەمێک پێکەنینەوە گوتم: بەڵام یەکەم هونەر پیر نابێت و دووەم مەرج نییە ئەو پیرەمێردە کاتێ ئەو گۆرانیانەی گوتوە پیر بووبێت. من لە دڵەوە ڕەتکردنەوەی گۆرانییەکانی عەلی مەردانم لەلایەن ئەو ژنەوە پێناخۆش نەبوو، چونکە ئەو لە ڕاستیدا عەلی مەردانی ڕەت نەدەکردەوە، بەڵکو هەوڵی دەدا پیری لە بیری خۆی بباتەوە. ئەو ڕووداوە بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەو کاتانەی منداڵیمی بیر هێنامەوە کە وام دەزانی پیرەکان بە پیری لە دایک دەبن. بە داخەوە مرۆڤ ناتوانێت لە دەستی پیری هەڵبێت، بەڵام دەکرێت هەموو شتەکان تەسلیمی پیری نەکات. دەکرێت مرۆڤ خۆی وەک قەڵایەک ببینێت دوای ئەوەش کە دڵنیا دەبێت هەرگیز گەمارۆی پیریی لەسەر خۆی بۆ لانابرێت، ئامادە نەبێت بە هەموو شتەکانەوە خۆی بەدەستەوە بدات. دەکرێت ڕێگایەک یان زیاتر بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی شتگەلێک بۆ خۆی بهێڵێتەوە. خۆبەدەستەوەدان و بڕواهێنان بەوەی پیری هیچ شتێکمان بۆ ناهێڵێتەوە، ترسناکە. مرۆڤ دەتوانێت لە پیریشدا چێژ لە زۆر شت ببینێت. ئەوەی ساڵەکان بەسەر مرۆڤیدا دەهێنن جێی نیگەرانییەکی قوڵە، بەڵام نیگەرانی لەوە قوڵتر و ترسناکتر ئەو کاتە دروست دەبێت کە خۆمان لە ساڵەکان خراپتر بەسەر خۆماندا دەهێنن .

## ڕەخنەگرتن و تێکەڵکردنی شتەکان

لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ برادەرێک کە لە ئەڵمانیا دەژی، کەوتینە ناو گفتوگۆیەکی سەیرەوە. ئەو برادەرە لە ڕەخنەگرتنێکی توندی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانەوە دەستی پێکرد و هێدی هێدی چووە ناو بەراوردکردنی وڵاتی خۆمانەوە لەگەڵ ئەڵمانیادا. من ڕەخنە توندەکانیم لە کوردستان بەلاوە ئاسایی بوو، چونکە زۆرێک لە ڕەخنەکانی ڕاست بوون. بەراوردەکانیشیم لە نێوان کوردستان و ئەڵمانیادا تا ڕادەیەک بەلاوە ئاسایی بوو، چونکە ڕاستە بە دیوێکدا و لەبەر ئەوەی لە دوو بارودۆخی مێژوویی زۆر جیاوازدا ژیاون، بەراوردکردنی کوردستان و ئەڵمانیا نەگونجاوە، بەڵام بە دیوێکیشدا ئەو بەراوردکردنە گونجاوە، چونکە دەتوانێت لە بینین و هەستپێکردنی باشتری ناتەواوییەکانی کوردستاندا یارمەتیمان بدات. ئەوەی زۆر لەو گفتوگۆیەدا بۆ من نائاسایی بوو، ئەوە بوو ئەو برادەرە هیتلەری وەک پاڵەوانێک باس دەکرد کە لە پێناوی وڵاتەکەی خۆیدا تێکۆشاوە. پێم سەیر بوو چۆن کەسێک دەتوانێت ئەوە لە بیری خۆی بباتەوە کە هیتلەر نزیکەی 50 ملیۆن مرۆڤی کوشت و بە کوشتی دان و ملیۆنانی دیکەشی کەمئەندام وماڵوێران کرد و جگە لە وڵاتەکەی خۆی، چەندین وڵاتی دیکەشی وێران کرد؟ لە کاتی گفتوگۆکەماندا ئەو شیعرەی مایکۆفسکیم بیرکەوتەوە کە دەڵێت: ((غەمگینم وەک ئەو دایکەی دوایین سەرباز لە جەنگ دەگەڕێتەوە و کوڕەکەی ئەو نییە))، لە دڵی خۆمدا پرسیم: ئاخۆ هیتلەر چەند ملیۆن دایکی بەو شێوەیە غەمگین کردووە؟ خەیاڵم بۆ لای ئەو شیعرەی سوهراب چوو کە داوا دەکات ئاو لێڵ نەکرێت

**چونکە دوور نییە لەو خوارە کۆترێک لێی بخواتەوە و دەروێشێک نانی پێ تەڕ بکات. بە خۆمم وت: خودایە مرۆڤەکان چەند لەیەکتری جیاوازن؟ دوو مرۆڤ کە پەروەردەی دوو وڵاتی دراوسێن، یەکێکیان خەمی کۆترێکی تینوو و دەروێشێکی برسی دەخوات و ئەوەکەیان لەناوبردنی ملیۆنان مرۆڤ ڕایناچڵەکێنێت. لەو برادەرەم پرسی: ئاخۆ چ لۆژیکێک لەوەدا هەیە تۆ لە کاتێکدا ڕەخنە لە وڵاتێک دەگریت کە خۆڵ و خاشاک لە سەر شەقامە گشتییەکان فڕێ دەدات، کەسێک وەک پاڵەوان تەماشا دەکەیت کە لەسەردەمی ئەودا شەقامە گشتییەکان پڕ کراون لە تەرمی مرۆڤی بێتاوان؟ خۆزگە ڕەخنەگرتن و تێکەڵکردنی شتەکانمان لەیەک جیا دەکردەوە.**

**کلتوری خواردن لای ئێمە**

**لەو ڕۆژانەدا نامیلکەکەیەکی بچوکم بە ناونیشانی بەرنامەی خواردنێکی تەندروست دەخوێندەوە کە یەکێک لە پزیشکە ناسراوەکانی شاری مەهاباد، بە ناوی محەمەد تاهر عەباسی راد نوسیویەتی، لەو کتێبەدا ئەم وتە سادەیە زۆر سەرنجی ڕاکێشام: ((دکتۆر پێی وتم: کە بانگی خواردن دەکەیت داوای بەشی چوار کەس مەکە تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە سێ مرۆڤی دیکەت لەگەڵە)). بە داخەوە زۆر جار کە خواردنم لەبەردەستی هەندێک خەڵکی خۆماندا بینیوە هەستم کردووە بەشی چوار کەسە نەک یەک کەس. کلتوری خواردن لای ئێمە کلتورێکی نارێک و نەشیاو و ناتەندروستە، جگە لەوەی خواردن تا ڕادەیەکی زۆر مرۆڤی ئێمە بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات، هەم جۆری خواردن و هەم کاتی خواردن و هەم بڕی خواردنیشمان نەگونجاون. بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێمە ئەوەندەی خەیاڵیان لای خواردنە، خەیاڵیان لای هیچ شتێکی دیکە نییە، مەگەر سێکس ئەوەندەی خواردن بە لای مرۆڤی**

ئێمەوە جێی بایەخ بێت. کەچی بە دەگمەن بیر لە جۆر و بڕ و چۆنێتی و کاتی خواردن دەکەینەوە. تەنانەت لە وڵاتی ئێمە زۆرترین خواردن خەسار دەکرێت. هەم لە ماڵان و هەم لە چێشتاخەناکانیشدا بەردەوام ئەو خواردنەی دادەنرێت لەوە زیاترە کە دەخورێت، زۆربەی جارەکانیش ئەوەی کە دەمێنێتەوە فڕێ دەدرێت. لای ئێمە خواردن لە جیاتی ئەوەی وزەمان بداتێ وزەمان دەکوژێت، لە بری ئەوەی گەنجمان بکاتەوە پیرمان دەکات. من چەند وڵاتێکی کەمم بینیووە، بەڵام پێم وانییە ئەو وڵاتانەی بە قەد وڵاتی ئێمە چێشتخانە و کەبابخانە و خواردنەگەیان تێدایە، زۆر بن، بڕوام وایە لەو بوارەدا ئێمە لە یەکەمەکان بین. زۆر جار بیر دەکەمەوە ئەگەر لە بری ئەو هەموو دوکانی خواردنانە کتێبخانە یان دوکانی گوڵفرۆشتنمان هەبوایە ئێستا دیمەنی شارەکانمان زۆر لەوەی کە هەیە جوانتر و باری هزری و جەستەیی و دەروونییشمان زۆر لەوەی کە تیایداین باشتر دەبوو. جارێکیان بەکر عەلی لە نوسینێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە سلۆتەردایک وتوویەتی: ((هەموو مرۆڤێک دیزاینەری خۆیەتی))، بە داخەوە بە هۆی ئەو کلتوورە خراپەی خواردنەوە ئێمە دیزاینەری باشمان زۆر کەمە. تەنانەت نەک ناتوانین جەستەمان بە جوانی دیزاین بکەین، بگرە بەردەوام ناڕێکییەکانی زیاتر دەکەین.

### لە بارەی گۆڕستان و مردووەکانەوە

لەو ڕۆژانەدا بە تەنیشتی گۆڕستانێکدا تێپەڕیم، ژنێکی ڕەشپۆشم بینی، داری سەر گۆڕێکی ئاو دەدا. ئەو دیمەنە زۆر شتی بیرهێنامەوە و زۆر هەستی تێدا وروژاندم. هەستم کرد ئەو ژنە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو دارەی کردووە بەو کەسە ئازیزەی خۆی و بۆنی ئەوی ناوە بەو دارەوە. ئاودانی دارەکە لە ناخدا ئاودانی کەسە

ئازیزەکەیەتی. وەفای ئەو ژنە بۆ ئەو دارە وەفایەتی بۆ ئازیزەکەی، ئەوەش جگە لەوەی گەورەترین وەفایە لەبەرئەوەی هیچ چاوەڕوانییەکی لەو مردووە نییە، جۆرە خۆئارامکردنەوە و خۆقەرەبووکردنەوەیەکی جوانیشە. لە ئایینی کاکەییشدا کە دۆناودۆن هەیە، هەندێجار روحی کەسێک دوای مردنی، دەچێتە دارێکەوە. یەکێکیش لەو شتانەی دیمەنی ئەو ژنە بیری هێنامەوە ئەو کاتە بوو کە ماڵمان لە گەڕەکی سەرکارێز بوو، لە سەرکارێز ڕێک لە تەنیشتی گۆڕستانی سەیوانەوە بووین. جارێکیان میوانێکمان هات، نازانم بۆ خۆشی وایگوت یان بە ڕاستی بوو، لێی پرسیم: ئەوە ناترسن لە تەنیشتی ئەو سەرقەبرانەوەن؟ بە پێکەنینەوە گوتم: بۆچی بترسین؟ بڕوا بکە لەوەتی لێرەین هیچ کام لەو مردووانە شتێکیان نەکردووە ئێمە پێمان ناخۆش بێت. گوتم: ئەوەی پێویست بێت لێی بترسین هیچ کام لە مردووەکان نین، هەندێک لە زیندووەکانن. لە کوردەوارییشدا بڕوایەک هەیە دەڵێت: باشترین شوێن بۆ ئەوەی ڕێبوار تێیدا بمێنێتەوە گۆڕستانە. دوور نییە ئەم بڕوایە ڕیشەیەکی ئایینی هەبێت و مەبەست لێی ئەوە بێت مرۆڤ پەند لە هیچێتی و لە کەمخایەنی ژیان وەربگرێت. واتە ئەو هەموو خەڵکە ببینێت چۆن دوای دەیان و سەدان خەون و خەیاڵ و خولیا و ڕاکەڕاک و شەڕ و هەرا و ژاوەوی گەورە کە لە ژیاندا دڵ و مێشک و ڕۆحی جەنجاڵ کردوون، ئێستا لە کێلی سەر گۆڕەکانی خۆیان خامۆشترن. ئەوە ببینێت و بیری بکەوێتەوە کە چارەنوسی ئەویش هەمان چارەنوسە و ئەو بیرکەوتنەوەیەش یارمەتی بدات پشت لە دنیا و ڕوو لە خودا بکات. لەوانەشە ئەو بڕوایە پەیوەندی بە ئەزموونی ژیانی مرۆڤەکانەوە هەبێت، مەبەستم ئەوەیە هێند لە دەستی زیندووەکان ئازار و نەهامەتییان چەشتبێت، گەیشتبنە ئەوەی پێیان وابێت ئارامترین شوێنێک کە ڕێبوار تیایدا بمێنێتەوە لای مردووەکان بێت .

**بیرەوەری**

جارێکیان برادەرێک وتی: ((مرۆڤ ئەگەر چەند ساڵێک لە زیندانێکیشدا بژی سۆزێکی بۆ ئەو زیندانە دەبێت))، ئەوە ڕاستە، بەڵام ئاخۆ هۆکاری ئەو ڕاستییە چییە؟ بە بڕوای من مەسەلەکە پەیوەندی بە بیرەوەرییەکانی ئەو مرۆڤەوە هەیە، بە خەونەکانییەوە کە لەو زیندانەدا بینیویەتی، پەیوەندی بەو چاوەڕوانییانەوە هەیە کە لەوێدا تیایاندا ژیاوە. مرۆڤ نیشتمانی زۆرە، خاک هەموو نیشتمانەکانی مرۆڤ نییە، تەنها یەکێکیانە. هەر بۆ نمونە: زمان نیشتمانێکی دیکەیە بۆ مرۆڤ، دایک نیشتمانە، ماڵ نیشتمانە و بیرەوەریەکانیشمان نیشتمانی ئێمەن. ڕەنگە مرۆڤ بتوانێت لە هەندێک لەو نیشتمانانە هەڵبێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت لەو نیشتمانە هەڵبێت کە پێی دەڵێن بیرەوەری. وەک لە گۆشەیەکی دیکەشدا ئاماژەم پێکردووە: لە بەهاری ئەمساڵدا خانووەکەم ڕوخا، دوای یەک هەفتە فرۆشتم و هیچ مافێکی منی بەسەرەوە نەما، کەچی تا ئەو ڕۆژەی بە شۆفڵ تەختیان کرد، ڕۆژانە دەچووم سەردانم دەکرد و تاوێک بە دیارییەوە دەوەستام. لە ڕاستیدا من بۆ لای خانووەکەم نەدەچووم و بە دیار ئەوەوە نەدەوەستام، بەڵکو بۆ لای بیرەوەرییەکانم دەچووم، بۆ لای ئەو خەونانە دەچووم کە لەو نیشتمانە بچکۆلەیەدا بینیبووم، بۆ لای وێنە جیاوازەکانی خۆم و هاوسەرەکەم و منداڵەکانم دەچووم. لە بیرمە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا چیرۆکێکم خوێندەوە کە بە داخەوە ئێستا نازانم چیرۆکی کێ بوو؟ کێ کردبووی بە کوردی؟ لەو چیرۆکەدا کەسێک، کەسێکی دیکە دەکوژێت و بەرەو هەندەران هەڵدێت. دوای سۆراخکردنێکی زۆر، برای کوژراوەکە شوێنی بکوژەکە دەدۆزێتەوە و دڵنیا دەبێت ئێواران بە چ شەقامێکدا بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە، بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە، خۆی بەو وڵاتە دەگەیەنێت و چەند ڕۆژێک لەو شەقامەدا خۆی بۆ بکوژەکە مەڵاس دەدات و نایبینێت. دوا جار کە دەیبینێت لە بری ئەوەی هەوڵی کوشتنی بدات، باوەشی پێدا دەکات. لە ڕاستییدا ئەو پیاوە باوەش بە کابرای بکوژدا ناکات، باوەش بە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەکات. چونکە لەوێدا تەنها شتێک بیرەوەرییەکانی بیر بخاتەوە بکوژی براکەیەتی. دەمەوێت بڵێم: لە کۆتاییدا ئەوەی بۆ مرۆڤ دەمێنێتەوە بیرەوەرییەکانێتی. بەختەوەریش ئەوانەن کە بیرەوەرییە خۆشەکانیان لە بیرەوەرییە ناخۆشەکانیان زۆرترن. سڵاو لە هەموو ئەو ئازیزانەی دەتوانن لە ناو بیرەوەرییە خۆشەکانماندا بوونیان هەبێت.

## فرۆشتن بە ناچاری

مرۆڤ لە ژیاندا زۆر شتی لە دەست دەچێت. ئەوەی ئەمڕۆ هی ئێمەیە سبەی هی ئێمە نییە. لە نەوەدەکاندا و کاتی گرانییەکە ناچار بووم هەندێ لە کتێبەکانم، بە پارەیەکی زۆر کەم بفرۆشم. پارەی کتێبەکانم نەیدەتوانی حاڵی من بگۆڕێت، ژیانی خۆم و ماڵ و منداڵمی باشتر نەدەکرد، لە ڕاستییدا پارەی کتێبەکانم پارە نەبوو، برین بوو، برینێک کە بە دەستی خۆم، بەڵام بە ناچاری، کردمە دڵی خۆم. ڕاستە دواتر زۆربەی کتێبە فرۆشراوەکانم کڕییەوە، بەڵام کڕینەوەیان، نە چێژی جارانی هەبوو، نە توانی برینی فرۆشتنەکەیان لە دڵمدا سارێژ بکات. ئەو ئیمزا و مێژووانەی یەکەمجار لەسەر کتێبەکانم کردبوون و نووسی بوون، جیاواز بوون لەو ئیمزا و مێژووانەی دووەمجار لەسەر نوسخەیەکی دیکەی هەمان ئەو کتێبانەم دەکردن و دەمنووسینەوە. من هەر لەو کاتانەوە، رقم لە هەر شتێک بوو کە خاوەنەکەی بە ناچاری بیفرشێت. بیرم نییە شتێکم کڕیبێتەوە زانیبێتم خاوەنەکەی بە ناچاری دەیفرۆشێت. فرۆشتن بە ناچاری، کارێکی ئازاربەخشە، ئەگەر بە خۆزگە و هیواخواستنی من بێت، ناهێڵم هیچ کەسێک بە ناچاری شتێک بفرۆشێت کە خۆشی دەوێت. چیرۆکێکی (ئۆ هێنری) هەیە کە (میدیا سوبحی نوری) کردوویەتی بە کوردی و باسی فرۆشتنی ناچاری دەکات. ئەو فرۆشتنە کە ئەگەرچی زۆریش ئازاربەخشە، یەکەمین فرۆشتنی ناچارییە خۆزگەم پێ خواستبێت، لە دڵەوە حەزم دەکرد پاڵەوانی ئەو چیرۆکە من بومایە. ئەو چیرۆکە جۆرێک لە هەتوان بوو بۆ ئەو برینەی فرۆشتنی کتێبەکانم کردیە دڵم. لەو چیرۆکەدا ژن و پیاوێکی گەنج هەن، هەموو سامانەکەیان یەک دۆلار و هەشتاو حەوت سەنتە. بۆ ئاهەنگی کرسمس ژنەکە دەیەوێت دیاریی بۆ پیاوەکەی بکڕێت. پارەی پێ نییە و هیچیش شک نابات بیفرۆشێت. قژە درێژەکەی خۆی دەبڕێت و دەیفرۆشێت و بە پارەکەی زنجیرێکی ئاڵتوون بۆ سەعاتە بێزنجیرەکەی پیاوەکەی دەکڕێت. کاتێ پیاوەکەی دێتەوە، دڵتەنگ دەبێت کە دەبینێت ژنەکەی قژی خۆی بڕیووە، هەر لەبەر ئەوە نا کە حەزی لە قژێتی، لەبەر ئەوەش کە سەعاتە بێزنجیرەکەی فرۆشتووە و داویەتی بە چەند قژگرێک بۆ قژی ژنەکەی، چونکە ژنەکەی کاتێ بۆ یەکەمجار ئەو قژگرانەی لە پەنجەرەی دوکانێکدا بینی بوو، حەزی کردبوو هی ئەو بونایە!!

## ئەرشیف

ئەرشیف هەڵگرتنی ماڵی سپییە بۆ رۆژی ڕەش، وەکچۆن پێویستە هەموو دەزگا و دامەزراوەیەک ئەرشیفی هەبێت، پێویستە هەموو نوسەرێکیش ئەرشیفی هەبێت. جار هەیە دوای چەندین ساڵ مرۆڤ پێویستی بە بابەتێکی خۆی دەبێت کە ڕەنگە ئەو بابەتە لە کاتی خۆیدا بایەخێکی ئەوتۆیشی نەبووبێت. من لەسەرەتای دەستکردنم بە نوسین و خوێندنەوەوە یەکێک لە خەمەکانم دروستکردنی ئەرشیف بوو. دەفتەری گەورەم دەکڕی و بابەتە بڵاوکراوەکانی خۆمم بە دەرزی و بە شیلە پێوە دەلکان و هەڵم دەگرتن. جگە لە بابەتی خۆم بابەتی هەندێک لە هاوڕێکانیشمم هەڵدەگرت. زۆر بابەتیش هەبوون چ کوردی و چ وەرگێڕدراو کە دەمزانی رۆژێک لە رۆژان ئیشم پێیان دەبێت هەر هەڵم دەگرتن. تەنانەت ڕۆژنامەی هاوکاری کە رۆژنامەیەکی قەبارە گەورە بوو مرۆڤ بە ئاسانی نەیدەتوانی هەڵی بگرێت، بابەتە گرنگەکانیم دەستنیشان دەکرد و ناوی بابەتەکە و نوسەر یان وەرگێڕەکەی و ژمارەی رۆژنامەکە و مێژووەکەیم لە دەفتەرێکدا دەنوسییەوە بۆ ئەوەی ئەگەر رۆژێک هات ئیشم بە بابەتێک بوو بتوانم لە کتێبخانەی گشتی، یان لە هەر جێیەکی دی بیدۆزمەوە. هەندێ بابەتیش هەبوون یان بە تەواوی دەمنوسینەوە یان بەشە گرنگەکانیانم دەنوسییەوە. هەر بابەتێکیشم بۆ هەر رۆژنامە و گۆڤارێک بناردایە نوسخەیەکم لای خۆم لێ هەڵدەگرت. ئەوەی وای لێکردم بیر لەوە بکەمەوە لەسەر ئەرشیف بنوسم، ڕووداوێکی خۆشی ئەو ڕۆژگارە بوو، کە هەم ڕووداوێکی جدی بوو، هەم بوو بە جۆرێکیش لە نوکتە. جارێکیان، لەسەرەتای نەوەدەکاندا، بڕیار بوو لە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ کۆڕێکی شیعری بۆ چەند شاعیرێک ساز بکەین، شیعرەکان لای من بوون،

کۆڕەکە ساز نەکرا، من شیعرەکانم لای خۆم پاراست. دوای زیاتر لە دوو ساڵ یەکێک لەو شاعیرانە پێی وتم: ئەرێ من شیعرێکم هەبوو بۆ زەکیە ئالکانم نوسی بوو، بڕیار بوو لەو کۆڕەدا بیخوێنمەوە کە ساز نەکرا، ئەو شیعرەم زۆر خۆش دەوێت و لای خۆم نەماوە، لای تۆ نییە؟ وتم: با لای من هەیە. وتی دەتوانی بمدەیتەوە؟ وتم بەڵێ، بەڵام مەرجێکم هەیە، ئەگەر ئەو مەرجەم جێبەجێ نەکەیت ناتدەمەوە. وتی: مەرجەکەت چییە؟ وتم: ئەوەیە بەڵێنم بدەیتێ جارێکی دی نەیخەوێنی. دەستی کردە پێکەنین و وتی: بەڵێن بێت نایخەوێنم.

## جادووی مۆسیقا

ئەو وتەیە کە دەڵێت ((مۆسقا خۆراکی روحە))، وتەیەکی کۆن و زانراو و ئاشنایە بە زۆربەمان و و ڕەنگە دەیانجار بەرچاومان کەوتبێت و گوێمان لێ بووبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو وتەیە چڕکراوەی راستییەکی گەورە و حاشاهەڵنەگرە، بەردەوام جۆرێک لە ڕەونەق لە نێوانی پیتەکانییدا دەدرەوێشێتەوە. بە بڕوای من وەکچۆن مرۆڤی برسی، مەبەستم کەسێکە گەدەی بەتاڵ بێت، هەر لە خۆیەوە توڕە و کەمحەوسەڵەیە، ئەو مرۆڤەیش کە گوێ لە مۆسیقا ناگرێت و ڕوحی خۆی بە برسێتی دەهێڵێتەوە، هەمیشە کەسێکی توڕە و کەمحەوسەڵەیە... تەنانەت من بڕوام وایە بەشێکی زۆر لە شیعری ئێ ٍستای ئێمە کە خاوەنی ئیقاعێکی نەگونجاو و شپرزەن، لەبەر ئەوەیە کە زۆرێک لە شاعیرانی ئێمە گوێ بۆ مۆسیقا ڕانادێرن. ئەو شاعیرانە جادووی مۆسیقایان تاقی نەکردۆتەوە، هەر

لەبەر ئەوەیشە شیعرەکانیان کاریگەریی جادوویی لەسەر خوێنەر جێ ناهێڵن. لەو ماوانەی پێشوودا هاوڕێیەکی ڕۆژهەڵاتیم (مەبەستم ڕۆژهەڵاتی کوردستانە) پێی وتم: ((جارێکیان لە یەکێک لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بووم، لە بازاڕ پیاسەم دەکرد، سەرم داخست و گوێم لەو خەڵکە گرت کە لەدەوروبەرم بوون، بڕوا بکە وام دەزانی شەڕ دەکەن، زۆر بە تووڕیی و دەنگی بەرز لەگەڵ یەک قسەیان دەکرد)). زۆر بیرم لەو قسەیەی هاوڕێکەم کردەوە، لە خۆمم پرسی ئەمە بۆ وایە؟ لەوەڵامدا بەخۆمم وت: بێگومان ئەمە زیاتر لە هۆکارێکی هەیە. من لە گۆشەیەکی دیکەدا وتم بەشێک لە توڕەیی و دڵڕەقی ئێمە بۆ ژیانی بێ خۆشەویشستیمان دەگەڕێتەوە. لێرەشدا دەڵێم بەشێکی دیکەی توڕەیی و دڵڕەقی ئێمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وەک پێویست گوێ بۆ مۆسیقا ڕانادێرین...ڕێگە نادەین مۆسیقا روحمان ئارام بکاتەوە و هەڵچوون و توڕەییە ناسرووشتییەکانمان لەناو ببات. نیتشە وتوویەتی ((ژیانێکی بەبێ مۆسیقا ژیانێکی هەڵەیە))، بۆ ڕاستکردنەوەی ژیانی هەڵەمان یەکێک لە شەقاوە سەرەکی و گرنگەکان ئەوەیە زیاتر گوێ لەمۆسیقا بگرین. بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە هەموو مۆسیقایەک (خۆراکی ڕوح) نییە، هەندێک مۆسیقا، کە بەداخەوە مۆسیقای ئێمە زۆری لەو جۆرەی تێدایە (خۆرەی ڕوح)ن.

**شێوازی دەربڕین**

بۆچوونێک هەیە پێی وایە: (نووسەر واتە شێواز)، بەپێی ئەو بۆچوونە هەر نوسەرێک شێوازی نوسینی لێ وەربگیرێتەوە لە نوسەری دەکەوێت. من بۆ خۆم لەگەڵ ئەو بۆچوونەم، بەڵام زیادکردنێکم بۆی هەیە. من دەڵێم:

هەر نوسەر نا، مرۆڤیش واتە شێواز. . تا ڕادەیەکی بەرز، ئەوەی وا دەکات مرۆڤێکمان خۆش بوێت شێوازێتی. من لێرەدا زیاتر قسەم لەسەر شێوازی گفتوگۆ و دەربڕینە، کە بێگومان لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی مرۆڤن. شێوازی دەربڕین کاریگەری زۆر گەورەی لەسەر دروستکردن و پچڕانی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان هەیە. دەشێت لە ژێرکاریگەری شێوازێکی جوانی دەربڕیندا، مرۆڤ شتێک قبوڵ بکات کە لە بیرکردنەوەی خۆیشیەوە دوور بێت، هەروەک ئەوەیش دەشێت بە هۆی شێوازێکی نەگونجاوی دەربڕینەوە، مرۆڤ شتێک ڕەت بکاتەوە کە لە بیرکردنەوەی خۆیشیەوە نزیک بێت. ڕوانین و بیر و بۆچوونەکان تەنها لەبەر ڕاستی و ناڕاستییان نییە، کە ڕەت دەکرێنەوە یان قبوڵ دەکرێن، لەبەر ئەوەیشە ئەوان لە ڕێی شیوازی جیاجیاوە دەخرێنە ڕوو. برادەرێک کە لە سوید دەژی دەیوت: (لە زمانی سویدیدا فەرمان کرد نییە، بۆ نمونە سویدییەکان لە بری ئەوەی بە کەسێک بڵێن پەرداخێک ئاوم بۆ بێنە، پێی دەڵێن: دەتوانی پەرداخێک ئاوم بۆ بێنی؟ لە بری ئەوەی بڵێن ژمارە مۆبایلی فڵان کەسم دەوێت، دەڵێن: دەتوانم ژمارە مۆبایلی فڵان کەست لێ وەربگرم؟). ئەو نەرمییە لە دەربڕین مرۆڤ بۆ وەڵامدانەوەی ئەرێنی ئامادە دەکات. لە بارەی کاریگەری شێوازی دەربڕینەوە نمونە زۆرن، من لێرەدا باسی یەک نمونە دەکەم کە پێم وایە، دەتوانێت بە باشی مەبەستەکەم ڕوون بکاتەوە. دەڵێن: پاشایەک خەو دەبینێت. داوای کەسێک دەکات خەوەکەی بۆ لێک بداتەوە. کەسێک دەهێنن، بە پاشا دەڵێت: قوربان لێکدانەوەی خەوەکەت ئەوەیە کە جەنابت سەری هەموو کەس و کارەکەت دەخۆیت. پاشا تووڕە دەبێت و بڕیار دەدات ئەو کەسە سزا بدرێت. کەسێکی دی دەهێنن، ئەمیان بە پاشا دەڵێت: قوربان لێکدانەوەی خەوەکەت ئەوەیە کە هەموو کەس و کارەکەت تەمەنی شیرینی خۆیان بۆ جەنابت جێ دەهێڵن. پاشا بڕیار دەدات ئەمیان خەڵات بکرێت. وەک دەبینرێت هەردوو لێکدانەوەکە یەک شتن و سزا و خەڵاتەکە پەیوەندییان بە ڕاستی و دروستی قسەکانەوە نییە، پەیوەندییان بە شێوازی دەربڕینەکەیانەوە هەیە.

**نوسەر و ڕاستگۆیی**

زۆر جار خوێنەر کە بابەتێک دەخوێنێتەوە، هەست دەکات ئەو بابەتە لە بری ئەو نوسراوە، حەز دەکات خۆی بینووسیایە. بڕوا ناکەم خوێنەر هەبێت بە دۆخی لەو جۆرەدا تێنەپەڕی بێت. ئاخۆ نهێنی ئەو حاڵەتە لە چی دایە؟ بێگومان زیاتر لە هۆکارێک هەیە. بەڵام بە بڕوای من  یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان ئەوەیە کە نوسەر بەتەنها قسەی دڵی خۆی ناکات. قسەی دڵی زۆرێک لە خوێنەرەکانیشی دەکات. ئەگەر وا نەبوایە خوێنەرەکان بەو ڕادەیەی کە هەیە بایەخیان بە نوسینی نوسەرگەلێک نەدەدا کە زۆر جار هەر ناشیان ناسن و زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەریان نییە. خوێنەر لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کە نوسینێک دەخوێنێتەوە، بۆ خۆی دەگەڕێت، یان ڕاستتر بۆ خەون و خۆزگە و ئازارەکانی دەگەڕێت. ڕاستە نوسەر ئەوە دەنووسێت کە هەستی پێ دەکات و لە ناویدا دەژی، بەڵام لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان، خەون و خۆزگە و ئازار و زۆر هەستی دیکەی هاوبەشیان هەیە، نوسینەکەی تەنها بۆ خۆی قۆرخ نابێت. زۆر کەسی دیکەیش دەتوانن پشکیان لەو نوسینە هەبێت. نوسینی سەرکەوتوو وێڕای ئەوەی لە خەون و خۆزگە و ئازارەکانی نوسەرەکەی دەپەڕێتەوە و دەگاتە هاوڕێ و هاونیشتمان و هاوسەردەمەکانی خۆی، بەسەر نیشتمان و سەردەمە جیاوازەکانیشدا درێژ دەبێتەوە. ئەو نوسینانەی بە نەمری دەگەن و دەمێننەوە، ئەو نوسینانەن کە پشکی خوێنەرە هەمە چەشنەکان و سەردەمە جیاوازەکانیان تێدایە. ڤۆڵتێر وتوویەتی: ((نوسین، ئەو گوتارە ئاراستەکراوەیە کە بۆ هاوڕێگەلێکی نادیار و نەناسراو، لە سەرانسەری زەویدا، دەنووسرێت))، ئەوەی ئێمە بەو هاوڕێ نادیار و نەناسراوانەوە گرێ دەدات، کە دەشێت هەندێکیان زۆر لە دوای خۆمان بێنە سەر ئەم گۆی زەوییە، بە پلەی یەک ئەوەیە بتوانین قسەی دڵی ئەوان بکەین، بۆ ئەوەیش کە بتوانین قسەی دڵی ئەوان بکەین، خاڵی هەرە سەرەکی ئەوەیە بە ڕاستگۆیی قسەی دڵی خۆمان بکەین. دەمەوێت کورت و پوخت بڵێم: یەکێک لە سەرەکیترین ئەو خاڵانەی تیایاندا نوسەر و خوێنەر بەیەک دەگەن، ڕاستگۆییە. هەر نوسەرێک لەگەڵ هەست و بیر و باوەڕەکانی خۆیدا ڕاستگۆ نەبێت، نە قسەی دڵی خۆی دەکات، نە قسەی دڵی خوێنەرەکانی. ئەوەیش کورتترین ڕێگایە کە نوسەر دەتوانێت پیایدا بەرەو نەمان و لەبیرچوونەوە بڕوات .

**ئایا بەڕاستی کورد ڕەخنەی نییە؟**

زۆر جار و لە زۆر بۆنەی جیاوازدا دەبینم و دەبیستم هەندێک لە شاعیران دەڵێن: کورد ڕەخنەی نییە. بێگومان مەبەستم رەخنەی ئەدەبییە، من کە ئەو دەستەواژەیە دەبینم یان دەبیستم، هەست دەکەم شاعیری کورد کاتێ دەڵێت ئێمە ڕەخنەمان نییە لە ڕاستییدا دەیەوێ بڵێت ئێمە ڕەخنەیەکمان نییە بەو جۆرەی من خەونی پێوە دەبینم.
بێگومان لە خەونی ئەودا ڕەخنەی کوردی تەنها ئەو کاتە دەبێتە خاوەنی بوون کە بەر لە هەر کەسێک لەسەر شیعرەکانی ئەو بنووسێت و تا خۆی و خوێنەریش ماندوو دەبن بە شان و باڵی شیعرەکانیدا هەڵ بدات. هەست دەکەم ئەو جۆرە لێدوانە ڕەهایانە، کەمتر پەیوەندییان بە ئاستی ڕەخنەی کوردییەوە هەیە و زیاتر پەیوەستن بە هەڵچوونێکی ناسرووشتییەوە کە ئەو شاعیرانە لە ئەنجامی هەستکردن بەوەی فەرامۆش کراون، تووشی دەبن. بەڵام سڕینەوەی هەوڵی خەڵک، کارێکی بەو ڕادەیە سانا نییە کە هەندێ لە شاعیرانی ئێمە تێی گەیشتوون. ئەو جۆرە توندوتیژییە، جیاوازییەکی زۆر گەورەی لەگەڵ توندوتیژییەکانی دیکەی نێو ژیانی کوردەوارییدا نییە. پێویستە هیچ کەسێک ئەو مافە بە خۆی نەدات خەڵکی دیکە بسڕێتەوە. ئەوە کە بیروڕای جیاوازمان لەسەر ئاستی ڕەخنە، یان هەر بوار و کایەیەکی دیکە هەبێت، نەک کارێکی ئاساییە، زۆریش پێویستە. بەڵام سڕینەوە و فڕێدانەدەرەوەی خەڵک، کارێکی ترسناکە و جۆرێکە لە تیرۆرکردنی مەعنەوی. ئەو شاعیرانەی ئێمە، کە لێدوانی لەو جۆرە دەدەن، زیاتر روحی تۆڵەکردنەوە و کەمتر روحی هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەیان تێدایە. ئەو شاعیرانە وا دەزانن ڕەخنە فرمانێکە تا ئەوان ئیمزای لەسەر نەکەن، کاری پێ ناکرێت. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە وەکچۆن شیعری باش پێویستی بە ئیمزای کەس نییە، ڕەخنەی باشیش پێویستی بە ئیمزای کەس نییە. ئەوەی لەم نێوانەدا گرنگە ئەوەیە ئەم جۆرە شەڕ و تۆڵەکردنەوەیە لە بناغەوە لەسەر هیچ هەڵچنراون لەبەر ئەوە چاوەڕوانی هیچیان لێ ناکرێت. بە بڕوای من ئەدەب بۆ شاعیران و بۆ ڕەخنەگرانیش هەمان کێڵگەی بەپیتە، ئەوەی بزانێت چی تێدا بڕوێنێت، هەم خۆی و هەم خەڵکیش بەری ڕەنجەکەی دەبینن، ئەوەیش کە نەزانێت چی تێدا بڕوێنێت، نە خۆی و نە خەڵکیش چاویان بە بەری ڕەنجەکەی ناکەوێت.

**سادەیی و ئاڵۆزی لە نوسیندا**

بۆ گەیشتن بە هاوسەنگی لە هەر بوارێکدا پێویستمان بە گەیشتن بەو پنتە هەیە کە ڕێک دەکەوێتە نێوانی ئەو دوو شتەوە وا دەمانەوێت هاوسەنگی لە نێوانیاندا ڕابگرین. وەکچۆن ئەگەر دارێکی درێژ بێنین، لە ناوەڕاستی دارەکەدا و ڕێک لە سەر ئەو پنتەی ناوەڕاستی دارەکە، پەنجەمان ڕابگرین دارەکە ناکەوێت، بەڵام ئەگەر یەک ملیم ئەملاتر یان ئەولاتر ڕایبگرین دارەکە دەکەوێت. هەر ئاوها لەنێوانی زۆرێک لە شتەکاندا پنتێک هەیە کە دەبێت بدۆزرێتەوە. من لێرەدا بەنیازم لەو پنتە بدوێم کە لە شیعر و نوسیندا دەکەوێتە نێوانی سادەییەکی داهێنەرانە و ئاڵۆزییەکی داهێنەرانەوە، کە بەبڕوای من تێپەڕین لەو پنتە بەهەر لایەکیاندا بێت، چ بەلای سادەیی و چ بەلای ئاڵۆزییدا، لەداهێنان دوور دەکەوێتەوە. ئەوەی گۆران لە شیعری کوردییدا کردی، ڕێک دۆزینەوەی ئەو پنتە بوو، گۆران تا ئەو پەڕی سادەیی

شیعری سادە کردەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوەی گۆران کردی داهێنانێکی حاشاهەڵنەگر بوو. سادەیی لای (گۆران) گەیشتۆتە ڕادەیەک دەڵێن، جارێکیان لە دانیشتنێکدا باسی گۆران کراوە، کەسێک کە (گۆران)ی نەناسیووە داوای کردووە شیعرێکی گۆرانی بۆ بخوێننەوە، (بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیووە)یان بۆ خوێندۆتەوە، کەسەکە وتویەتی جا ئەوە کەی شیعرە، بەخوا من هەزاران جار بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیووە هەر عەیبم لێهاتووە باسی بکەم!! من

**لێرەدا قسەم لەسەر ئەو پنتەیە کە شتەکان لەیەک جیا دەکاتەوە، قسەم لەسەر ئەوە نییە داوای سادەیی لە شاعیر و نووسەران بکەم. چونکە وەک چۆن گۆران لەو پەڕی سادەییدا دەگاتە لوتکەی داهێنان، دەشێت شاعیرێکی دی لەو پەڕی ئاڵۆزییدا بگاتە لوتکەی داهێنان. نالی و مەحوی سادە نین، بەڵام لە لوتکەش دان. گرنگ ئەوەیە شاعیر توانای دۆزینەوەی ئەو پنتەی هەبێت کە ڕێک دەکەوێتە نێوانی سادەیی و ئاڵۆزییەوە، ئەگەر وا نەبێت شیعرە سادەکان لەساکارییەکی بێ سەروبەر و شیعرە ئاڵۆزەکانیش لە تەمومژێکی نەگونجاودا ون دەبن.**

**ڕوانین**

**نزار قەبانی دەڵێت: ((شیعرنووسین وەک سەماکردن وایە، وەکچۆن سەماکەر ئەگەر لە کاتی سەماکردندا بیر لە قاچەکانی بکاتەوە ناتوانێت سەما بکات، شاعیریش ئەگەر لە کاتی شیعرنووسیندا بیر لە هەندێ وردەکاری بکاتەوە ناتوانێت شیعر بنووسێت.(( بە بڕوای من، نەک هەر شیعرنووسین، ژیانیش وەک سەماکردن وایە، مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێ جوان بژی و چێژ لە ژیان ببینێ، نابێ شتەکان لە ئاستی خۆیان زیاتر ورد بکاتەوە و لە خۆی ئاڵۆز بکات. سادەیی و خۆڕسکی و باوەشکردنەوەی دوور لە ڕاڕایی بۆ جوانییەکانی ژیان، لە هۆکارە جەوهەرییەکانی ڕۆیشتنن بەرەو بەختەوەری. ڕاستە ئەو شتانەی لە ناو واقیع و لە دەور و پشتی مرۆڤ ڕوو دەدەن، کاریگەریی گەورە و ئاشکرایان لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە، بەڵام ئەوەش کە لە ناو ڕوانین و خەون و خەیاڵەکانی ئێمەدا بوونی هەیە، لەوە کەمتر نییە کە لە لە ناو واقیعدا هەیە. ئێمە کاتێ سادە بۆ ژیان دەڕوانین و لەناو خۆماندا بڕوا بەوە دەهێنین کە ژیان هەرگیز خاڵیی نییە لە جوانی و دەشێت لە هەر چرکەساتێکی تەمەنماندا دەستمان بە جوانی بگات، ئەوە یەکەمین و گرنگترین هەنگاومان بەرەو ماڵی**

بەختەوەری ناوە و لە ئەگەری گەیشتن بەو ماڵە نزیک بووینەتەوە. بە پێچەوانەشەوە کاتێ تەڵخ دەڕوانین و لە ناو خۆماندا بڕوامان بەوە جوانی و خۆشییەکان نامێنێ، ئەوە یەکەمین هەنگاومان بەرەو ماڵوێرانی و سەرلێشێواوی ناوە. وەکچۆن مرۆڤ ئەگەر چاویلکەیەکی سوور بکاتە چاوی شتەکان بە سوور دەبینێت و ئەگەر بیگۆڕێ بە چاویلکەیەکی ڕەش، شتەکان بە ڕەش دەبینێ، گۆڕینی ڕوانینیش بەو جۆرە ڕەنگی ژیان دەگۆڕێت و شتەکان بە جۆرێک پیشانی مرۆڤ دەدات کە پێشتر بەو جۆرەی نەبینیوون. دەمەوێ کورت و پوخت بڵێم: تاکو ڕوانینێکمان بۆ ژیان نەبێت کە تیایدا گەیشتن بە بەختەوەری بوونی هەبێت، ناتوانین بە بەختەوەری بگەین. وەک کازانزاکی لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بۆ کردووە، سەدان ساڵ پێش ئێستا سۆفییەک وتوویەتی: ((ئەگەر جیهانت بۆ نەگۆڕا، ڕوانینی خۆت بۆ جیهان بگۆڕە)). بێگومان گۆڕینی ڕوانین زۆر لە گۆڕینی جیهان ئاسانترە، بەڵام بایەخ و بەهای زۆر لەو کەمتر نییە.

ململانێی نەوەکان و ڕاستییەکی سادە

هیراکلیتس وتویەتی: (( هیچ مرۆڤێک دوو جار لە یەک ئاو ناپەڕێتەوە)) بۆچی؟ چونکە هەم کات و هەم ئاوەکەیش دەگۆڕێت. سەردەمەکانیش وان، هیچیان لەوانی دیکە ناچن. هەر سەردەمە خەم و خەون و خۆشی و ناخۆشی خۆی هەیە. لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا زۆر شت تێدەپەڕن و لەگەڵ هاتنیشیدا زۆر شت دێن. وەکچۆن

بەقاڵەکانی جاران لە بری ئەوەی بەرهەمەکانیان بە پارە بفرۆشن، بە بەرهەمی دیکەیان دەگۆڕینەوە. بۆ نمونە بارە ترێیان بە بارە گەنم دەگۆڕییەوە. کاتیش بە هەمان شێوە کە دێت بارێکی پێیە و کە دەڕوات بارێکی دیکە لەگەڵ خۆی دەبات.. لێرەوەیە کە زۆر ئاسایی و سروشتییە نەوەکان وەک یەک نەڕوانن و وەک یەک بیر نەکەنەوە و وەک یەک چێژ لە شتەکان نەبینن. ئەوەی نائاسایی و ناسروشتییە قبوڵنەکردنی ئەو جیاوازیانەیە. ئەو جیاوازییانە هەندێ جار بە ململانێ و هەندێ جاریش بە شەڕی نەوەکان ناو دەبرێت. ئەو ململانێ و شەڕە لە زۆرینەی کایە و بوارەکانی ژیاندا دەبینرێت، ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت زۆر بە کورتی یەک دوو قسەی لەسەر بکەم بواری ڕوناکبیرییە، کە تیایدا ئەو ململانێ و شەڕە بە خەستی دەردەکەوێت. لە نێوەندی ڕوناکبیری خۆماندا زیاتر لە جارێک ئەوەمان بینیوە کە شاعیرێک، یان نوسەرێک تەمەنێکی دوور و درێژی لەگەڵ نوسیندا بەسەر بردووە و بۆ یەک جار و بە یەک تاکە وشەیش باسی کەسێکی لە نەوەی دوای خۆی نەکردووە. مردووە و دانی بە یەک بەرهەمی دوای خۆیدا نەناوە. هەروەها زیاتر لە جارێک ئەوەیشمان بینیوە کە لە پڕدا کەسێک پەیدا بووە و سەرلەبەری بەرهەمەکانی نەوەی پێش خۆی توورِ هەڵداوە. ئەوەی لەو نێوانەدا سەیر و سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە ئەو نەوانە ڕاستییەکی سادە، بەڵام جەوهەریی، لە بیر دەکەن، ڕاستییەکەیش ئەوەیە نەوەکان شوێنەکانیان لەگەڵ یەکدیدا دەگۆڕنەوە. ئەوەی ئەمڕۆ بە نەوەی کۆن لە قەڵەم دەدرێت دوێنێ نوێ بووە و ئەوەیش کە ئەمڕۆ بە نەوەی نوێ دادەنرێت سبەی کۆن دەبێت. سوڕانەوەکە، تا ڕادەیەک بازنەییە. لەبەر ئەوە دەبێت هەرگیز ئەو ڕاستییە لە بیر نەکرێت کە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوە لە شوێن و پایەی هەر نەوەیەک لە هەمان کاتدا هەوڵدانە بۆ کەمکردنەوە لە شوێن و پایەی نەوەکانی دیکەیش .

**سوتـان و داهێنـان**

دەمەوێت لەم گۆشەیەدا باسی سوتـان بکەم، هەڵبەت بە مانا مەجازییەکەی. هەر لە کۆنەوە لە هونەر و ئەدەبیاتی زارەکی و لە شیعری کلاسیکیشدا، سوتـان بە چەندین شێوازی جیاجیا، بۆ دەربڕینی تـاسە و تینوێتی و هەستە خرۆشاوەکانی مرۆڤ بە کار براوە. ئەوەی لە سوتـانی مەجازییدا جێی دڵخۆشییە ئەوەیە هەندێجار کە مرۆڤ دەکەوێتە ناویەوە، لە بری دوکەڵ و خەڵوز و پاشماوەی ئـاگر، داهێنـانی لێ جێدەمێنێ. بە بڕوای من، بەبێ هەستکردن بەوەی سوتـانێک لە ناوەوەی مرۆڤدا هەیە، گەیشتن بە داهێنـان، بە تـایبەت لە بواری هونەر و ئەدەبیاتدا، کارێکی سەختە. لێرەدا بە دیـاریکراوی مەبەستم لە سوتـان ئەو سۆزە گەرمەیە کە دەتوانێت مرۆڤ بخاتە سەر کەڵکەڵەی سەرکێشیی و تـاقیکردنەوەی شتگەلی نوێ و نـاوازە و لە داهێنـانیش زیـاتر مەبەستم داهێنـانی ئەدەبی و هونەرییە. بێگومان داهێنـان پەیوەندیی زۆر قووڵی بە هەوڵدان و خۆماندووکردنی جدییەوە هەیە، ئەدی بۆچی داهێنـان بە سوتـان و سۆزە گەرمەکانەوە گرێ دەدەین؟ لەبەر ئەوەی یەکەم: مرۆڤ ئەگەر سۆزێکی گەرمی بۆ ئەو کارە نەبێت کە دەیکات، وەک پێویست هەوڵی بۆ نـادات و خۆی بۆ مـاندوو نـاکات. دووەم: مرۆڤ هەر چەند وردەکار و بە توانـا و دەستڕەنگین و خاوەن بـاکگراوندیش بێت، بەبێ ئەو سوتـان و سۆزە گەرمە، بەرهەمەکەی چەند جوانیش بێت، زیـاتر وەک زەخرەفەیەکی بێگیـان دەردەکەوێت. لە هونەر و ئەدەبیـاتدا جادوویەک هەیە، بەبێ ئەو جادووە بەرهەمەکان چەند جوانیش بن، کەمتر دەچنە نـاو خەڵک و نـاو مێژووەوە، ئەو جادووەیش زیـاتر لەو سوتـان و سۆزە گەرمانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە نـاوەوە مرۆڤ ڕادەچڵەکێنن و دەیکوڵێنن و دەیخرۆشێنن. جار هەیە لە کاتی خوێندنەوەی شیعرێکی درێژ، یـان تەنـانەت ڕۆمـانێکدا، دوای بەرکەوتنمان لەگەڵ چەند دێڕێک، یـان چەند لاپەڕەیەک، هەست بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکەین، هەست دەکەین لەبەردەمی کارێکی گەورەداین، بڕوام وایە زۆرینەمان لە مێژووی پەیوەندیمانـدا بە کتێبەوە، بەو جۆرە دۆخانەدا تێپەڕیووین، نهێنی ئەمەش بە زۆری پەیوەستە بەو جادووەوە وا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو سوتـان و سۆزە گەرمانەوە هەیە کە بە هەوڵ و مـاندووبوونی جدی و داهێنـان نەبێت، بە هیچ شتێک سارد نـابنەوە.

شێرکۆبێکەسلەنێوانمردنوژیاندا

شیعریشێرکۆبێکەسبەتایبەتلەدیوانیمنتینوێتیمبەگڕدەشکێ-

وەدەبێتبەخاوەنیکۆمەڵێکخەسڵەتیتایبەت، کەمننامەوێ لێرەدائەوخەسڵەتانەببژێرم، چونکە پێشترلەلێکۆڵینەوەیەکدابەدوورودرێژیقسەملەسەرکردوون، ئەوەیلێرەداقسەیلەسەردەکەمتەنهادووانلەوخەسڵەتانەن، یەکەمیانئەوەیەکەشیعریشێرکۆبێکەسبەدرێژاییبنزیکەینیوسەدەبەردەوامشیعرێکبووەلەناومردنەوەهاتووەبەلامپڕبووەلەژیان، لەکارەساتەوەهاتووەکەچیپڕبووەلەخەونیزەردوسوور.

پێکەوەگرێدانیمردنوژیان، بەقازانجیژیان، یەکێکلەوتەوەرەسەرەکییانەبووەکەبەشێوەیەکیبەردەوامشیعریشێرکۆبێبەدەوردا سوڕاوەتەوە.

ئەوبەشەلەوەسیتەکەشیکەداوایکردووەلەتەنیشتیمۆنۆمێنتیشەهیدانولەناوپارکیئازادییدابنێژرێتدیسانئەوپێکەوەگرێدانەیمردنوژیانە، بەقازانجیژیان. بەووەسیەتەپێیگوتین:

منهەربەژیانمشەڕیمردنوژیانمبەقازانجیژیانبەڕێوەنەبرد، بەمردنیشمدرێژەبەهەمانشەڕدەدەم.

ئێستائەوەتاجارێکیدی، بەجۆرێکیدی، هەمپێکەوەگرێدانیمەرگوژیاندووبارەدەکاتەوە، ئەمگرێدانەوەیئەمجارەلەدووسەرەوەیە، یەکەمیانلەخودیمردنەکەیخۆیەوە، کەتیایداژیانەدۆزێتەوە، ئەوکەوەسیەتدەکاتلەناوپارکیئازادیابنێژنواتەداوایژیاندەکات، بەووەسیەتەلەگۆڕستانەهەڵدێتودەچێتەوەئامێزیژیان.

دووەمپێکەوەگرێدانیژیانومردنلەووەسیەتەدالەوەدایەکەلەتەنیشتیپۆلێکشەهیدەوەدەنێژرێت، بەلاملەکوێ ؟لەناوپارکیئازادییدا. جگەلەوەشەهیدخۆیهەممردنەهەمژیان، شەهیددەمرێتبۆئەوەیژیانبەردەوامبێت.

تائێرەقسەکانملەسەرخەسڵەتییەکەمیشیعریشێرکۆبێکەسبوو، خەسڵەتیدووەمیشیعریئەمشاعیرەئەوەیەهەمووشتێکبەشیعربارگاویدەکات، لەهەمووشتەکانشیعرێتیبەرهەمدەهێنێت.

لایشێرکۆبێکەسبەردەوامشیعرلەئاستەبالاکاندایە، خەیاڵوزمانلەتەقینەوەوشیعرێتیلەهەڵقووڵیندایە.

سلاولەگەورەییخۆتوشیعرەکانت، یادتبەخێرومەزارتپڕلەڕوناکیوژیانبێت.

**شێرکۆ بێکەس لە نێوان شیعر و نەتەوەدا**

دوای بڵاوبوونەوەی گۆشەی پێشووم لەسەر شێرکۆ بێکەس خوێنەرێکی ئازیز لە کۆمێنتێکدا بۆی نوسی بووم:

((وتارەکەتم خوێندەوە، پێم جوان بوو، بەڵام خۆزگە بەر لە مردنی لەسەرتان بنوسیایە، بە تایبەت لەسەر مەسەلەی نەتەوە و نەتەوەگەرایی لای ئەو شاعیرە))، من لێرەوە، هەم لە وەڵامی ئەو خوێنەرە ئازیزەدا و هەم بۆ هەر ئازیزێکی دی کە لەسەر نوسینەکەی من هەمان هەستی هەبووە، یان هەیە، دەڵێم تا ئێستا چەندجارێک، لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە لەسەر ئەزموونی شێرکۆ بێکەسم نوسیوە، لێرەدا بەشێک لە یەکێک لەو نوسینانەم دادەنێمەوە کە 15 ساڵ بەر لە ئێستا نوسیومە و بڵاوم کردۆتەوە.راستەگوتارلەشیعریشێرکۆدابێکەسدا گوتاریمانەوە،یانگوتاریبەرگرییە،هەروەکعەتاقەرەداغیوبەختیارعەلیبەجوانیلێیدواون،بەڵامبەڕایمنبوونیئەمگوتارەنیی ەکەشێرکۆلەشاعیرانیدیکەجیادەکاتەوە،بەڵکوبەشیعرکردنیئەمگوتارەیە.دەتوانمڕوونتربڵێم:

بەرلەشێرکۆلەشیعریکوردیدادووجۆرشاعیربوونیانهەبووە،کەبایەخیانبەنەتەوەومانەوەینەتەوەیی،دابێت.یەکەم:

ئەوشاعیرانەینەتەوەئامانجییەکەموشیعرئامانجیدووەمیانبووە. خانینموونەیەکیبەرجەستەیئەمجۆرەشاعیرانەیە:

((شەرحاغەمێدلبکەمفەسانە/ زینومەمێ- بکەمبەهانە)). دووەم:

ئەوشاعیرانەیشیعرئامانجییەکەمونەتەوەئامانجیدوومیانبووە.نالیدیارترینشاعیریئەمبوارەیە:

((کەسبەئەلفازمنەڵێخۆکوردییەخۆکردییە/ هەرکەسێنادانەبێخۆیتالیبیمەعنادەکا)).

بەهاتنیشێرکۆجۆریسێیەملەشیعرینەتەوەییئێمەدازۆربەڕوونیدەرکەوتووە،کەلایئەمجۆرەشاعیرەهیچکاملەشیعرونەتەوەئام

انجبیەکەموئامانجیدووەمنین، بەڵکودووئامانجنلەناویەکدییدا، وەکچۆنزۆرجارمرۆڤلەنێوخەونداخەونیدیکەدەبینێت.دەتواڵ
یین (داستانیمامەیارە) بەنموونەیئەمبۆچوونەمانبهێنینەوە. دەشێتبەواتایەکیدیکەبڵێین: نە (خانی)
ئەوەندەیشێرکۆشاعیرونە (نالی) ئەوەندەیشێرکۆنەتەوەییبووە.کۆکردنەوەیئەمدووجەمسەرە (بەهاوسەنگی)
لەخاڵێکدا، شیعریشێرکۆییلێکەوتۆتەوە، کەمنپێمووایەهەرلەبەرئەمەۆیەشەشێرکۆبێکەس لەهەمووشاعیرێکیکوردزیاتر
(لەنێوانشیعرونەتەوەدا) قسەیلەسەردەکرێت.

شێرکۆبێکەس

خەونیبینین، خەونیگوێگرتنلەشیعرەکانی

لەناوەڕاستیهەشتاکانەوەکەتازەدەستمبەنوسینوخوێندنەوەکردبوو، یەکێکلەخەونەشیرینەکانمئەوەبووشێرکۆبێکەسببینموڵ
ەکاتێکداشیعردەخوێنێتەوەلێوەینزیکبمودەنگە پڕجۆشوخرۆشەکەیبەقووڵیوبەتوندیبڕژێتەگوێمەوە.
مننەمدەزانیئەوخەونەمچۆندێتەدی، بەڵامهەرگیزبێهیوانەبووم. یەکەم جار لە کاتی کۆنگرەی راپەڕینی یەکێتی
نوسەرانی کورددا کە لە شەقڵاوە بەسترا، شێرکۆ بێکەسم بینی و دوای ئەوە لە 1991/12/21 دا
لەلایەنکۆمەڵەیهونەرەجوانەکانیکوردلقیچەمچەماڵەوەکۆڕێکیبۆسازکراولەوێدابۆیەکەمینجارراستەوخۆولەنزیکەوەگوێملەد
ەنگە پڕجۆشەکەیبوو.

بۆیەکەمینجارجوڵەوبزووتنەسەرنجڕاکێشەکانیمبەچاویخۆمبینیوبەقووڵیهەستمبەخرۆشانیرۆحیئەوشاعیرەکرد.

منبەرلەوکۆڕەزۆرلەگەڵشیعرەکانیشێرکۆبێکەسداژیابووم، زۆرچێژملەجوانییەکانیانبینیبوو، زۆریشتووشیحەپەسانیانکردبو
وم، بەڵامشیعریئەوبەدەنگیخۆیشتێکیدیکەبوو.

مرۆڤکەلەکۆڕیشێرکۆبێکەسدادادەنیشتبۆیدەردەکەوت، وشەکانبەتەنهاناتواننتەواویئەوەیشاعیردەیەوێتبیگەیەنێت، بیگەیەنن، مرۆڤلەکۆڕیئەوشاعیرەداتێدەگەیشتوشەکانپێویستیانبەدەنگیپڕژیانوبەجوڵەیپڕزیندوێتیوبەجۆشوخرۆشیرۆحییهەیە.

ئەوەیەکەمینجاربوولەکۆڕیشێرکۆبێکەسدادابنیشموخۆزگەبخوازمهەمووگیانمببێتبەگوێ، بەڵامخۆشبەختانەدواجارنەبوو، چەندینجاریدیکەلەکۆڕەشیعرییەکانیدادانیشتموزۆرترینچێژملەچۆنێتیخوێندنەوەیشیعرەکانیبینی.

تائێستاشێوازیشیعرخوێندنەوەیهیچشاعیرێکئەوەندەیشێوازیشیعرخوێندنەوەیشێرکۆبێکەسبۆمنسەرنجڕاکێشنەبووە.

ئەوجگەلەوەیدەنگێکیزوڵاڵوپڕلەخرۆشانیهەبوو، زۆرجوانیششیعریدەخوێندەوە، هەمخۆیلەگەڵخوێندنەوەیشیعرەکانییداسۆزیدەکردوهەمئامادەبووانیشیدەخستەناوسۆزێکیڕاچڵەکێنەرەوە، کەبیرلەوەدەکەمەوەشێرکۆبێکەسمردووە، خەمبۆدووشتدەخۆم، یەکەم:  ئیترشیعریتازەینابینم، دووەم:
ئیترڕاستەوخۆگوێملەدەنگینابێتشیعربخوێنێتەوە، ئەگینادڵنیایدڵنیامشێرکۆبێکەسلەمردنپەڕیوەتەوەوبۆهەتاهەتاییبەزیندوێتیدەمێنێتەوە.

لەتیف هەڵمەت،

شەڕکەرێک لە پێناوی جوانیدا

**رۆژی پێنج شەمە 2013/7/11 لە هۆڵی تەوار لە سلێمانی، مەکتەبی راگەیاندن و رۆشنبیری حیزبی شیوعی کوردستان، لە مەراسیمێکی خنجیلانەدا، خەڵاتی رێزلێنانی بە لەتیف هەڵمەت بەخشی. گوێم لێ بوو برادەرێک، کە لە تەنیشتی منەوە دانیشتبوو، وتی: لەتیف هەڵمەتی سۆفی و حیزبی شیوعی، چی بەیەکیانەوە کۆ دەکاتەوە؟. بە بڕوای من، ئەوە کە حیزبێکی وەک حیزبی شیوعی کوردستان، جوانییەکانی شاعیرێکی وەک لەتیف هەڵمەت دەبینێت و خەڵاتی پێدەبەخشێت، کە زۆرینەمان دەزانین لە ڕووی بیرکردنەوەوە لەیەک دوورن، نە جێی سەرسوڕمانە و نە جێی ئەوەشە پێمان وابێت کارێکی گەورە و عەجیبە. ڕاستە هەندێک خەڵکی ئێمە بە هۆی بارودۆخی ئاڵۆزی کوردەوارییەوە، بەهۆی ئەو هەموو قبوڵنەکردن و نەبینینەی جوانییەکانی یەکترەوە کە لە مێژووی دوور و نزیکماندا هەبووە، کارێکی لەم جۆرە بە سەیر و نائاسایی دەزانن، بەڵام لە ڕاستییدا ئەو کارە زۆر دروست و لە جێی خۆیدایە. ڕوانین لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لە هەر ئاستێکدا بێت، بە مانای ئەوە نییە ئیدی ئێمە نەتوانین جوانییەکانی یەکتری ببینین. بە بڕوای من مرۆڤایەتی بە هەموو ڕەنگە جیاوازەکانییەوە، قەرزاری ئەو کەسانەیە کە شەڕیان لە پێناوی جوانیدا کردووە و توانیویانە، هەر یەک بە جۆرێک، ڕووبەری جوانی لەوەی کە هەبووە، فراوانتر بکەن. بەنسبەت خۆمانەوە وەک کورد، لەتیف هەڵمەت لە پێشەنگە دیارەکانی قۆناغێک لە قۆناغەکانی دنیای شیعر و ئەدەبیاتمانە، کە لە فراوانکردنی ڕووبەری جوانیدا بەخششێکی گەورەی هەبووە. بە بڕوای من، هەرگیز شاعیرێکی وەک لەتیف هەڵمەت لەناو و نازناو و دەستەواژەی وەک سۆفی و سۆفیگەرێتی و هیچ جۆرە ناو و نازناو و دەستەواژەیەکی تایبەتدا کورت ناکرێتەوە. کورتکردنەوەی شاعیرێکی ئاوا داهێنەر و پڕ بەخشش و پڕ سەرکێشیی، بۆ هەر ناو و نازناوێک، زوڵمێکی ئاشکرایە، چونکە ئەو شاعیری هەموومانە. شیعرەکانی ئەو بەشێکن لە یادەوەریی هەمووومان. ئەگەر لە بواری نوسیندا، شیعر یەکێک لە شانازییە گەورەکانی مێژووی ئێمە بێت، لەتیف هەڵمەت لە یەکێک لە پێشەنگە دیارەکانی ئێمەیە کە پشکێکی گەورەی لەو شانازییە بەر دەکەوێت. لە کۆتاییدا: وێڕای دەستخۆشی زۆرم بۆ حیزبی شیوعی کوردستان، پیرۆزبایی گەرمیشم بۆ هەڵمەت و بۆ شیعر و جوانی و داهێنان هەیە.**

**ئەو کاتەی هونەرکاریی دەنوێنرێت**

بەشێوەیەکی گشتی دووبارە و چەندبارەکردنەوە لە شیعردا کارێکی باش نییە. چونکە شیعر شوێنی چڕکردنەوە و کورتکردنەوەیە. هەر بۆنمونە لە شیعری کلاسیکییدا دووبارەکردنەوەی سەروا وەکو خەوشێک تەماشا کراوە. شاعیرە خاوەن سەلیقەکان زۆر کەم سەروایەکیان دووجار لە یەک شیعردا بەکار هێناوە. دیسان هەر بۆ نمونە، ئەحمەد موختار جاف لە شیعرێکدا سەروایەکی دووبارە کردۆتەوە، خێرا ئاماژەی بۆ کردووە. واتە زانیوویەتی کە کارێکی باش نییە بەڵام ناچار بووە:

قافییە هەرچەندە تیکرارە، بەڵام (ئەحمەد) بە دڵ

هەر بەیادی تاقی ئەبرۆی تۆیە جار جار نوێژ ئەکا

بێگومان ئەمە تەنها بۆ سەروا وا نەبووە و وا نییە. هەموو دووبارە و چەندبارەکردنەوەیەک لە شیعردا، بەگشتی کارێکی خراپە، وەلێ شاعیری خاوەن سەلیقە دەتوانێت ئەم یاسا گشتییە تێک بشکێنێ و لە دووبارە و چەندبارەکردنەوە هونەرکاری و شیعرێتی بەرهەم بهێنێت. چونکە شیعر وەکچۆن شوێنی چڕکردنەوە و کورتکردنەوەیە شوێنی تێک شکاندنیشە. تەنانەت عەرەب لە ئیعرابکردنی ڕستەدا شوێنێکیان بۆ ئەم تێکشاندنەی شیعر داناوە. ڕێیان بە شاعیر داوە ئەگەر بۆ شیعرەکەی پێویست بوو، لە یاسا و ڕێسا زمانییەکان لابدات. بەڵێ شاعیری بە سەلیقە دەتوانێت یاسای کورتکردنەوە و چڕکردنەوە تێک بشکێنێ و لە دووبارە و چەندبارەکردنەوە هونەرکاری و شیعرێتی بەرهەم بهێنێت. لەم ڕووەوە، جوانترین نمونەیەک، کە من تا ئێستا لە شیعری کوردییدا بینیبێتم، ئەم شیعرەی لەتیف هەڵمەتە: ((لە ناو ژوورەکەمدا/ ژوورێکی دی هەیە/ لە ژوورەکەی دیشدا/ ژوورێکی دی هەیە/ لەناو ئەو ژوورەشدا/ ژوورێکی دی/ لە ناو ئەو ژوورەی دیشدا/ ژوورێکی دی/ ژوور/ ژوورێکی دی/ ژوور ژوور/ ژوور/ ژوورێکی دی و/ ژوورێکی دی و/ ژوورێکی دی و/ ژوور/ ژوور/ ژوور/ ژوور/ ئەم هەموو ژوورە/ دەکەمەوە/ دایکم لە هیچ ژوورێکدا نییە...)). لێرەدا ئەم هەموو چەندبارەکردنەوەیە نەک نەبووە بەخەوشێک لە شیعرەکەدا بەڵکو بووە بە هێزی گەورەی شیعرەکە. ئەوەی حاڵەتی روحیی شاعیرو ڕادەی پەرۆشیی ئەومان بۆ دایکی، بۆ دەگوازێتەوە ئەو چەندبارەکردنەوەیەیە. ئەمەیە نزار قەبانی وتەنی، لای خەڵکی دەستڕەنگین ((دەتوانرێت لە بەردیش هونەر بەرهەم بهێنرێت.((

**له بارەی هەستی خۆبەگەورەزانینەوە**

**لەتیف هەڵمەت، وەک نموونە**

سەرەتای نووسین، قۆناغێکی گرنگو خۆشو پڕ لەخەونو پڕ لەکێشمەکێشە. لەو قۆناغەدا روانینی مرۆڤ بۆ دنیاو بۆ نووسینو بۆ شوێنی نووسەر لەناو دنیادا روانینێکی سەیرە. زۆرینەی ئەوانەی سەرەتا دەست بەنووسین دەکەن، خۆیان بەگەورە دەزانن. بێگومان ئەو خۆبەگەورەزانینە، بەدیوێکدا خراپە، بەڵام بەدیوێکی دیکەدا هەم باشە، هەم پێویستە. دیوە خراپەکەی ئەوەیە مرۆڤ لەزانینی راستەقینەی قەبارەی خۆی دووردەخاتەوە. وێنەیەکی پیشان دەدات کە وێنەی خۆی نییە. دیوە باشەکەشی ئەوەیە مرۆڤ تابڕوا بەگەورەیی خۆی نەهێنێت ناتوانێت سەرکێشیی گەورە بکات. ئەو روحە هێزێکی گەورە بەمرۆڤ دەبەخشێت. هێزێک کە رەنگە بەشاراوەیی کار بکات، بەڵام رەنگدانەوەی لەناو نوسیندا بەئاشکرایی دەردەکەوێت. ئەو خۆبەگەورە زانینە سەرمایەیەکی رەمزیی، یان روحییە، کە بەر لەخەڵک، مرۆڤ خۆی بەخۆی دەبەخشێتو دواجار ناچاردەبێت بۆ پاراستنی زۆرترین کۆشش بکات. بەبڕوای من لەسەرەتاکانی نووسیندا، هەستی خۆبەگەورە زانین، ئەگەر دوو مەرجی لەگەڵ بێت، هەستێکە دیوە باشەکەی، لەدیوە خراپەکەی گرنگترە. ئەو دوو مەرجەش ئەمانەن: یەکەم: ئەو کەسە بەڕاستی شتێک لەگەورەیی تێدابێت. دووەم: ئەو خۆبەگەورە زانینەی لەسەر حسابی خەڵک نەبێت. لەگەڵ هەستکردن بەگەورەیی خۆیدا، گەورەیی خەڵکی دیکەش ببینێت. دەکرێت بۆ رونکردنەوەی زیاتری مەبەستەکەم، شاعیرێکی کاریگەرو خاوەن هەژموونی وەک لەتیف هەڵمەت، بەنموونە بهێنمەوە. ئەگەر لەتیف هەڵمەت هەستێکی گەرمی خۆبەگەورە زانینی تێدا نەبوایە، چۆن دەیتوانی لەسەرەتای تەمەنو نووسیندا (کولەکەکان بشکێنێت)و وێنەیەکی دیکەی (خواو شارە بچکۆلەکان) بکێشێت؟ لەتیف هەڵمەت کاتێ لەساڵی 1970دا، یەکەمین دیوانی خۆی خستە بەردەستی خوێنەران، کە بەشێک لەشیعرەکانی بەهەموو مانایەک، تازەو جیاوازو پڕ لەنوێگەریی بوون، تەمەنی تەنها 23 ساڵ بوو. ئەوەی لە لەتیف هەڵمەتدا هەم جوان بوو، هەم بەجوانی مایەوە، یەکەم ئەوەبوو کە ئەو هەر لەسەرەتاوە گەورەیی تێدابوو، دووەم: تا هات گەورەتربوو، سێیەم: خەڵکی بەبچووک سەیر نەکرد!!

**گەشت و پێناسین**

**یەکەمین ڕایەڵەی نێوانی من و سەلام محەمەد**

(1)

**لە ڕۆمانی دوو ڕوو-ی حەوادا کە ئامریتا بریتام نوسیویەتی ڕستەیەکی زۆر جوان هەیە، ئامریتا لە زاری پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکەیەوە دەڵێت: ((چەند بەختەوەرن ئەو کەسانەی کە دەتوانن دڵیان بە شتی بچوکیش خۆش بێت)). یەکێک لە ڕۆژە خۆشەکانی ژیانی من، کە هۆی دڵخۆشییەکەم شتێکی بچوک بوو، ئەو ڕۆژە بوو کە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا، ژمارە (8) ی ساڵی 1973 ی گۆڤاری بەیانم دەست کەوت. ئەو ژمارەیە تەرخان کراوە بۆ شیعر و شیعری زۆرێک لە شاعیرە دیار و باش و نوێخوازەکانی ئەو کاتەی تێدایە. بەشێکی گەورەی دڵخۆشی من بەو گۆڤارە ئەوە بوو، کە لەوێدا بۆ یەکەمجار وێنە و ژیاننامەی چەند شاعیرێکی حەفتاکانم بینی. ئەو کاتە من لەسەرەتاکانی خوێندنەوە و نوسیندا بووم و وەک زۆرێک لە هاوسەردەمەکانی خۆم، شاعیرانی حەفتا یان شاعیری حەفتاکانم بەو جیهانە ئەفسوناوییە دەزانی کە پێم وا نەبوو بەبێ ناسین و بەرکەوتن لەگەڵ جوانییەکانییدا، بتوانم بە جێیەک بگەم کە خەونم پێوە دەبینی. دەستکەوتنی هەر کلیلێک، با کلیلی دەرگا و ژوورێکی زۆر بچوکیش بووبێت لەو جیهانەدا، زۆر دڵخۆشی دەکردم. ئەو ژمارەیەی گۆڤاری بەیان یەکێک لەو کلیلانە بوو کە زۆر زۆر دڵخۆشی دەکردم. هەر لە هەشتاکاندا ئەو کلیلەم فەوتا و نەیشمزانی کێ بردی و بۆچی بردی و لەبەرچی بۆی نەهێنامەوە؟ لە نەوەدەکاندا جارێکی دی لای هاوڕێم حەسەن هەڵەبجەیی، خاوەنی کتێبخانەی شێخ ڕەزا، ئەو کلیلەم دەست کەوتەوە و لەو یەک دوو ساڵەی پێشوودا دیسان فەوتا. لەبەر ئەوەی بەشێکی دیکەی دڵخۆشی من بەو**

گۆڤارە، ناسینی سەلام محەمەد بوو، کاتێ ویستم ئەم چەند وشەیەی لەسەر بنوسم، بە سوپاس و پێزانینەوە نوسخەیەکی ئەو کلیلەم بە ئەمانەت لە هاوڕێی شاعیرم سەباح ڕەنجدەر وەرگرت. لەو ژمارەیەی گۆڤاری بەیاندا بۆ یەکەمجار شیعرێکی سەلام محەمەدم بە ناونیشانی (گەشت و پێناسین) بینی و بەلایشمەوە یەکێک لە جوانترین شیعرەکانی ئەو ژمارەیە بوو. ئێستایش کە دوای ساڵانێکی زۆر تەماشای شیعرەکانی ئەو ژمارەیەی گۆڤاری بەیان دەکەمەوە، هەمان بڕوام هەیە، شیعرەکەی سەلام محەمەد بە یەکێک لە جوانترین شیعرەکانی ئەو ژمارەیە دەزانم. لە گۆشەکانی دواتردا بە کورتی ئاماژە بە جوانییەکانی ئەو شیعرە دەکەم.

گەشت و پێناسین

یەکەمین ڕایەڵەی نێوانی من و سەلام محەمەد

(2)

یەکەمین شت کە دوای بینینی ژمارە (8) ی گۆڤاری بەیان، خەیاڵی بزواندم و بۆ ئەو کاتەی من کە هێشتا تەمەنم نەگەیشتبووە 20 ساڵ، جێی دڵخۆشی بوو، ئەوە بوو کە سەلام محەمەد لە هەموو شاعیرەکانی ئەو ژمارەیەی گۆڤاری بەیان منداڵتر بوو. سەلام ئەو کاتە تەمنی 19 ساڵ بووە، ئەوە کە منداڵترینی نێو پۆلێک شاعیری بە توانا، شیعرێکی بەو هەموو جوانییەوە نوسیوە، زۆر دڵخۆشی دەکردم و بڕوایەکی قوڵی پێدەبەخشیم کە دەکرێت منیش، با تەمەن و ئەزموونیشم زۆر نەبن، شیعری جوان بنوسم. ئەو هەستە هێزێکی ڕوحیی گەورەی بە من دەبەخشی. ئەوەی لەو کاتانەدا بە گشتی لە ناو شاعیرانی حەفتاکاندا چاوی خوێنەری دەدزی و ئیشتیهای

خوێندنەوەی بەرهەمەکانیانی دەکردەوە، مەسەلەی نوێخوازی و یاخیگەرێتی بوو. ئەوان لە بەیاننامە و پێشەکی کتێبەکانیان و لە کۆڕوکۆبوونەوە و دیدارەکانیاندا باسی تێپەڕاندن و جێهێشتنی قۆناغی گۆرانیان کردووە. ئەو کاتە خوا و شارە بچکۆلەکەمانی لەتیف هەڵمەت و بانگەوازی ڕوانگە، زۆرترین مشتومڕیان دروست کردووە. فەرهاد شاکەلی-ش کە ئەو کاتە بە ناوی ئەنوەر شاکەلییەوە دەینوسی، بەوەی لە پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی-دا کە یەکەمین دیوانێتی ، باسی جێهێشتنی قۆناغی گۆران و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی لە شیعری کوردیدا کردووە، دیسان مشتومڕێکی زۆری دروست کردووە. سەلام محەمەدیش لەو شیعرەدا و وەک جۆرێک لە بانگەوازێکی ناوەکیی ڕایگەیاندبوو کە لە نوێخوازانی شار یاخییە. سەلام لەوێدا گوتبووی: ((دەرچووم لە شار../ دەرچووم لە شار/ ئەی لاوەکان.../ لەسەر بیابانی چاوتان، تۆماری کەن/ منم ڕوبار../ تۆماری کەن: یاخیم لە نوێخوازانی شار)). هەر لەو شیعرەدا جۆرێک لە یاخیبوون و ڕەخنەی توند لە دڵدارەکانی شار و لە کیژۆڵەکان و لە پێشڕەوەکان هەیە :

))ئاگادار بن... دڵدارەکانی ئەم شارە ترسنۆکن/ ئاگادار بن/ ئاگادار بن، ئا ئەم شارە بێ دڵدارە/ ئا ئەم شارە.. ئاسمانێکە بێ باڵدارە!!...)).((چوومە ناو شار../ پێشڕەوەکان لە ناو لێشاوی چەپڵەدا..باوێشک/

ئەدەن/ دەستە.. دەستە، کیژۆڵەکان../ بۆ سێبەری کۆشکی ئاغا کڕنوش ئەبەن !!))، جگە لەوە، سەلام لەو شیعرەدا چەند پارادۆکس و هاودژ و پێچەوانەیەکی پێکەوە کۆکردۆتەوە و وەزیفەی تازەی پێبەخشیوون کە لە ڕووی شیعرێتییەوە دەقەکەیان بردۆتە ئاستێکی باڵاوە.

**گەشت و پێناسین**

**یەکەمین ڕایەڵەی نێوانی من و سەلام محەممەد**

3

سەلام لە شیعری گەشت و پێناسیندا سەرەتا بە گوێسوانەی مزگەوتی یاخیبوونەوە هەڵدەواسرێت، پاشان دەبێت بە شەیتان و بە دوای گۆڕستانێکی بێ مردوودا دەگەڕێت. وێڵی دوای پێغەمبەرێکە تەختی خوایەکی نیشان دات ڕاپۆرتەکانی وەرگرێت، سەلام لەو شیعرەدا تفەنگێکی پێیە دەیکات بە بورکان و تەپوتۆزی دەریای سپی پێ

دەشواتەوە، تفەنگەکەی فیشەکی تێدا نییە داوا لە ئاشتیخوازەکان دەکات فیشەکێکی بدەنێ. ئەگەر کەمێک وردبینەوە: هاتنەدەرەوە لە وێنەی فریشتە و خۆ بەشەیتانکردن و گەڕان بە دوای گۆڕستانی بێ مردوو و هەڵوەدابوون بە دوای پێغەمبەر و خوادا و کۆکردنەوەی مزگەوت و یاخیبوون پێکەوە و قسەکردن لە تفەنگێک تەپوتۆز بشواتەوە و چاوەڕوانیکردنی فیشەک لە ئاشتیخوازان، ئیشکردنێکی شاعیرانەیە لەسەر کۆمەڵێک پاردۆکس و هاودژ و پێچەوانە، کە لە دەرەوەی زمانێکی شیعریی و بەبێ بەخشینی وەزیفەی تازە بە وشەکان و بەبێ دۆزینەوەی پەیوەندی نوێ لە نێوان وشەکاندا، ڕوو نادات. جگە لەوە کۆمەڵێک دەستەواژەی شیعریی لەو دەقەدا هەن کە تا ڕادەیەکی باش تینوێتی ئەو کاتەی سەلام محەمەدمان بۆ دۆزینەوەی زمانێکی تازەی دەبڕین و خۆجیاکردنەوە لە زمانی شاعیرانی دیکە، بۆ ڕوون دەکەنەوە. لە وانە: گۆڕی بومەلەرزەی ڕووداو، بازووی پەست، شاخەوانی توڕە، نارنجۆکی ناوەوە، شەقامی دۆزەخ، لێوی هەنگاو، بیابانی چاو، بیابانی یاسا، مەیتی هەتاو، گۆڕی هیوا و ...هتد. بەراوردکردنی ئەم دەستەواژە شیعرییانە لەگەڵ زمانی نوسینی گۆراندا بە ئاشکرا پێمان دەڵێت ئێمە لە قۆناغی گۆران پەڕیوینەتەوە و لە قۆناغێکی جیاوازداین. ئەو زمانە و چواندن و میتافۆرەکانی لەگەڵ شاعیرانی هاوسەردەمی سەلامیشدا تا ڕادەیەک جیاوازی هەیە. دوای بینینی ئەو ژمارەیەی گۆڤاری بەیان ئیدی هەر شیعر و نوسینێکی سەلام محەمەدم ببینایە بە عەشق و تاسە و تینوێتییەکی زۆرەوە دەمخوێندەوە. لە کۆتایی هەشتاکاندا دیوانی (دەمەو ئێواران دەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە) ی سەلام محەمەد چاپ کرا و بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە کڕیم و بە تاسە و تینوێتییەکی گەورەوە خوێندمەوە. لەو دیوانەدا وێڕای خۆڕسکێتی و سادەیی لە دەربڕین و هەڵقوڵینی بەردەوامی هەستی گەرموگوڕ، کێش و ئاهەنگ و سەمای وشەکانیش کاریگەریی گەورە لەسەر خوێنەر جێدەهێڵن. تەنانەت ناونیشانی دیوانەکە و زۆرێک لە ناونیشانی شیعرەکانیش لەو کێش و ئاهەنگ و سەمای وشانە بێبەش نین.

ئەحلام مەنسور

بێگومان مرۆڤە مەزنەکان هیچیان بە تەواوی لەیەک ناچن، بەڵام دەتوانین بڵێین هەموویان لە خاڵێکدا یەک دەگرنەوە، خاڵێک هەیە هەموو مرۆڤە مەزنەکان لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە. ڕاستە دووری و نزیکی ئەو کەسانە

لەو خاڵەوە وەک یەک نییە و جیاوازی ئاشکرای هەیە، بەڵام ئەوەیش ڕاستە کە دواجار هەموویان لە دەوری ئەو خاڵە کۆدەبنەوە. ئەو خاڵەیش ئازایەتییە. ئازایەتی بە هەموو جۆرەکانییەوە. دەتوانم بە واتایەکی دیکە بڵێم: مەزنێتی هەمیشە بە یەکێک لە ڕێگاکانی ئازایەتییدا تێدەپەڕێت. مرۆڤ بۆ ئەوەی مەزن بێت، بەر لە هەر شت دەبێت ئازایەتی ئەوەی تێدا بێت خەون بەو نازناوەوە ببینێت و وەریبگرێت و بیپارێزێت و باجەکانی بدات. ئەحلام مەنسور یەکێک لە مرۆڤە مەزنەکانی ئێمە بوو، کە ئازایەتی تیایدا لە خەسڵەتە هەر دیارەکان بوو. ئەو هەم لە نوسین و هەم لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا کەسێکی ئازا بوو. ئازایەتی ئەوەی تێدا بوو وەک خۆی چۆن هەیە ئاوا ببینرێت. لە پشتی هیچ ماسک و دەمامکێکەوە دەموچاوی خۆی نەدەشاردەوە. ئازایەتی ئەوەی تێدا بوو بە دڵی خۆی خەون ببینێت و بە زمانی خۆی خەونەکانی دەرببڕێت و لەوەش نەترسێت لەسەر خەونەکانی بەردەبارن بکرێت. ئەو ئازایەتی ئەوەی تێدا بوو لە کۆمەڵگایەکدا کە ژن، تەنانەت جلوبەرگەکەیشی لەلایەن کەسوکار و دەوروبەرەوە دیاری دەکرێت، خۆی هەموو شتەکان بۆ خۆی دیاری بکات. ئەو لە بری ڕازیکردنی کۆمەڵگە سەرقاڵی رازیکردنی تاکایەتی خۆی بوو. لای ئەو تاک لەوە گەورەتر بوو کۆمەڵ ڕەوایەتی پێ ببەخشێ و جۆری ژیانی بۆ دیاری بکات. ئەو تا سەر ئێسقان خۆی بوو، وەک خۆی ژیا و وەک خۆیشی مرد. ڕەنگە ئەوەی ئەو کردی، بۆ ئەمڕۆ ئازایەتییەکی گەورە نەبوویێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە بۆ رۆژگاری حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکانی کۆمەڵگای کوردی ئازایەتییەکی گەورە بوو. ئەوەی لە ئەحلامدا زۆر جوان بووە، ئەوە بووە لە پاڵ ئەو ئازایەتییەدا، میهرەبانییەکی گەورەیشی تێدا بووە، ئەوانەی لە نزیکەوە ناسیویانە ئەو گەواهیەی بۆ دەدەن کە زوو هەستی دایکایەتی بە مرۆڤ بەخشیووە، ئەگەر وەک کەسێکیش بیری نەکردبێتەوە، لێی نەشاردۆتەوە، بەڵام نەیهێشتووە ئەو هەستی دایکایەتییەی تێدا بمرێت کە پێی بەخشیووە .

**شیعری کورت و**

**)ئەزموون)ەکەی نەژاد عەزیز سورمێ**

**) تاڤگەی مەند) دیوانێکی شیعریی (نەژاد عەزیز سورمێ) یە و لە ساڵی 1987 دا چاپ بووە. لەو دیوانەدا بەشێک بە ناوی (ئەزموون) ەوە جیا کراوەتەوە کە (23) شیعری کورتی لەخۆ گرتووە، دەمەوێت لێرەدا چەند سەرنجێکی خێرا سەبارەت بەو شیعرانە پێشکەش بکەم، بەو هیوایەی لە دەرفەتێکی گونجاوتردا بگەڕێمەوە سەریان و بە وردی قسەیان لە بارەوە بکەم. نەژاد لە پێشەکی ئەو شیعرە کورتانەدا نوسیویەتی: ((ئەم هۆنراوانە دەگونجێ لەگەڵ تاقی کردنەوەی دی وەک (پۆستەرە شیعر) و شێوازی وەک (هایکۆ (haiku -وە پێلۆز بکرێ..من بۆ ڕوون کردنەوە دەڵێم: هیچ کامیان نین بەقەد ئەوەی هەوڵدانێکە لە کێشانی چەند تابلۆیێک بەهۆیێکی دیکەی دەربڕن..)). ئەوەی لەو شیعرانەدا سەرنجڕاکێشە کورتییەکەیان نییە بە تەنها. چونکە شیعری کورت لە ئەدەبیاتی ئێمەدا تازە نییە، چوارینەکانی (باباتاهیر) زیاتر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر نوسراون. لە ئەدەبیاتی کلاسیکییدا چوارین و تاکبەیتمان هەیە. شاعیرانی دواتریش زۆرینەیان، لێرە و لەوێ شیعری کورتیان نوسیووە.وەک نامیلکەی سەربەخۆیش (کامەران موکری) لە ساڵی**

**1958دا (گوڵاڵە سوورە) ی چاپ کردووە کە سەرجەم چوارین و شیعری کورتن. (شێرکۆ بێکەس) یش لە ساڵی 1978 دا (کازیوە) ی بڵاو کردۆتەوە کە سەرجەم شیعری کورتن. بێگومان بەرهەمی دیکەش هەن کە باسکردنیان لێرەدا پێویست نییە. ئەوەی ئەو شیعرانەی نەژاد لە شیعرە کورتەکانی پێش خۆیان جیا دەکاتەوە ئیقاع و جۆری دەربڕین و زمانە شیعرییەکەیان و ناڕاستەوخۆییەکەیان و کەڵکوەرگرتنیانە لە هونەری شێوەکاریی. لەو شیعرانەدا قوڵتر و تۆختر لە هەوڵەکانی پێشووی شاعیرانی کورد، وشە ڕۆڵی ڕەنگ دەبینێت. لەو شیعرانەدا شاعیر بە گەرمی خەریکی وێنەکێشانە بە وشە. هەر چەند ئەو شیعرانە تەنها (23) شیعرن، بەڵام بە بڕوای من بەشی ئەوە دەکەن نەژاد وەک یەکێک لە پێشەنگەکانی ئەو جۆرە شیعرە بناسێنن کە (شێرکۆ بێکەس) ناوی (پۆستەر) و (زاهیر ڕۆژبەیانی) ناوی (مایکرۆ) و (میناتۆر) و (هاشم سەراج) ناوی (نانۆ) و زۆر کەسیش بە هەڵە ناوی (هایکۆ)یان لێناون. بڕوانن نەژاد چەند جوان بە وشە وێنە دەکێشێ: ((کۆلکە دارێکی قەراخ ڕووبار/ ژنێکی ڕاکشاوە))، ((پۆلێ گەڵای سەوز/ بە هەوادا دەفڕن./ باران نم نم دەبارێ/ دنیا بەرگی سپێدەی لەبەردایە.))، ((چیاییێک خەریکە دەڕمێ/ چەند دەستێ سنگی خۆیان داوەتە بەر و ناهێڵن./ چەند دەستێ ناهێڵن چیایەک بڕمێ.((**

)لازۆ) لە بەرزاییەکانی عیشقدا

)شازادەی کۆشکی ڕەش) کۆمەڵەشیعرێکی (لازۆ)یە و 2013 لە لایەن دەزگای (چاپ و پەخشی سەردەم)ەوە چاپ کراوە. دوای خوێندنەوەی ئەو کۆمەڵەشیعرە یەکەمین خاڵێک کە سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوە بوو (لازۆ) بە ئازایەتی و ڕاشکاوییەکی زۆرەوە لە بەرزاییەکانی عیشقەوە تەماشای دنیا و شتەکانی کردووە و هەستەکانی خۆی لەگەڵ شیعردا ئاوێتە کردووە. ئەم شیعرانە پێمان دەڵێن یەکێک لەو ڕێیانەی کە دەتوانن مرۆڤ دابگیرسێنن و هێزی ئەوەشی پێبدەن ئەو داگیرسانەی خۆی لە ناو زماندا دووبارە بکاتەوە، گەیشتنە بە بەرزاییەکانی عیشق. هەموو مرۆڤەکان، ئەگەر یەکلایەنەیش بێت بە شێوەیەک لە شێوەکان بەریەککەوتنیان لەگەڵ عیشق دەبێت، بەڵام بێگومان ئەوانەی دەگەنە بەرزاییەکانی عیشق هەموو مرۆڤەکان نین. بەرزاییەکانی عیشق شوێنی تەقاندنەوەی خەیاڵەکانی مرۆڤن. لە بەرزاییەکانی عیشقدا هەستەکانی مرۆڤ دەگۆڕێن، لەوێ مرۆڤ جۆرێکی دیکە شتەکان دەبینێت، جوانییەکان زۆر ڕوونتر لەوەی کە لە خوارەوە بینراون، دەچریسکێنەوە. لە بەرزاییەکانی عیشقدا ژن و پیاوەکان هەر کراس لەبەری یەک داناکەنن ((پێستیش لەبەری یەک دادەکەنن)). ئەوەی وا دەکات ژنێک هەست بکات (( مەمکەکانی نازی جوانی بەسەر خڕێتی میوەکانی دنیادا دەکەن))، گەیشتنە بە بەرزاییەکانی عیشق. ئەوەی خەیاڵ بە ژنێک دەبەخشێت هەست بکات ((تووڵ-ی سەبەتەی میوەکان لە تاو خڕێتی مەمکەکانی چرۆ دەردەکەنەوە)) ڕوانینە لەو بەرزاییانەوە. عیشق لە بەرزاییەکاندا نەفرەتە، نەفرەتێکی شیرین، کە هەرگیز لە مرۆڤ نابێتەوە. ڕەنگە لە هەندێ باردا و لە ڕووکاردا و لە خەیاڵی عاشقەکان خۆیشیاندا شتێک بێتە پێشەوە کە وابنوێنێ بۆی هەیە ئەو نەفرەتە شیرینە کۆتایی بێت، بەڵام لە ڕاستییدا وا نییە. عیشق لە بەرزاییەکاندا ئەگەر لە (نێوان)ی دوو عاشقەکەشدا بمرێت لە (ناویان)دا نامرێت. ئەو نەفرەتە وا دەکات ((بۆنی عارەقەی پیاوەکان لە پێستی ژنەکان بێت))، لەوێشەوە ببێت بە بەشێک لە یادەروەییان و ئیدی بۆ هەتاهەتایی لە ناویاندا بمێنێتەوە. ئەو ژنانە با هەوڵیش بدەن لەو بۆنە ڕابکەن، بەڵام ناتوانن، بەخۆیان بزانن یان نا، بۆ هەر شوێنێک بڕۆن، ئەو

بۆنە لەگەڵ خۆیان دەبەن. مرۆڤ لە هەر شتێک هەڵبێت ناتوانێت لە یادەوەریی خۆی هەڵبێت. ئەو نەفرەتە لە ڕێی ((بۆنی ژێرکراسەکانی ژن))ەوە دەڕژێتە ناو ڕوحی پیاوەوە و ئیدی ناهێڵێت بحەوێتەوە.

**گوڵجاڕێکی دیکەی شیعر**

))نە با دێت نە شەماڵ/ نە دەرگا کراوەتەوە، نە پەنجەرە/ بەڵام پەردەکان دەجوڵێن/ چوارچێوەی وێنەکان بریقە دەدەنەوە و/ بۆنێکی خۆشیش بڵاو بووەتەوە/ نا، خەیاڵات نییە/ بە دڵنیاییەوە تۆ لە جێگایەکی دوور لێرە/خەریکی سندوقی بچوکی بیرەوەرییەکان پاک دەکەیتەوە))، ئەمە یەکێک لە شیعرەکانی ڕەزا کازمی شاعیری ئێرانە کە من دەمەوێت لەم گۆشەیەدا بە کورتی چەند سەرنجێکی لەبارەوە دەر ببڕم. لە شیعری ڕەزا کازمییدا دوو خاڵ زۆر بە زوویی سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن، یەکەم: ئەو بە پلەیەکی باڵا شاعیری ناو بیرەوەرییەکانە. دووەم: لە کۆکردنەوەی سادەیی و قوڵاییدا پێکەوە، خاوەنی توانایەکی تایبەتە. لەو شاعیرانەیە کە دوای خوێندنەوەی دەقەکانی هەست دەکەیت کەسێک هاتۆتە ناو ماڵی خەون و خەیاڵەکانتەوە و بە هێمنی دەستکاری ماڵەکەی کردوویت، شوێنی هەندێ وێنە و کتێب و هەندێ گوڵ و گوڵدان و فەرش و مێز و شتی دیکەی گۆڕیووە و دەستکاری هەندێ ڕەنگی ناو ماڵەکەی کردوویت و گوڵاوێکی بەسەر شتەکاندا ڕشتووە کە تۆ پێشتر یان ئەو گوڵاوەت نەناسیووە، یان وەک پێویست نەتتوانیووە بۆنەکەی هەڵمژیت. دەنگی مۆسیقایەکی خەمناک دەبیستی کە پێشتر بەو جۆرە نەتبیستوە، مۆسیقایەک زیاتر لەلاواندنەوەی مەرگی خۆشەویستێک دەچێت کە باخەوانی ڕاستەقینەی ئەو گوڵجاڕی شیعرە بووە وا خەڵک ڕەزا کازمی بە باخەوانی دەزانن. هەڵبەت دەبێت ئەوە بڵێم کە من فارسی نازانم، ڕەزا کازمی لە ڕێی وەرگێڕانەکانی مەریوان هەڵەبجەییەوە دەناسم، بۆیە لە دڵەوە سوپاسی ئەم وەرگێڕە ئازیزە

**دەکەم کە بە سەخاوەتێکی زۆرەوە دەستمان دەگرێت و دەمانباتە ناو گوڵجارە جوانەکانی شیعری فارسییەوە، ئەگەر مەریوان نەبوایە خوا دەیزانێ من و زۆر کەسی دیکەی وەک من کەی ئەم شاعیرەمان دەناسی؟ مەریوان جگە لەوەی شیعر دەناسێت و جوانیان هەڵدەبژێرێ جوانیشیان دەکات بە کوردی، بە گەرمی دەستی ماندووبوونی ئەم وەرگێڕە ئازیزە دەگوشم و چاوەکانی ماچ دەکەم و هیوای بەردەوامی بۆ دەخوازم. ئەمەش نمونەیەکی دیکە لە شیعری ڕەزا کازمی بە وەرگێڕانی مەریوان هەڵەبجەیی، ((چەندین ساڵە ڕۆشتوویت و من/ هێشتا دەلەرزم/ ڕێک وەک لقی دارێک کە چەند سات‌ێک پێشتر/ باڵندەکەی لەسەر فڕی بێت.((**

**چیرۆکی ژنێک لە شیعرەکانی ڕەزا کازمییدا**

**حیکایەت، یان گێڕانەوە لە ژیانی مرۆڤدا یەکێک لە دیارترین و چێژبەخشترین دیاردەکانە، زۆر جار تام و چێژی ئەو شتانەی لە ژیانماندا ڕوو دەدەن چەند لە خۆیاندان، دوو ئەوەندە یان زیاتر لە گێڕانەوەیاندان، بە تایبەت گێڕانەوەیان بۆ ئەو کەسانەی کە زۆرمان خۆش دەوێن. ڕاستە شیعر چیرۆک نییە، بەڵام زۆرینەی شیعرەکانی دنیا لە قوڵایی خۆیاندا چیرۆکێک یان زیاتریان حەشار داوە. شیعر بە شێوازی خۆی چیرۆک دەگێڕێتەوە. لە شیعرەکانی ڕەزا کازمییدا، چیرۆکی مردنی ژنێک کە پێدەچێت شاژنی ناو خەونەکانی شاعیر بووبێت، بە پرش و بڵاوی دەبینرێت. لە پرش و بڵاوی مەبەستم ئەوەیە لەم شیعردا بەشێک و لەو شیعردا بەشێکی دی لەو چیرۆکە هەیە. ئەگەر ئەو بەشانە وەک پارچەکانی وێنەیەکی دڕاو تەماشا بکەین و بە وردی پێکیانەوە بلکێنینەوە، دەتوانین تا ڕادەیەک لە وێنەکە، حاڵی بین. دەشێت ئەو ژنە بە ڕاستی بوونی هەبووبێت، هەروەک ئەوەش دەشێت دروستکراوێکی شیعریی بێت، ئەوەی ئێمە لە بارەیەوە دەدوێین ئەوەیە ژنێک لە ناو ئەو شیعرانەدا پەیدا دەبێت و**

دەڕوات و کۆمەڵێک بیرەوەری لە دوای خۆی جێدێڵێت. ئەو چیرۆکە بە کەسێک هەبوو کەسێک نەبوو دەست پێدەکات، بە کەسێک مایەوە و کەسێک نەمایەوە کۆتایی پێدێت. بە داخەوە ئەو ژنە دەمرێت، ئەو ژنە دەکەوێتە ژێر هەموو داروپەردووەکانی دنیاوە، شاعیر بۆ ئەو و بە دوای ئەودا بەسەر هەموو گۆڕە بێناوەکانی دنیادا دەگری، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا، ناتوانێت دەستبەرداری خەونی گەڕانەوەی بێت: ((ئیدی ناگەڕێتەوە،/ ئەمە وەک ڕۆژ ڕوونە./ بەڵام،/ بەڵام دایە دڵی خەبەری داوە دێت و/ منیش باوەڕ دەکەم)).. شاعیر بۆ مەراسیمی بە خاکسپاردنەکەشی ناچێت، چونکە دڵی بڕوا نادات مردبێت. دەترسێت بڕوا بە مردنی ئەو ژنە بهێنێت، چونکە بەبێ ئەو زەوی هیچ بایەخێکی بۆ ئەم نامێنێ: ((چ جیاوازییەکی هەیە زەوی/ خڕ بێت یان لاکێشە/ کاتێک تۆ/ لە هیچ کوێدا نیت؟!)). دواجار ئەوەی بۆی دەمێنێتەوە باوەشکردنیەتی بە بیرەوەرییەکاندا، ئەوەتا کاتێک بەفر دەبارێت خەڵک دڵخۆش دەبن، ئەم غەمگین دەبێت، چونکە بەفر شوێن پێکانی دەسڕێتەوە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بوو کە لە گۆشەی پێشوودا وتم ڕەزا کازمی شاعیری بیرەوەرییەکانە.